دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

٨ لاپەرە
نرخی
٢٥ فلسە

# هاوكاری

لە
دارالحریة
چاپ ئەكرێ

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوكاری چاپ و بلاو كردنەوەی
كوردی دەرئەچێت

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٧٧) ٢٥/٧-١/٨/١٩٧٥

# تیژكردنەوەی خەبات دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرست لە خوارووی ئەفەریقا

## سەرۆك سادات ستایشی دەوری عیراق ئەكات لە جەنگی تشرین دا

سـر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو هەڤاڵ میشیل عەفلەق پێشـەوای دامەزرێنەر ، بەغـدای بەجێ هێشت ، ودایی ئەوەی بۆ چەند ڕۆژێك بەسەردان هاتبوو ، وە لەلایەن هەڤالان شبلي العيسمي جێگری ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالستی عـەرەب و دكتور زيد حيدر و دكتور الياس فرح ئەندامانی سەركردایەتی نەتەوەیی و چەند هەڤالێك لـە لێپرسراوانی مەكاتبی سەركردایەتی نەتەوەیی و بەرێز بەڕێوەبەری تەشریفاتی گشتی بەرێ كرا ٠

ئا٠د٠ع

### لەسەر داخوازی مامۆستا صدام حسین نیو ملیۆن دۆلار بۆ فراوان كردنی مەزاری ئیمام ڕضا تەرخان كراوە

لەسەر داواكاری مامۆسـتا صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سـەركردایەتی شۆڕش چەكێكی نیو ملیـون دۆلار درا بە ئوسـتان داری مەشهەد بۆ فراوان كـردنی مەزاری ئیمام رضا درودیخوای لەسەر بێ ٠

وە كاك مدحت ابراهیم جمعه بالیوزی عیراق لە تاران ئـەو چەكەی داوە بە ئوسـتانداری مەشهەد ٠ وەهەر لەسـەر داخوازی بەرێز مامۆستا صدام حسین چەكێكی تری ٢٠ هەزار دۆلار دراوە بە مجەورو پاسەوانەكانی مەزارەكە ٠

ئەوەی شایانی باسە مامۆستا صدام حسین لەكـاتی سەردانەكەی ئیراندا لە ٢٩ی نیسان تاوەكـو ١ی ئایاری ڕابوردوو سەری لە پارێزگـەی مەشهەد دابوو ٠

ئا٠د٠ع

### سەرۆك سادات ستایشی دەوری عیراق ئەكات لە جەنگی تشرین دا

**قاهیرە ٢٣-٧ ئا٠د٠ع :-**

سەرۆك انور سادات ستایشی دەوری عیراقی كرد لە جەنگی تشرین دا لەگەڵ ئەو دەورەی لەشكری عیراق لەبەری ڕۆژئاوادا گیراویەتی ٠

**وە لە وەڵامی پرسیارێكدا كە ڕۆژی ٢٣-٧ لـە كۆنگرەی گشتی یەكێتی سۆشیالیستی عەرەب دەربارەی دەوری وڵاتانی عەرەب لـە جەنگی تشرین دا لێی كرا وتی :-**

فرۆكەكانی عیراق دلیرانە شان بەشانی هێزەكانی عەرەب بەشدار بوون بۆ هێرش بردنە سـەر بنكەومەلبەندەكانی سەهیونی دوژمن ٠

وە عیراقی برا ملیونێك تەن نەوتی دابە میسر سـەرەڕای بەشدار بوونی لـە پرۆژەی ئاوەدان كردنەوەو پرۆژەی تری دوو قۆڵی عیراق و میسر ٠

سادات لـەكۆتاییدا وتی : گەورەترین دەسكەوتەكـانی شەڕی تشـرین دژی دوژمن یەكگرتن و هاوكاری گـەلانی عەرەب بوو بە باشترین شێوە

لە لایەكی ترەوە سـەرۆك سادات بە پێشـنیازێك ڕازی بووە كە پێشـكەش كرا بوو دەربارەی سـەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی بەسەر كۆماری میسر ٠

### مامۆستا عزیز شریف گەڕایەوە بەغدا

شەوی ٢٣-٧ مامۆستا عزیز شریف وەزیری دەوڵـەت سكرتێری گشتی ئەنجـومەنی ئاشتی و هاوكاری كۆمـاری عیراق دوای سەردانەكـەی ئەسیناو نیقۆسیا كە هەفتەیەكی خایاند گەڕایەوە بۆ بەغدا ٠

مامۆستا عزیز شریف لەگەڵ وەفدێكی ئەنجومەنی ئاشـتی دنیاو بـە ناوی ڕێكخراوی هاوكاری گەلانی ئاسـیاو ئەفەریقاو ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوكاری سەریان لـە یونان دا بۆ دەربرینی پشتگیری كردنی خەباتی هێزە نیشتمانی و دیموكراتیەكان دژی پەیمانی زووروی ئەتلەنتیك و بنكەكانی كە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی گەلانی ناوچەكە ئەكەن ٠٠ وە لەكاتی ئەوسەردانەدا ئەندامانی لیژنەیەكی جیهـانی هاوكاری كردن لەگەڵی قبرص هەڵبژێـران و عیراقیش بە ئەندامی ئەم لیژنەیە دانرا ٠

ئا٠د٠ع

### ناڕەزایی دەربڕین دژی بەرگرتنی ئاوی فورات

جەماوەری كرێكـارانی پارێزگەی « ذی‌قار » بەڵێنیان بۆ سەركردایەتی حیـزب و شۆڕش نوێ كردەوە كـە بەردەوام بن لەسەر كاركردن و تەقەللادان لە پێناو جێبەجێ كردنی نەخشـەكانی شۆڕش و بەرنامەی پەرەپێـدانی ٠٠ وە لەبروسكەیەكدا كە بۆ سەرۆكی فەرماندە كاك احمـد حسن بكریان ناردوە تیایدا بەتوند ناڕەزایی خۆیانیـان دەربڕیوە دژی هەڵویستەكانی ڕژێمـی سوریا دەربارەی بەرگرتنی ئاوی فورات ٠ ئەمـەش تەواوی بروسكەكەیە :

ئیمە ئیمڕۆكە لەبەرامبەر ئەو دەسكەوتە پێشكەوتنخوازانـەی شۆڕشی نەتەوەیی وسوشـیالیستی ١٧ی تەمـووز بەدی هێناون بو گەلەكەمان بەڵێنتان بۆ نوێ ئەكەینەوە كە جوامێرانە ڕوو بە ڕووی هەموو نەخشـەو پیلانەكانی ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستان ببین كە دژی وڵاتەكەمان سازی ئەكەن ٠ وەبەتوندی ناڕەزایی دەرئەبڕین دژی ئـەو كارە نامرۆڤایەتی و نانەتەوەییانەی ڕژێمی سوریا ئەیـكات ئەو ڕژێمەی كە لە بیروباوەڕی نەتەوەیی وبزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی عەرەب لایداوەو ئەوكارە ناڕەوایەی كردویـەتی خزمەتی زایونیزم و ئیمپریالیزم ئەكات ٠ ڕژێمی سوریا كـە بەری ئاوی فوراتی گرتوە بـۆ ماوەیەكی دوورو درێژ هەڕەشە لەژیانی ٣ ملیون و ٥٠٠ هـەزار جوتیار ئەكات و ئەمەشی گەورەترین تاوانە دژی گـەلی عەرەب ئەیكات ٠

لەم قۆناغە ناسكەی ژیـانی نەتەوەی عەرەبمان دا شۆرشـە نەتەوەیی وسوشیالیستیەكەمان دەورە كاریگەر وجوامێرەكەی بۆ مێژوو سـاغ كردەوە دەربارەی بنیات نانی كۆمەڵێكی سوشیالیستی و جێگیر كـردنی بیروباوەرە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازەكەی وڕێبازە پێشـكەوتن خوازە شۆرشگێری یەكەی ٠

ئیمەكاتی ئەیسەلمێنین كـە شـۆڕش و دەسكەوتەكانی ئەپارێزین ساغی ئەكەینەوە كە چینی كرێكاران بەتوانـاو لێ هاتوون بۆ كاركردن و پشتگیری كردنی شۆڕش و جێبەجێ كردنی ئەو ئەركە مێژوییەی كەوتۆتـە سەرشانیان بۆ خزمـەت كردنی گەل و بەدی هێنانی ئامانجەكانی شۆڕش و نەخشەی پەرەپیدان و بنیات نانی كۆمەڵێكی یەكگرتووی سوشیالیستیی ٠

ئا٠د٠ع

### كۆمەڵی هەرەوەزەكان لە سلیمانی

وەزارەتی كاروباری كۆمەلایەتی داوای لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی هەرەوەزكاری كردوە كـە چی پێویستە بیكات بۆ جێبەجێ كردنی داواكارییەكەی كۆمەلەی هەرەوەزكاری كوردستان لـە پارێزگەی سلیمانی ٠

داواكارییەكەش بریتییـە لەوەی كە ئەو پارەیـەی بۆ كۆمەڵەهەرەوەزكاری و نیشتەجی كردنی فەرمانبەرانی میـری تەرخان كراوە ئەم كۆمەلەیەش بگرێتەوە ٠

### توند كردنی خەبات دژی ڕژێمی خوارووی ئەفریقا

سالزبوری : یونایتـد پرێس :-

ڕۆژی ٢٣-٧ لـە شاری سالزبوری بلاوكرایەوە كـە نزیكەی ١٠٠ قوتابی ئەفەریقایی قوتابخانەكانیان بەجێ هێشتووە بەرەو چـەند ناوچەیەكی دوور كەوتونەتەرێ ٠٠ وەقسەكەرەوەیەكی رەسمیش وتویـە : هەفتەی ڕابوردوو ٢٥٠ قوتابی تر لە ڕۆدیسیا وازیان لە خوێندن هینـاوەو بەرەو ناوچەیەكی نەناسراو رۆیشتون ٠

ئاژانسەكە ئەڵێ ئەم هەنگاوەی ئەو قوتابیانە لەكاتێكدا یە كە بانگی بەرپاكردنی شـەڕی پارتیزانی دژی رژێمی رەگەزپەرستی رودیسیا لـە برەو پەرەسەندنایە ٠ وەوتویـە : خەڵكی لەو باوەڕەدان كـە ئەوقوتابییانە چـونەتە ریزی بزوتنەوەی بەرگـری دژی رژێمی ئەیان سمیت ، بەتایبەتی دوای ئەوەی هاوولاتیـانی ئەفەریقا بریاریان داوە كـە لەشكرێكی گەورە دابمەزرێنن بۆ بەگژا چوونی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەكە ٠

### بەیاننامەیەكی گرنگی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لوبنان دا

بیروت : ئا٠د٠ع :

پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لـە لوبنان ئەوەی سەلماندوە كە شەڕەكەی ( كفر كلا ) لە خوارووی لوبنان ساغی كردەوە جەماوەری نیشـتمان پەروەر گەیشتوە رادەیـەكی بەهیزی خۆ ڕاگرتن و بەرپـەچ دانەوەی دەسـت درێژیەكانی سەهیونی دوژمنـداو پەرەپێ دانێكی ستراتیژی شـەڕی ( طیبە ) یە كـە لاوانی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لەو شەڕەداو لـە ( كفر شۆبا )دا! هەما پاڵەوانیان نواند ٠ دیسان ئەوسەركەوتن و ئازایەتیـە نیشانەیەكی تر پەردەلادانە لـە ڕووی هەڵویستی مـل كەچی و بێمەڵامەتی ڕژێمی لوبنـان لەماسەلەی بەرگری كـردن لەخوارووی وڵاتدا ٠

بەیاننامەكەی پارتی بەعسی كەشەوی چوارشەممەی ڕابوردوو لـە بەیروت بڵاوی كردەوە ئەڵێ : ئازایەتی جەماوەر لەبەرپەچ دانەوەی دەست درێژیەكەی سەهیونی دوژمندا بۆسـەر ( كفر كلا ) ئەوەشی ساغ كردەوە كە بەرگری كردن لە ناوچـەی خوارووو وەنەبێ شـتێكی « موستەحیل » بێـت هەروەك دام و دەزگای ترسنۆكی لوبنـان ئەیەوێ وای لە خەڵكی خوارووو بگەیەنێ ٠

دیسان ئەڵێ : ئەوانـەی ئەمڕۆ لە ( كفر كلا ) دوژمنیـان شكاندو بەسەر شۆڕی ڕاویـان نا ، هەرئەو پاڵەوانەی كەدوێنێ بەئازایەتی خۆڕاگرتنیان پیلانی كۆنەپەرستیان پێشێل كرد ٠

بەیاننامەكـەی بەعسی داوای كردوە كـە خەڵكی خوارووو ، ئەوانەی كەبەرگری ئازایانـە لەوڵات ئەكەن ، چەكدار بكرێن و لە جیاتی ئەوەش چەك لـەو كەسانە بسێنرێتەوە كە بـە مەبەستی خێـلایەتی بەكاری ئەهێنن ٠

دیسان ئەوەی سەلماندوە كـە ڕێكخستنی ئیشوكار لە نێـوان بزوتنەوەی ڕزگاریخـوازی فەلەستین و هێزەكانی بەرگـری میللی و سوپادا بۆ بەرگری كردن لـە خوارووی لوبنـان زۆر پێویستە ٠

### سەرلەنوێ ئالۆز بوونەوەی دۆخی لوبنان

**بیروت : ئا٠د٠ع :**

ڕۆژی ٢٣-٧ سـەر لەنوێ دۆخی چەند شەقام و ناوچەیەكی بیروت ئالۆز بۆوەو چەنـد چەكداریك هاتنەوە سـەر شەقامەكان بەتایبەتی لەناوچەی (الغربیە) و شەقامی ( كورنیشی مزرعە ) و مەیدانی ٢٣ی نیسان و ئێستاكەش دۆخی ئەو ناوچانە سەرلەنوێ بەرەو گرژبوونەوە ئەچێ !

لەلایەكی ترەوە سـەنگەر لەسەر شەقامەكان دروسـت كراوەتەوەو تەقو تۆق دەستی پێ كردۆتـەوە ٠٠٠ بـەڵام بڕیاروایە كە ئەم شـەقامانە بكرێنەوەو چەكدارەكان لاببرین و ئەم سەنگەرانەش تێـك بدرێن ؟!

### سلاوێك لە شۆڕشی ٢٣ ی یۆلیۆ

گەلی كۆڵ نەدەرو قارەمانی عیراق ، ڕۆڵـە ئازاو دلێرەكانی شۆڕشی ١٤ و١٧ی گەلاوێژ لە كانگای دڵیانەوە بەوپەڕی خۆشییەوە دەست بـە سنگەوە ئەگرن و بـە چاوێكی ڕێزەوەو زۆر بەگەرمییەوە یادی بیرەوەری نەمری شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ ئەكەنەوە ، ئەو شۆڕشەی كـە گەلی میسری خەباتگێڕی لـە دۆخ و باری دەسـەلاتدارو فەرمانڕەوای ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتییەوە بردە قۆناغ و پلەیەكی نوێ ، كە سەربەستی نیشتمانی و ئازادی گـەلی هێنایە دی ، یاسای پاشـایەتی فاروق و دام و دەزگا رزیوەكەی ڕوخاند و بانگی دانانی سیستەمی جمهـوری ڕاهێشت ، وە دەرگای داخراوی پێشكەوتن و بە ختیاری و وریابونەوەی خستە سەر گازی پشت ٠

گەلی میسر لەم ڕۆژو بارە نوێیەدا ئەركی مێژوویی خۆی گرتە ئەستۆ ، بە هەنگاوی گەورە سنگی ئەنا بـەو پێشەوەو بە هەموو توانایەوە ئالای بەرزی تێكۆشانی دژی ئیمپریالیزم و نۆكەرانی بەرز كردەوە ٠٠٠ قوربانی لەسەر قوربانی پێشكەش ئەكرد بۆ ئەوەی بگاتە ئاواتی پیرۆزی خۆی و بەری تێكۆشانی سالەهای خەباتی بخوا ٠

شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ گـەلێ دەسكەوتی بەنرخی دایەدەست گەل لەسەرو گشتیانەوە یاسـای چاككردنی كشتوكاڵ بوو كە گۆڕانێكی گەورەو گورزێكی گران بوو دای بە مۆرەگی پشتی دەرەبەگایەتیدا وە جوتیـارانی میسری لەخەوی هەزار ساڵە ڕاپەڕاند و خستیە سەر ڕێبازی كاروانی خەباتی بێ پشودان ، بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن زەوی و زارو ئاو و بەختیاری بەدی بهێنێت ٠

شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ دەسەلاتی نیشتمانی هێنـایە كایەوەو گەلی میسری خستە ڕیزی هەموو گەلـە ئازادی خوازەكانی جیهان ، لەشكری بێگانەی بێ ڕەزای سالەهای سالی داگیركەری بەریتانیای دەركرد ، احتكاری چـەك كرینی شكاند ٠٠ ئاگرێكی بێئامانی ئەوتۆی بەرپاكـرد لە ئاستی ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستیدا كـە هەرگیزاو هەرگیز گرو كڵپەی نەكوژێتەوە ٠٠ بە تەواوەتی گـەلی میسری خستە پاڵ دەوڵەت و گەلە سەر بەخۆكانی جیهان و تێكۆشانی لەگەڵ تێكۆشانی بێوچانی هەموو گـەلانی خەباتگێری جیهاندا بەسـت و گرێدا دژی یاسـای ڕوتاندنەوەو چەوساندنەوەو ئیمپریالیزم لە پێناو ئاشتی و هێمنی جێگیر كردن لە جیهاندا ٠

بەراستی گەلانی عەرەب و گەلانی ژێر دەسـتەو زۆرلێكراو هەرگیز قارەمانیەتی ڕۆڵەكانی میسریان لەیـاد ناچێ لەپورسەعیدا كـە بەزەبری بازوی پۆڵایینیان و بەپشتگیری گەلانی جیهان ئیمپریالیزمیان بە چۆكا هێنا ٠ وە جارێكی تر پیشانیان دایەوە كە « گەلێكی بچوكی وەك گەلی میسری پشت بەخـۆ بەستو لـە توانایدا هەیە ئیمپریالیزم ببەزێنێ و بەسەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیـاو فەرەنسادا سەركەوێ » ٠

هەروەكو لەشەڕی ئوكتـوبەردا جارێكی تریش جەنگاوەرانی میسر ئەو ڕاستییەیان ساغ كردەوە كـە ئەتوانن بەگژ ئیمپریالیزمدا بچن و ئەوتەلیسمی ئەفسانەیە بشكێنن كە گوایا لەشكری زایۆنیزم هەرگیز نابەزێ ٠ وە تۆڵەی ڕۆژی ٥ی حوزەیران بسەننەوە ، وە توانـای هێزێك بدات بە گەلانی عەرەب و پێشمەرگەكانی فەلەستین كە زیاتر بجـوڵێنەوەو لەپێنـاو مافی ڕەوای عەرەبدا بجەنگن ٠

شۆڕشی ٢٣ی یولیۆ لەمەیانی نیشتمانی و پیشـەسازیدا گەلێ هەنگاوی نارەگی ژیانی ئیمپریالیزمی گرت و بانگی میللی كردنی كەنالی سوێسی دا و بەیەكجاری ڕەگ و ڕیشەی ئابوری هەڵتەكاند ٠ وەگەلی كرد بە خاوەنی مافی ڕەوای خۆی وەگیانی بە هێز بوو وریا بونەوەو نیشـتمان پەروەرێتی بە یەكجاری كرد بە ئالای گەلی میسردا ئەمڕۆش گەلی عیراق لەسایەی شـۆرشی ١٧ی گەلاوێژەوەو بـە سەركردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب خـۆی كرد بە شورەیەكی بەرزی قایم بۆ گەلی میسرو گـەلانی عەرەب و هەمیشە هەرچی لە تواناداهەبێت و چی لـە وزە دابێت ئەیكات بۆ پشت گرتنی ڕۆڵەكانی شۆڕشی ٢٣ی یولیو ، بۆ لە ناوبردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و بۆیەكێتی عەرەب و بۆ پشت گیری كردنی دەستخسـتنەوەی خاكی زەوت كراوی فەلەستین لە چنگ زایۆنیزمەكان ٠

هەزار سلاوی خەبات كەری ڕۆڵـەی عیراقی ١٧ی تەمووز لە ڕۆڵەی شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ ٠

با هەر شەكاوە بێـت ئالای پیرۆزی شۆڕشی ٢٣ی یولیۆ

Institut kurde de paris

# کێ ئاگری کێشەی هیندستانی خۆش کرد؟

بێستون

کوماری هیندستان لە چەند « ویلایەت » پیک هاتووە کە هەریەکە حکومەتی ناخۆی خۆی هەیەو هەموویان بە حکومەتی مەرکەزییەوە بەستراون کە ناوەندی لە « دەلهی »یە · هەروەک ئەو کۆمارە کراوە بە چەند ویلایەت ، دانیشتوانیشی لە باری سیاسییەوە کراون بە سێ بەش ، ئەو سێ بەشە هەر یەکە دەستەڵاتی لە ویلایەتێک ، یان چەند ویلایەتدا هەیە · بەشی یەکەم بەرەی « پارتی موئتەمەری هیندستان »ە کە بەشی هەرە زۆری چەپڕەون و لەگەڵ بەرەی « سیبەر راج نارین » کە بریتین لە پارتە پێشکەوتووەکان دەستی یەکتر دەگرن و دەستەڵاتی هەموو کۆماری هیندسانی بە دەستەوەیە ·

بەشی دووەم بەرەی « جاناتای گەلی » بە سەرۆکایەتی « موراجی دیسای » · ئەم بەرەیە بریتین لە پێنج پارتی کۆنەپەرست کە سەر بە ئەمریکان ودوژمنی ریژیمی پێشکەوتووی ئەمرۆی هیندستان و بنکەی گشتییان لە ویلایەتی « کوجارات »ە و دەستیان لە ویلایەتی « بیهار »و « بەنگال »ی رۆژ ئاواش دا هەیە ·

بەشی سێیەم پارتی کومونیستی هیندستانە کە لە گەلێک خاڵی پڕ بایەخ وەک پاریزگاری لە سەربەخۆیی ولات و خۆماڵی کردنی کارگەو کومپانیای سەرمایەدارانی ناوخۆ وبیگانەو هتد · لەگەڵ ریژیمی هیندستان دایە پشتی ئەگری ، بەتایبەتی لە هێرشێکی وەک ئەمرۆی کۆنەپەرستاندا · ئەمانیش ویلایەتی « کیوالا » یان بە دەستەوەیە ·

## موراجی دیسای کێیە ؟

جێگری سەروک وەزیری کۆن و سەرۆکی کەرتی جیابووەوەی بەرەی کۆنەپەرستان و یەکەم دوژمنی خاتو « ئەندیرا »یە · خاتو ئەندیرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەسەر شانۆی سیاسەت دەری کردو لە ولات دووری خستەوە · بەڵام دوای ئەوەی ماوەی دوورکەوتنەوەی تەواو بوو ، گەڕایەوەو بوو بە سەرۆکی « بەرەی جاناتای گەلی » کۆنەپەرستو کەوتە دوژمنایەتی کردنی حکومەتی مەرکەزی ·

## بەرەی جاناتای گەلی چیە ؟

درندەترین و بەناوبانگترین پارتی ئەم بەرەیە پارتی « سواتنشرا »یە کە لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت و سەرمایەدارە گەورەکان دەربەگەکانەوە بەڕێوە دەچێ · دیسان پارتی « جانا سانگ » کە دروشمی تیرەگەری و نەتەوایەتی رەگەز پەرستییە وپێوەندییەکی زۆری بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە هەیە ·

کە وابوو شتیکی دوور نیە ئەگەر دادگای « ئەللا ئاباد » کە لە ژێر دەستی قازی « سینها »ی سەر بە بەرەی « جاناتای گەلی » دایەتاوانی ئەوە بداتە پاڵ خاتو ئەندیرا کە گۆیا کاربەدەستە بەرزەکانی ویلایەتی « ئوتار بردایش »ی هان داوە لە هەڵبژاردنی ١٩٧١دا سەرکەوێ · چونکە ئەگەر ئاوڕێک لە رووداوەکانی سالی رابردووی ویلایەتی « کوجارات » بدەینەوە دەبینین دیپلوماتەکانی ئەمریکایی لە کاتی کارەساتەکەدا بۆ خۆش کردنی ئاگری ئاژاوە چوونە شاری « ئەحمەد ئاباد » وویلایەتی « کوجارات » وپارەیەکی زۆریان دایە بەردەستی سەروکەکانی « جانا سانگ » ·

کۆنەپەرستی هیندستان بە پشت ئەستووری « پینتاگون » لە هێندێک شوێنی لاوازی ریژیمی خاتو ئەندیرا کەلک وەردەکرێ و دەیەوێ بەزەبر لێ وەشاندنی جۆر بەجۆر ئەو ریژیمە بڕووخێنێ · کونەپەرستی هیندستان لە رێگای کوشتنی پیاوە سیاسییە بەرزە نیشتمانییەکان و زیان خستن لە کارگەو کومپانیاو دەرگا میرییەکان و تەقاندنی نارنجۆک و بڵاوکردنەوە پروپاگاندی کۆنەپەرستانە ، بۆ لاوازکردنی ریژیمی نیشتمانیی و دیموکراتیکی هیندستان ئاژاوە دەنێتەوەو دەیەوێ ئەو ریژیمە بڕووخێنێ · ئاژاوە نانەوەی کۆنەپەرستی لەلایەن بەرەی « جاناتای گەلی » بە سەرۆکایەتی « دیسای »و بە یارمەتی « پینتاگۆن »ەوە بەڕێوە دەچوو ·

ئەمرۆ کە بەشی زۆری خەڵکی هیندستان بۆ پشتگیری لە ریژیمی پێشکەوتووی هیندستان کەوتونەتە خۆ حوکومەتی بە هیندستان لەلایەن گەلانی جیهانی سێیەم بەگشتی وخەڵکی عیراق بەتایبەتی پشتیوانی لێ دەکرێ ، ئەوە ناکەیەنێ کە سەروک وەزیرو « پارتی موئتەمەر »ی هیندستان لە بەرامبەر ئەم ئاژاوەدا پێویستییان بە هیچ هەنگاویکی ناوخۆ نیە · پێویستە ئەو « بارونات »و ئەو کاربەدەستانەی بە زۆر باردا یاری دەکەن و خەریکی گیرفان پڕکردن و بەرتیل وەرگرتنن ، لە نێو دەزگای حکوومەتدا پاک بکاتەوە ، یاسای چارەسەر کردنی کشتوکاڵ کە تا ئەمرۆ بەڕێوە نەچووە جێبەجێ بکاو بە توندی لەو دەستانەبدا کە تەگەرەدەخەنە ڕێگای ، چاری برسییەتی و رەش ورووتی خەڵکی هیندستان بکا ، نەک وایان لێ بکا باوەشی بەرەی « جاناتای گەلی » بە خۆشتر بزانن و دروشمی رووخاندنی حکومەت هەڵبگرن · هەروەها ڕێگای سیاسەتی « توازن القوی » بخاتە ئەولاوە وخۆی بەتەواوی ساغ بکاتەوە · ئەو ریژیمانەش کە خۆیان ساخ ناکەنەوە وسیاسەتی خاوو خلیچک و پشت گوێ خستنی راستی دەگرنەبەر ، نەک هەر تووشی کارەساتی وەک خاتو ئەندیرا دەبن بگرە لە گەڵێک وڵاتی وەک شیلی بەرەو رووخان دەڕۆن ومیللەتەکەشیان لە گۆمی خوێن هەڵدەکێشن · لەبەر ئەوە لە کارەساتی ئەم دوایییەی هیندستاندا کە حکومەت توانیویە ژمارەیەکی زۆر کۆنەپەرست دەست بەسەر بکا ، ئەگەر ئەم راستییانەی لە سەرەوە لەبەرچاو نەگیرین ریژیمی نیشتمانی خاتو ئەندیرا بە تەواوی لە مەترسی رزگاری نابێ ·

**سەرچاوەکان :**

١ - گوڤاری بیروت المساء ژمارە ٨٥ ·

٢ - رۆژنامەی « الثورە » ژمارە ٢١١٣ ·

# خاسیەتی وڵاتانی دنیای سێیەم

**عبدالله علی رشید**

پاش شەڕی دووەمی جیهانیو رووخانی فاشیزم چەند وڵاتێک لە ژێر دەستەڵاتی کولونیالیزم رزگاریان بوو · ئەمەش بوو بە هۆی پەیدابوونی بەرەی وڵاتانی دنیای سێیەمو بەرەبەرە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا بوو بە پارسەنگێکی گەورە · ئەو بەرەیە لە نزیکەی سەد وڵات پیک هاتبوو وچەند خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبوو · وڵاتانی قارەی ئەفریقیا بێجگە لە « کۆماری خوارووی ئەفریقیا » ، لە بەرە وڵاتانی دنیای سێیەم دان · لە وڵاتانی ئاسیا تەنیا « چین و ڤێتنام و کوریا » لە نێو ئەو بەرەیەدا نین · وڵاتانی ئەمریکای « لاتینیش بێجگە لە « کوبا » بە وڵاتانی دنیای سێیەم دادەندرێن ·

وڵاتانی دنیای سێیەم ئەو وڵاتانەن کە سیستەمی ئابووریان نەگەیشتۆتە ئەورادەیەی بتوانن بە شێوەیەکی زانستی کەڵک لە سەرچاوە سروشتییەکانو کەرستەی خاوی خۆیان وەربگرنو چار سەرکردن وگەشەپێ دانی ئابووری خۆیان بخەنە ناو قالبێکی زانستییانەو پێوەندییەکی ( عضوی ) لە نێوان گشت کەرتەکانی ئابووریدا بخوڵقێنن جگە لەمەش ئەو وڵاتانە لە باری کۆمەڵایەتیو روشنبیرییەوە دواکەوتوون ، ئەمەش لە ئەنجامی ژێرچەپۆکیو دەست بەسەر داگیرانی ئەو وڵاتانەیە لە لایەن دەستەڵاتی کولونیالیزمەوە کە بۆتە هۆی ئەو دواکەوتوییە · دواکەوتوویی وڵاتانی دنیای سێیەم بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەم هۆیانەیە :

١ - زۆربەی وڵاتانی دنیای سێیەم بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە ژێر باری سیستەمی کولونیالیزم دابوون · مەسەلەی گەشەکردنی ئابووریو کۆمەڵایەتییش پێوەندی بە بەسترانەوەی ئەو وڵاتانەوە هەیە بە سیستەمی کولونیالیزم ·

٢ - پاشماوەی سیستەمی کولونیالیزم لەو وڵاتانەدا بۆتە پێشکەوتن · ماکی دواکەوتوویی و تەکەرەی

٣ - تەرکیبی کۆمەڵایەتیو چینایەتی ئەو وڵاتانە ، ئەویش ئەمەیە لە چینی سەرمایەداری وچینی پرۆلیتاریا لەو وڵاتانەدا لاوازەو تا ئیستاش سیستەمی دەرەبەگیو نیمچە دەرەبەگی وەک پێوەندییەکی تەقلیدی کۆمەڵ هەرماوەتەوە ·

٤ - هەیکەلی ئابووری ناتەواوە وپلەی بەرهەم هێنان نزمە ·

٥ - ئابووری ئەو وڵاتانە زۆر لە سەرخۆ گەشەدەکاو زۆربوونی دانیشتوان خێرا دەچێتە سەر · جگە لەوەش ئابووری ئەو وڵاتانە شێوەی « تبعیە »ی هەیە · زوربەی ئەو وڵاتانە لەباری سەرچاوەی سروشتیو کەرستەی خاو دەوڵەمەندن · بەشێکی زۆر لە داهاتی نەتەوایەتی ئەو وڵاتانە لە کەرستەی خاوو پێک دێ ، وەک نەوتو قاوە · بناخەی بەشێکی گرنگ لە بازرگانی دەرەوە لەسەر ئەم کەرستە خاوە دادەمەزرێ · دیارە تەواوی وڵاتانی دنیای سێیەم لە باری کەرستەی خاوو سەرچاوەی سروشتییەوە وەک یەک دەوڵەمەندنین · تەرکیبی ئابووری ئەووڵاتانە بەم شێوەیە : سەدی ٦٠ کشتوکاڵ سەدی ١٥ پیشەسازیو سەدی ٢٥ ( خدمات ) ·

تەرکیبی ئابووری وڵاتە پێشکەوتوەکان بەم شێوەیە : سەدی ٤٥ پیشەسازی ، سەدی ١٠ کشتوکاڵو سەدی ٤٥ ( خدمات ) ·

بەرهەم هێنانی وڵاتانی دنیای سێیەم سەدی ٨٥ لە کشتوکاڵو سەدی ١٥ لە پیشەسازی « تحویلیە » پێک دێ ·

رادەی بەرهەم هێنان پێوانەیەکی سەرەکییە بۆ دەس نیشان کردنی وڵاتە پێشکەوتووەکانو وڵاتە دواکەوتووەکان · ئەگەر سەرنجێک بدەینە وڵاتە دواکەوتووەکان ، دەبینین رادەی دواکەوتنیان یەکسان نیە :

١ - وڵاتە کشتوکاڵییە پیشەسازییەکان کە پلەی پیشە سازی « تحویلی »یان زیاتر تێدا پێشکەوتووە تا پیشەسازی قورسو دەکرێ لەم بارەیەشەوە بە خێرایی پێش بەون · وەک « ئەرژەنتین ، بەرازیل ، مەکسیک ، هیندستان » ·

٢ - وڵاتانی کشتوکاڵی کە پیشەسازی « تحویلی »یان ئەمێک پێش کەوتووەو لە پیشە سازی سووک پێداویستەکانی ناوخۆیییان دابین دەکەن · وەک « عیراق سوریا ، شیلی ، فیلیپین » ·

٣ - وڵاتانی کشتوکاڵی کە بۆ دامەزراندنی پیشە سازی پێشکەوتوو ئیعتیماد دەکەنە سەر کەرستەی خاوی ناوخۆو بەشێکیش بۆ دەرەوە دەنێرن · وەک « مالیزیا ، ئەندەنوسیا ، لیبریا » ·

٤ - وڵاتانی زۆر دواکەوتووی کشتوکاڵی کە بەتەواوی ئیعتیماد دەکەنە سەر کشتوکاڵو پیشە سازی سووکیان بەدەستەوەیە · وەک وڵاتانی ئەفریقیای ئیستیوایی ، یەمەن ، لاوس ، نیپال ووڵاتانی ئەمریکای ناوەراست ·

لێرەدا دەردەکەوێ ئەگەر بمانەوێ لە هۆیەکانی دواکەوتوویی وپێشکەوتنی ئەو وڵاتانە بکۆڵینەوە ، پێویستە بچینە بنج وبناوانی باری مێژوویی و کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی ئەو وڵاتانە · بە شێوەیەکی دروستو لەسەر شێوازی تەکنولوژی نوێ دایڕێژینە ناو بەرنامەیەکی زانستییانە · ئەمەش لە وناری داهاتوودا ساغ دەکەینەوە ·

**سەرچاوەکان :**

١ - التنمية الاقتصادية في بلدان العالم الثالث : « جيرالد ماير »

٢ - محاضرات : الدكتور عبدالعزيز القطيعي ·

٣ - كتاب الاقتصادي ·

٤ - التخطيط والتنمية : شارل بتلهايم ·

# رۆناکی

ئازاد

● مەرحەلەی وەدی هاتنی شۆڕش دوو کاری دەست نیشان کردو خۆی لە بەردەم دووکاری گەورەدا ئەدی یەکەم چاک کردنی لایەنەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموزو بەردەوامی لە ریبازی نیشتمانیدا ، لەو شوێنەوە کە شورشی ١٤ی تەموزی تیادا وەستا بوو دووهەم دەست نیشان کردنی مەرحەلەی تیا شکاندنی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ی هێنایە پێش ·

ئەم دوو هۆیە پێویستی بە کارێکی شۆڕشگیرانەو دانانی پلانێکی ئیستراتیژی راست گۆ دەکرد ·

● بە درێژی ئەو ریبازە شۆڕشگیریەی ١٧و ٣٠ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ ، زۆر بەڵگەی زانستیانە هەیە کە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئەم شۆڕشە بە چاوێکی دوور بین و روون وئاشکراوە دەروانێتە · بەگوێرەی ئەوزنجیرە دەست کەوتەی عیراق بینیویتی کە ئەویش دروست کردنی عیراقێکی دیموکراسی پێشکەوتن خوازی سوشیالیستییە ، قوڵیی و وردبینی شورشگریانەیە کە ئەم سەرکردایەتییە سیاسییە بلندە کاتەوە بۆ نەخشە کێشانو سەرکردایەتی لە عیراقدا ·

ئەم هەموو دەستکەوتە گرنگو گەورانەی وەدەست خراون ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم سەرکردە سیاسییە شایەنی ئەوەن وڵات بەرەو بەرێوەو بەراستی سەرکردایەتیە کی مێژوویین ·

بروانە ل ٧

## باوکی دلێر

گەلی عیراقمان ئاهەنگی جەژنەکانی تەموزی ئەمەر دەگێڕیت ، ئەگەر ئاهەنگ گێرانمانی توانـاو وزەی تێکۆشانی گەلەکەمان دەرخات ، لە لایەنێکی ترەوە ، هەردوو شۆڕشی تەموز خواستو مەرامی جەماوەری خەباتگێرمان نیشان دەدات ·

شـۆڕشی چواردەی تەموز توانی رژێمی پاشایەتی لە ناو بەرێتو ئازادیەکی سیاسی دوای چەند هەنگاوێکی روون ئاشکرا بێنێتەدی وەک دەرچوون لە پەیمانی بەغداو رزگار کردنی پارەی وڵات لە ژێر دەسەڵاتی ئەسترلینیدا ·

وە سەرەرای ئەو شتانەش چەند هەنگاوێکی نیشتمان پەروەرانەی تری ناوەک نەهێشتنی دەرەبەگایەتی ·

وە ئەگەرچی شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بە هۆی بیرکردنەوەیەکی دیکتاتوریانەی تاک رەوەوە لەریباز لایداو بەوە لەرەوتی نیشتمان پەروەرانە وەستا بەڵام خەباتی گەلی عیراق لەپێناوی بەردەوامی رویشتن بەو ریبازە نیشتمان پەروەریەدا ، هەمیشە بەردەوام بووە لەخەباتی شورشگیرانەی خۆی دا تا لە١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ دا گەورەترین سەرکەوتنی شۆڕشگیرانەی وەدەست هێنا ، بە بەرپاکردنی شۆڕشی ١٧ی تەموز خواستێکی شۆڕشگیرانەی جەماوەر بوو لە ژێر سەرکردایەتیەکی سیاسی لێهاتووی شارەزای پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستدا وەدی هات ·

# پیلانەکانی سیا رۆژ بە رۆژ پتر دەردەکەون

سیروان ئامادەی کردووە

گۆڤاری « نیوزویک » چاپی ئەمریکا لە ژمارەکانی ئەم دوایییەی خۆیدا وتاریکی لە بارەی نەخشەی « سیا » بۆ کوشتنی فیدل کاسترو بلاو کردۆتەوە کە ناوەرۆکی خوێن مژیو پیاوکوژی ئەو ریکخراوە جاسووسییە دەردەخا · گۆڤاری « نیوزویک » دەنووسێ :

« پێنج مانگ لەمەوبەر ، کاتێک نیلسون راکفلر یاریدەدەری سەرکۆماری ئەمریکا بوو بە سەرۆکی لێکۆڵینەوەی کاروباری « سیا » وەدەستی بەکارکرد ، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی بریتی بوو لە : پرسیار ولێکۆڵینەوە لە بارەی جاسووسی کردنی ریکخراوی « سیا » لەسەر خەڵکی ئەمریکاو دەست تێوەردان لە کاروباری نێو خۆی ئەمریکادا · بەڵام پاشان کومیسیونی هەشت کەسی راکفلر مەسەلەیەکی گرنگتریشی لە ئەرکەکەی خۆی زیاد کرد · ئەویش بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەی نەخشەی سیا لە بارەی کوشتنی ڤیدل کاسترو سەرەک وەزیری کوبا و چەند کەسی تر لە رابەرانی وڵاتانی بیگانە · لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا مەسەلەکە کۆن بوو وخەریک بوون پووش بەسەری کەن · بەڵام چەند هەفتە لەمەوبەر لەو بارەوە راپۆرتێک بڵاوکرایەوە باسی ئەوەی دەکرد کە داخوا بەراستی رێکخراوی جاسووسی ئەمریکا ویستوویەتی ڤیدل کاسترو بکوژێ ·

کاربەدەستێکی پایەبەرزی « سیا » گوتوویەتی : پاش کارەساتی « کەنداوی بەرازان » کەنەدی زۆر هەوڵی دەدا کە لە چنگ فیدل کاسترۆ رزگاری ببێ » · ناوبراو زۆر مەبەستی تریشی درکاندو گوتی : هیوادار بووین کە بەبێ خوێن رژێی کاسترۆ لە نێوبەرین · ئەم بڕیارەش لە لایەن کۆڕە بەرزەکانی دەوڵەتییەوە درا بوو · بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو بڕیارە « سیا » تەنیا نەبوو · وەزارەتی شەڕو وەزارەتی دەرەوش دەستیان لەو پیلانەدا هەبوو ·

رۆژنامەی « نیویورک تایمز » لەم دوایییەدا نووسیبووی : کومیسیونی لێکۆڵینەوەی راکفلر ، دەستی نووسی « ئیدگار هوور » سەرۆکی پێشووی ئیدارەی جاسووسی ئەمریکای وەدەست هێناو کە لەوێدا پەردە لە سەر نەخشەی کوشتنی فیدل کاسترو لادراوە · « ئیدگار هوور » نووسیویە : لە پێوەندی « سالواتور جیانکانا » لەگەڵ ریکخراوی « سیا » لە پێش شورشی کوبادا سەری سوورماوە · ناوبراو دەنووسێ : لە سەردەمی سەرۆک ئیزنهاویردا بەو کارەساتە رووی داوە ، بەڵام ساڵی ١٩٦١ پاش رووداوی « کەنداوی بەرازان » خەریک بوون جێبەجێی بکەن ·

دەوڵەتی کەنەدی ئەو دەم نەخشەیەکی بە ناوی « قازەکانی من » بۆ کوشتنی فیدل کاسترو کێشا · لە سەرەتاوە رۆژی ١٠ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٢ هیندێک لە دانەرانی ئەم نەخشەیە لەگەڵ هێندێک لە کاربەدەستە بەرزەکانی دەوڵەتی کەنەدی وەک روبرت مەکنامارا وەزیری شەر ، دین راسک وەزیری دەرەوە ، جان مەک کان سەرۆکی ریکخراوی سیا ، مەک جۆرج باندی راویژکەری ئەمنییەتی میللی کەنەدی کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا ·

کاربەدەستێکی تری شارەزا لەم دوایییەدا کارەساتی نەخشەی دژی کاستروی دەرخستو کوتی لانیکەم لە دوو کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٦٢ ئاگادارە · ئەودەم دەنوترا کە ئەو پیلانە بە هاوکاری پینتاگون ( وەزارەتی شەڕی ئەمریکا ) جێبەجێ دەکرێ · بۆ تێ خزانی رووخەکانی کوبا لە چەند پاپۆڕی هێزی دەریایی ئەمریکا کەڵک وەردەگیرێ · « جوزیف کالفانو » کە ئەو دەم کاربەدەستیکی پایە بەرزی وەزارەتی شەڕی ئەمریکا بوو ، پاشان بوو بە هاوکاری نیزیکی پریزدینت جونسون ، لەو کارەساتەدا دەستی هەبووە · کالیفانۆ حاشای لە بەشدار بوونی خۆی لە نەخشەی کوشتنی کاسترودا کرد ، بەڵام گوتی بە هێندێک پیلان وئاژاوەی تر دەوڵەتی دژی کوبا ئاگادار بووە ·

مەسەلەی نەخشەی « سیا » بو کوشتنی فیدل کاسترو وچەند رابەری تری وڵاتانی بێگانە کاتێک دەرکەوت کە « ویلیام کلبی » سەرۆکی ئێستای ریکخراوی سیا لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی کومیتەی کونگریسی ئەمریکادا قسەی کرد · « فرانک چرچ » سەرۆکی ئەو کومیتەیە ، لە بارەی قسەکانی « ویلیام کلبی » هیچی نەگوت ، بەڵام گوتی لە بیستنی قسەکانی ئەو سەری سوورماوە · ناوبراو گوتی بەراستی شوورەیییە کە کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەمریکا لە نەخشەی پیاو کوشتندا بەشدار بێ ·

لە واشنگتون « ئیدوارد. ج. لانسدیل » ژەنەڕالی لێکەوتووی ئەمریکایی رایگەیاند کە بە فەرمانی سەرۆک کەنەدی ، بۆ لابردنی فیدل کاسترۆ لەهەر ڕێگایەکەوەبێ ، نەخشەی کێشاوە · ناوبراو گوتی ئەو نەخشەیە کوشتنی کاسترو ، یان کودیتای دژی ئەوی لە تێدابوە · سەرۆک کە نەدی لە ڕێگایەکی تایبەتییەوە فەرمانەکانی خۆی بۆ ئەو دەنارد · « لانسدیل » گوتی لە ساڵی ١٩٦٢وە کاتێک کە ئەمریکا هەستی بەوە کرد کاسترو ساروخی سوڤیتی بۆ کوبا هێناوە ، ئەو دەستی بە هەڵسووران کردوە · « لانسدیل » نیزیکەی ٢٠ ساڵ وەک کاربەدەستێکی پایە بەرزی دەوڵەتی ئەمریکا ، لە کاروباری خەبات دژی جووڵانەوەی کومونیستی لە فیلیپین و ڤیتنام داکاری کردوە · ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ چۆتە ڤیتنامی خوارو ، نیزیکەی ١٤ ساڵ لەو وڵاتە بووە · دەڵێن چیرۆکی « ئەمریکای دزێو » نووسراوی سەرهەنگ « هیلاندیل » لەو وەرگیراوە ·

*◎*

Institut kurde de paris

## وتەی لاپەڕە

**لەم ئەلقەیەشدا چەند پارچـەیەكی بەرهەمی هەندێ لە نووسەرە تازە كارەكانمان ئەخەینە بەرچاو ، لەگـــەل هیوای گەشـــە كردنی زیاتریاندا •**

**( ئەدەب و ژین )**

**★ لە هەولێرەوە كاك ئیسماعیل سـەبید ئەنوەر بەرزنجەیی كورتە چیرۆكێكی بۆ ناردووین بە ناوو نیشانی ( ئەشت ) • وا لێرەدا بلاوی ئەكەینەوە :**

هەر كە مامۆستا هاتە پۆلەوە ، ئێمەی قوتابی تێكڕا بەرزەوێ ڕاست بووینەوە •

— ڕۆژباش مامۆستای بەڕێز !

مامۆستا بێ‌ئەوەی ورتەی لە دەمەوە بێت دەستی هەلبڕی ، واتە دانیشنەوە • پاش وەستانێكی كورت چوو بە لای تەختە ڕەشـــەكەی دیوارەكەوە ، پەڕە قاقەزێكی سپی‌ی لە گیرفانی هێنایە دەرەوەو ، ڕووی تێ كردین :

— كێتان حەزی لـــە سەیرانە با ناوی خـــۆی بلێ • سبەینێ ئەچین بۆ ( ••••• ) بۆ سەیران •

هەر كە مامۆستا لە قســـەكانی بوەوە ، زوربەی قوتابی‌یەكان ناوی خۆیانیان نووسی • شایانی باســـە ئەركی سەیرانەكە بۆ هەر یەكی دوو دینار بوو • منیش لە جێگەی خۆما كەوتمە دەریایەكی لێكدانەوەی قوول •

— منیش قوتابیم ••

— منیش حەز لە سەیران ئەكەم ••

لەم دەریای لێكدانەوەیەدا هێشتاپەلم ئەهاویشت كە زەنگی قوتابخانە لێیدا • هەمـــوو قوتابی‌یەكان بەرەو مالەوە گەڕانەوە •

لە خۆشی‌یاندا پێیان نەئەكەوتە زەوی •• سبەینێ یەكێكیان مریشكی سوورەوە كراوو یەكێكی‌كەیان دۆلمەو یەكێكی‌تر شتێكی‌كەی پێیە ••

یەكێك لە ئاوەلەكانم ڕووی تێ‌كردم :

— تۆش وەرە لەگەلمان •• دوو دینـــار چی‌یە ؟ جێگای خۆش ئەبینین •• مامۆستا نەی‌وت ئەوی گەشت زۆر بكات لەشی پتەوو دلی شادو ژیانی بەختیار ئەبێ ؟

بە ڕێگاشدا هەروەك مەلەوانێكی ناشارەزا هەر لە دەریای لێكدانەوەدا بیـــرم ئەهاویشـــت •• هۆڕنی ئۆتۆمۆبیلێك نەیهێنامایەتەوە هۆشی خـــۆم لەوانە بوو شتێكم لێ بهاتایە ••

ئێوارە زۆر زوو خەو ڕای‌پێچام ••• هەر كە چوومە ناو جێگاكەم ، خەو چاوەڕوانم بوو لـــە باوەشی خۆی گرتم •• لـــە خەوما ئەوا ئۆتۆمۆبیلێكی قەشـــەنگ ڕازاوەتەوە ، هاوڕێكانم هەموو جلی سەیرانیان لەبـــەر كردووەو بە چـــەپلە ڕێزان‌و گۆرانی وتن خـــەریكن سەرئەكەون ••

خۆم كرد بەناویانا ، ویستم بچمە ئۆتۆمۆبیلەكەوە •• لەپڕ لە زرمەی شەپازللەی مامۆستام بە خەبەر هاتم ئەیوت : هەتیوی چەپەل ! ئەتەوێ ساختەمان لێ بكەی ، بێ پارە بێیت بۆ سەیران •• كوا ناوت لە لیستەكەدا ؟

كە سەرم هەلبڕی تەماشا ئەكەم دایكمـــە بە دەنگە ناسكە خەمبارەكەیەوە بەسەر سەرمەوە وەستاوە ، ئەلێ :

— كاوە •• كاوە •• ڕۆلە •• بۆ ئەوەندە خەوت قورسە •• ئەمڕۆ هەینی‌یە •• زووكە هەستە چایەكـــەت بخۆو لەگەل باوكت بڕۆ بۆ مەیدان بەلكو ئەمە خوایـــە كارێكتان دەسگیر ببێ ••

*⊙*

★ كاك خەبات عەبدولكەریمیش لـــە كورتـــە چیرۆكێكی ئێجـــگار كورتا بە ناوو نیشانی ( واتـــای وشەیەك ) ئەلێ :

هەرچەند شەقامەكە قەرە بالغ بوو ، چاوم لـــە نازاران زیاتر ، بڕی كەسێ‌تری نەدەكرد • دوو ئاوەلەكەی تەنیشتم باسی كۆل‌نەدان‌و چەوساندنەوەو شتی‌وایـــان ئەكرد كە من حەزم نەئەكرد گوێی لێ بگـــرم • لەپڕ جلەكانی كیژۆلەیەك ئەندێشەمی خســـتە گێژاوەوە • هەولمدا دوای كەوم • وز لەم سەر ئێشەیە بێنم ، بەلام دوو برادەرە زۆر بلێ كەم بە قســـە كردن دەربارەی ئەوكەسەی باری كۆمەلایەتی‌و ئابووری‌ی لا داوە - دیلە ، نەیانهێشت كارە گرنگەكەم بەجێ‌بێنم •

كەوتمەوە ڕێ •• هەولم ئەدا ئەو وتانەی دەربارەی كۆمەل ئەكران ، هیچ گۆشەیەك لە گۆشەكانی كاســـەی سەرم پڕ نەكەنەوە ••

ئەمە من‌و ئەوە ئەوان ••

تا لەپڕ پیرێكی پشت كۆماوم بینی دەســـتی پـــان كردبووەوەم دی بە جۆری ڕۆیشتن‌و ئەو جلەی لەبەریا بوو باری سەرنجی بەتەواوی ڕاكێشام •• لە دەنگی ئـــەو ڕاچنیم كە وتی :

— براكان •• ئیفتادەم ••

هەرچەند چەند سال بوو لەگەل ئەو برادەرانـــەم هاوڕێ بووم‌و هەمـــوو ڕۆژی بابەتی كۆمەلایەتیـــم لێ ئەبیستن ، بەلام تا ئەوكاتە نەم‌ئەزانی •• تێ نەگەیشتبووم ( ئازادی ) یەعنی چی ؟

*⊙*

★ كاك ڕێبواریش لـــە ( لەگەل مرۆڤـــەكانی سەردەم )یدا ئەلێ :

**شەنی تەمەن لەسەر خەرمانی مێژوو**
**ژینیش وەكو شنەی شەمال بەسەرچوو**
**هەزار سال بوو ••**
**تەمەن وەكو قەوانە سواو لە گەڕا بوو**
**دلیش هەردەم**
**پێنج نینۆكی ئاراوی تێ‌چەقیبوو**
**بۆیە تۆیش زوو**

بروانە ل : ٧

# چەند شتێك دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی پێشڕەو

ئەی • ڤی • لۆنا • چرسكی

**نووسیویەتی**
**كەمال میراودەلی**
**كردوویە بە كوردی**

— ١ —

ئەدەبی ئێمە بە قۆناغـــی پێگەیشتندا تێئەپەڕێت • لە ولاتی ئێمەدا ژیانێكی نــــوێ دائەمەزرێت • ئەدەبیش وا خەریكە ئەم ژیانە لە هەنـــدێ شێوەی‌دا بنوێنێ كە تائیستا دیار نەكەوتوون‌و نەچەسپاون •

دیارە ئەدەب ئەتوانێ كارێـــكی دیارتر بكات • واتە تەئسیری سیاسی‌و بەتایبەتی مەعنەوی لە ڕێڕەوی دروستكردنی ژیانێكی نوێ‌دا ببینێ •

هەرچەندە ناكۆكـــــیی چینایەتی لە ولاتی ئێمـــەدا هێنـــدەی ولاتەكانی‌تر نیـــە ، ڕابهێنن •

بەلام لەگەل ئەوەشدا ناتوانین بە ولاتێكی تەواو بێ چـــین یا ناچینایەتی‌ی دانێین • بـــوونی جیاوازی لە نێوان ئاستی پـــەرە سەندنی ئەدەبی كارگـــەری‌و ئەدەبی دێهاتێدا شتێكی ناچاری‌یە ئێمە كارێكمان بەسەر ئـــەو جیاوازی‌یەوە نی‌یە • بـــەلام ئەزانین هێشتا لە ولاتی ئێمەدا كەسانێك هەن جۆری بیـــر كردنەوەی كۆنی خۆیـــان پاراستووە :

— كۆمەلانی كـــە بـــە دیكتاتۆریەتی‌ی چینی كرێكـــار ئاشنایەتی‌یان پەیدا نەكردووە یا توانای ئەوەیان نی‌یە خۆیان تەنانەت بە بناغـــەیی‌ترین گۆڕانەكانی كۆمەلی نوێ بـــە دەستی چینـــی كرێكـــار

مل‌ملانێ لەنێوان كـــۆن‌و نوێ‌دا هێشتا درێژەی هەیـــە • دەسەلاتی ئەورووپا ، سەدەكانی ڕابوردوو ، پاشماوەكانی چینی فەرمانڕەوای پێشوو ، هەروەها دەسەلاتی بۆرژوازی‌ی نوێ كە لەئەنجامی كاری سیاســـەتی نوێی ئابـــووری ( نێپ )دا تاڕادەیەك پێگـــەیشتووە ، بە چاكی هەستیان پـــێ دەكرێت •

كاركردنی ئەم هۆیانـــە ، چ بە شێوەیەكی لەیەك دابـــڕاوو چ بە شێوەیەكی لێكدراو ، لـــە كرداروو ڕەفتاری گـــرۆوەو چینەكانی گەلدا ئـــەبینرێت • ئەبێ بزانین كە جگـــە لـــە چالاكی‌یەكانی بۆرژوا كـــە ڕاستەوخـــۆو بەئاگـــایانە دوژمنایەتی لەگەل ژیانی نوێ‌دا ئەكا ڕەگەزی دیكەش هـــەن لەوانەیە مەترسی‌ی زیاتریان لێ بكرێ‌و شكست پێ خواردنیشیان دژوارتر بـــێ • ئـــەوانەش ڕەگەزی وردە بۆرژوان • هەر لەبەر ئەمەیە جەنگی چینایـــەتی وەكو جەنگێك لەپێناوی بنیات نانی ژیانی نوێ‌دا كە نیشانەی ئامانجەكانی چینی كرێكـــاری پێوەیە ، نەك تەنها كز نەبوە ، بەلكو سەبارەت بەو هۆیانـــەی باسمان كردن توندی‌و تیژی‌ی پێشووی خویشی پاراستووەو شـــێوەی وردترو قوولتریشی گرتووەتە خۆی •

لە هەل‌و مەرجو كاتێـــكی ئاوادایە خەباتی جـــۆرە هونەری‌یەكان ، بەتایبەتـــی ئەدەب ، گرنگی‌یەكـــی زۆری هەیە • لە هەل‌و مەرجێـــكی ئاوادایە ئەدەبێ كرێـــكاران‌و جۆرەكانی پێچووی ئەو ، لەپاڵ بەرهەمە ئەدەبی‌یە ناحەزەكاندا بەدەردەكەوێ • من لێـــرەدا مەبەستم تەنها ئەو كار كـــرد ( عامل )انە نی‌یە كـــە بـــە هوشیاری‌یەوە دوژمنایـــەتی ئەكەن ، بەلكو ئەو ڕەگەزانەشە كە لە ڕێی نەبزواوی‌و ڕەش-بینی‌و تاك ڕەوی‌و شتی‌ترەوە لە بەرەی دوژمن دەژمێررێن •

— ٢ —

جا لە تێگەیشتنی ئـــەو ئەخشە گرنگەوە كە بـــەهۆی ئەدەبەوە لە هەل‌و مەرجێـــكی ئاوادا ئەتوانرێ بەدێ بهێنرێ ، ئەتوانین ئەو لێپرسراوی‌یە گەورەیەش بزانین كە ئەكەوێتە ئەستۆی ڕەخنەی زانســـتی ڕەخنەی زانستی ئەبێ بـــە تاسەو ئارەزووەوە ، لە داهێنان‌و پشتگیری‌ی ئادەمیزادی نوێ‌و شێوەی نوێی ژیانا بەشداری بكا •

— ٣ —

جیاوازی‌ی ڕەخنەی ئەدەبێ ، بە شێوەی نازە ، لەگـــەل جۆرەكانی‌تری ئەدەب ، لەوەدایە كە بە ناچاری سروشـــتێكی كۆمەل ناسانەی هەیەو دیارە مەبەستمان لێرەدا كۆمەل ناسی‌ی زانستی‌یە •

زۆر جار جیاوازی لەنێوان ئەركەكانی ڕەخنەگری ئەدەبی‌و مێژوونووسی ئەدەبدا دێتـــە پێش • ئەو جیاوازی‌یە وەكـــو مەسەلەی لێكدانەوەو شـــی كردنەوەی ئیستا یا ڕابوردوو نیشان نادرێ ، بەلكو ئەوترێ مێژوونووسی ئەدەب شـــی كردنەوەو لێكۆلینەوەیەكـــی عەینی ( مەوزووعی )ی پەیدا بوونی كردەكە دەناو شـــوێنی لە چوار چێوەی كۆمەلایەتیدا ڕوون دەداتەوە • بـــەلام ڕەخنەگری ئەدەبی یان ئـــەو كارە لە ڕووی شـــێوەوە هەلئەسەنگێنێ یان لە خراپی‌و باشی‌یەكانی ئەكۆلێتەوە • ئەچی بەلای ڕەخنەگرێكەوە لە بیر كردنەوەیەكی زانستی‌ی هەبێ ، ئەو جیاوازی‌یە ترحێـــكی ئەوتۆی نی‌یە ، چونكە ڕەگەزی بنچینەیی‌و سەرەكی لە ڕەخنەدا هەر شی كردنەوەو لێـــك دانە كۆمەلایەتی‌یەكەیە •

— ٤ —

ئاخۆ ئەم لێكۆلینـــەوەو لێكدانەوە كۆمەل — ناســـی‌یە ئەبێ بە چ جۆرێك ئەنجـــام بدرێت ؟

ڕەخنەگری پێشڕەو ژیانـــی كۆمەلایەتی وەكو زیندەوەرێـــك ئەبینێ بەش و ئەندامەكـــانی بەیەكەوە بەسترابن‌و پەیـــوەندی‌یە ماددی‌و ئابووری‌یەكان‌و گرنگتریش لە هەموویان شێوە جیاوازەكانی كار ( العمـــل ) بەحشی ئەو ژیانە كۆمەلایەتی‌یە دیاری ئەكەن • ڕەخنەگـــری ئەدەبی ئەبێ لە لێكۆلینـــەوەی یەك سەردەم ( عصر )دا هەول بدا ڕوانینێكی تێكڕایی لـــە تێگەیشتنی هەموو لایەنـــە كۆمەلایەتی‌یەكان بە دەســـت بهێنێت • بەلام كاتێ كە تەنها لە یەك نووسەر یا یەك كـــار دەكۆلێتەوە ئەوا شی كردنەوەی زرووف‌و موناسەباتی ئابـــووری پێویستی‌یەكی بنەڕەتی نی‌یـــە چونكە لێرەدا بۆ چوونـــە هەمیشە بە گرنگ دانراوەكەی پلیخانۆف دێتە ئاراوە • بەپێی ئەو بۆچوونە پەیوەندی كـــاری هونەری بە شێوەكانی هێنانـــە بەرهەمی كۆمەلێكی دیاری‌یەوە شتێكی كەم بایەخە چونـــكە ئەم پەیوەندی‌یە بە شێوەیەكـــی ڕاستەوخۆ نی‌یە ، بەلكو بوونی بە ڕێگەی پەیوەنـــدی‌یە نێوانی‌یەكانی وەك دەزگـــا چینایەتی‌یەكانی كۆمـــەل‌و سایكۆلۆژیەتی كۆمەلایەتی‌یەوەیە كە لە ئەنجامی بەرژەوەندی‌یـــە چینایەتی‌یەكانەوە پەیدا بوون • دیارە هەر كارێكی ئەدەبـــی بەئاگایانە یان بێ‌ئاگایانـــە ، سایكۆلۆژیەتی كۆمەلایەتـــی ئەو چینە دەردەخا كە نووسەر نوێنەری‌یەتی • هەرچۆنێ بـــێ ، وەك زۆر جار ڕێ‌دەكەوێ ، هەر كارێكی ئەدەبی تێـــكەلاوی چەند ڕەگەزێك عەكس دەكاتەوە كە تەئسیری چینە جیاوازەكانی كۆمەلیان لەسەر نووســـەر تیا بەدیار دەكەوێ • ئـــەم لایەنەش دەبێ بە وردی لـــێ بكۆلرێتەوە •

**— ماوێتی —**

## بۆلەمە بچكۆلەكە

**ئیبراهیم قادر**

بە بالە كورت‌و لاوازەكانی سەولە درێژەكانی بەلەمەكەی دەكێشا بە ڕووی دەریاچەكەداو لووتی بەلەمەكەی ســـنگی دەریاچەكەی شەق دەكـــردو بەربەرەكانێی لەگەل شەپۆلە بچكۆلەكاندا ئەكرد ، دلۆپـــی ئارەقی ڕووە خنجیلانەكەشـــی بلۆر ئەبۆوە خوارێ،جارجاریش وچانێكی بۆ دەگرت‌و بە دۆشاو مژەكەی ئارەقی نێوچەوانـــی دەڕژاندە دەریاچەی خەمەوە •• باوكیشی لەوسەری بەلەمەكەوە بە قولاپی خەم ڕاوی ئاواتەكانی ئەكرد • لە ناخی دەریایەكـــی بێ‌پەی‌دا ، جارجار تەلی هیـــوای بەتەكانی نائومێدی ئەلەرزایەوە دیسان دەستی ڕقی ڕائەتـــەكاندەوەو ناوچەوانی درژتـــر ئەبوو ، وەك بیەوێ ڕووی وەك ڕووی دەریاچەكە پیشان بدا ، ئەمیش بەردەوام سەولی لـــێ ئەدا •• باوكی بەرامبـــەری ئەگرت‌و كیسەو بەرماخەكـــەی دەرهێنا تا داخ‌و نیگـــەرانی‌ی بكاتەوە بە گەرووی ئاسماندا ، ڕووی دەمی كردە باوكی •

— ئەرێ باوە ، بۆ باوكـــی خۆشناو ماسی‌یەكەمان بـــە ئەرزان‌و تالان لێ دەكڕێ ؟ خۆ جاران خۆشی ماسی گر بـــوو ، هەمیشە گلەیی بوو لە ماسی گرەكانی پێشووتر •

— ڕۆلە خوا نەیبرێ هـــەر ئێمان بكڕێ ، ئیتر ئێمە چیمان ئەوێ ؟

— دەسا باوكە گیان ئـــەوەی ئەمزانی ئەگەر وابوایە ئەمزانی چیم ئەكرد ••

— چیت ئەكرد ، ڕۆلـــە ؟! ڕەنگە بتەوێ هەر بەمەی دوو سێ سال خوێندووتە خۆتمـــان لێ بكەیتە چاوساغ ؟

— ئەگەر ڕێگای ترومبیـــل دەهاتە سەر بەحرەكە ، هەموو ڕۆژێ ماسی‌یەكەی خۆمـــان‌و دراوسێكانم ئەبرد بۆ بـــازاڕی شارو لەدەستی ئەمانـــەم دەرئەكرد ، بە نرخێكی بـــاش ئەمفرۆشت ، ئەزانی ژمـــارە كۆكردنەوەو دابەشـــكردن‌و لێكدان باش ئەزانم ، كـــەس بەیئەتوانی فێل‌وفرم لێبكات ••

— ڕۆلە دانیشە ئێمە ئەبـــێ هەر وا بین ، ئەوە چەند سالـــە سامانمان ئەم سێ تـــــۆڕە شڕەو ئەم بەلەمە شـــكاوەیە ، هەر ئەلێی ئەمڕۆ دەســـتمان پێ كردووە ، ماسی‌گری دەیـــان كەسیشـــی كرد بە پیـــاو •• ئێستە تۆ چێت پێ ئەكرێ ؟!

— ئەی باوە منیش ئەزانـــم وایە ، بەلام لەمەولا ئێمە نابێ وەك ئێوە بیـــر لە ژیـــان بكەینەوە ، چونكە خۆ دان بـــە دەم گێژەلووكەوە گێژبـــوون‌و ڕێ وێل كردنی تێدایە ••

لەم گفتوگۆیەدا بوون لووتی بەلەمەكە دای لە وشكی ، وەك ئاسك قوونـــەی كردە ســـەر زەوی‌و ڕەشمەی بەلەمەكـــەی داكوتاو دەستی كرد بە ئـــاو مالكە كۆ كردنەوە ••

١٩٧٥-٦-٢٧

**ئەدەب‌و ژیان :** ئەم چیرۆكنووســـە لاوە تازەمان زمانێـــكی توانایەكی پاراووتوانایەكی باشی چیـــرۆك نووسی پێوە دیارە • هـــەر ئەوەندە چاركردنەكانیشـــی شێوەیەكی ڕاست وەربگـــرن ئیتر لەهیچی كـــــەم نابێ بۆ نموونە چاری چەوسانەوەی ماسی‌گرەكان تەنها بـــە هانی ئۆتۆمۆبیل‌و توانای ماســـی گەیاندنە بازاری شار نی‌یـــە ، چونكە لێرەو لـــەوێ هـــەر چەوساندنەوەكەیە • چـــارە ئازاد كردنی ماسی‌گـــرە لـــە شێوەیەكی تایبەتی‌ی هێنانـــە بەرهەم كـــە شـــێوەی سەرمایەداری‌یە •

## تابلۆی یادێك

**غەریب پشدەری**
**قەلادزێ**

لە چوار چێوەی تابلۆی ژینی ڕابوردووم
لە دیمەنی جوانی یادی تۆز گرتووم
لەسەر گۆڕی كورپەی ئاواتی یادم
لە قوولایی دلی سینەی ناشادم
لە پەیمانی بابردووی بێ سەرو شوێن
كە نازانم ئیستا دەستەو یەخەی كێن
لە شەونمی بەربەیان‌و ئاسۆی ڕوون
لە مێلاقەو حاجیلەو گولە بەیبوون
لە خۆشی‌ی بووكی شۆخی كۆشی بەختا
لە هەنسكی لێقەوماوی ناوەختـــا
لە ئاسۆی ڕوونی سەركەلی بەیانا
لە ئازاری ڕێگای سەختی ژیانا
لەمانەو زۆر شتی‌تریش كە ماون
لە كاروانی چۆلی بیرما جێ‌ماون
دیمەنێكی دلگیری سادەی ئەوتۆ
ئەهێنمەدی گیان بخاتە گفتوگۆ ••

كەلەپووری ئەدەبی كلاسیكمان

# پارچە شیعرێكی‌تری میرزا قادری پاوەیی

**محمد علی قەرەداغی**
**ئاردوویەتی**

میرزا قادر ئەم پارچە شیعرەی بۆ برادەرێكی نووسیوە ناوی میرزا محمدی ئاسنگەر بووە لە قەلای جوانرۆ دانیشـــتووە • ماوەیەك بووە قســـەیان پێكەوە نەبوە ، بەم شـــیعرانە ئاشتیشی كردوەتـــەوەو داواشی لێ كردووە مەقاشیكی بۆ دروســـت كات‌و پیرۆزبایی ژن هێنانیشی لێ كردووە •

میرزام بۆ وە عەشق مەیل هەر جاران
بە وەفای قەدیم مابەین یاران
بەو شەرت‌و ئیقرار چەنی لەیل كەردەت
وە گیان ئازیز تازە ئاوەردەت
وە ئارەزووی دل وە كـــام‌یاواكەت
وە دیدەی دلبەر سەول ساواكەت
وە بار خاطر خەستەی پڕ خاران
وە طوڕڕەی چین چین زولف نازاران
خەم‌زەدەی خەمان ، دەرد ئەوگارم
هەنی جێ فێشتەر مەدەر ئازارم
ماوەر وە خەیال ماجەرای مازی
مشیو مەقاشێ پەرێم بسازی
بەلام كام مەقاش ؟ ئالای مەقاشان
شیرین تەر جە ڕەنگ نەقش نەققاشان
بكێشۆ چون كێش جەذب موقناتیس
بمانۆ وە تەرح كارخانەی ئینگلیس
ساغیش جە خەیال هۆرویەردە بۆ
شەوقش جە جامان گرەو بەردەبۆ
دەرزی‌و مودبیرەو حەلقەش دیار بۆ
پەسەند مەجلیس شاەو خوونكار بۆ
ڕەقەم خۆش تەركیب سوهان كاری بۆ
دایم با جە لام یادگاری بۆ
مومتاز بۆ چون لوول دانسقەی خارا
بكیانەش پەرێم وە بێ‌مودارا
( قادر ) تا ئەوڕۆ موددەی عومرش بۆ
ئافەرین واچۆ پەی دەسكار تۆ

## چاپ كراوی نوێ

وەختی خۆی ڕۆژهەلات ناسی ئەلمانیایی ( ئۆسكار مان ) لە سالانی ١٩٠١ - ١٩٠٣ دا بـــەفەرمانی قەیسەری ئەلمانیـــا هاتووەتە ئێران‌و كوردستان‌و لە زمانی خەلكی ئـــەم ولاتانـــە كۆلیوەتەوە • كۆمەلێ تێكستی فۆلكلۆری كوردی‌ی كـــۆ كردوەتەوەو لە كتێبێكا بەناوی ( تحفەء مظفریە )وە بە تیپـــی لاتینی لەگـــەل وەرگێڕاوە ئەلمانی‌یەكەیدا بلاوی كردووەتەوەو سەرەتایەكیشـــی بۆنووسیوە •

لەم دوایی‌یەدا كۆڕی‌زانیاری كورد بڕیاری دا ئەم تێكســـتە كوردی‌یانە بە تیپی ئیســـتای كوردی‌ی عێراق بلاو بكاتەوەو ئامادە كردنی ئـــەم كارەی بـــەئەندامی پشتیوانی كۆڕ مامۆستا هێمن موكریانی ســـپارد •

ئەویش كارەكەی بەجێ‌گەیاندو سەرەتایەكی‌درێژی بۆ نووسیوە لە پتر لە ١٥٠ لاپەڕەدا • ئـــەم‌سەرەتایە بریتی‌یە لەپێشەكی‌ی هێمن خۆی‌و دێباچەكەی‌ئۆسكارمان‌و مێژووی قەلای دمدم وەك لە ( عالەم ئارای عەبباسی ) دانووسراوەو پیشـــاندانێكی تێكستە كۆكراوەكانی ئۆسكارمان • پاشانیش ســـەرەتای ئەلمانی‌ی كتێبەكەی ئۆسكارمان كە د• ناجی عەباس كردوویـــە بە كوردی بلاوكراوەتەوە لەگەل بابەتێكا لـــەبارەی ( شێخ فەرخ )ەوە ئەحمەد ڕەســـوول پژدەری نووسیویە •

كتێبەكە لەبەر قەبەیی كراوەبە دوو بەرگ • وا ئیســـتا بەرگی یەكەمی كـــەوتووەتە بازاڕەوەو بەم نزیكانە بـــەرگی دووەمیشی ئەخرێتە ژێر چاپەوەلەم بەرگی یەكەمەدا (٦) كورتە تێكست‌و تێكستی ( قەلای دمدم‌مەم‌و زین ، لاس‌و خـــەزال ، برایمۆك )بلاو كراونەتەوە •

*⊙*

institut kurde de paris

# ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆی سلێمانی

زانکۆی سلیمانی کە لەسالی-١٩٦٨-دا دامەزراوە ، پێک هاتووە لە کولیەی ( هندسه -علوم - زراعه - ئاداب ) وە بڕیاردراوە بۆ کردنەوەی کولیەی ( پزیشک )یش ، کە یەکەم دەورەی لە سەرەتای سالی ١٩٧٧دا وەردە گیرێن .

**زانکۆی سلیمانی دەسکەوتێکی گەورەی شۆڕشی (١٧)ی تەمووزی مەزنە بەنیسبەت میللەتی کوردەوە بەتایبەتی و گەلی عیراقەوە بەگشتی . ئەم زانکۆ ساوایە لەم چەند سالە کەمەی تەمەنی ژیانیا زۆر چالاکانە توانیویەتی سال بەسال هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت و شەقلێکی نوێ لە ڕێبازی خزمەتکردنی زانست و پەروەردەدا بیرێت لەسای سێبەری حوکومەتی شۆڕشەوە ، کە بایەخێکی گرنگی پێداوە لە بارەی پێشکەوتن و پەرەسەندنیەوە بەرەو ئاسۆیەکی فراوان و گەشتر .. بەتایبەتی لەدوای بەیاننامە مەزنەکەی یانزەی ئازاری پیرۆزی سالی ( ١٩٧٠ )وە .**

تائێستا ئەم زانکۆیە چوار دەورە قوتابی ووریا و لێهاتووی پێگەیاندوە ، یەکەم دەورەی لە سالی ( ١٩٧٢ ) دابوو . ئەو قوتابیە دەرچوانە بەگشتی بوونەتە کادرێکی کارامە و هوشیار و پێشکەوتوو لەکاری ڕۆژانەیاندا لەبارەی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانیەتی و پیشەسازی و ئابووریەوە . وەهەردەم لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی سەختی ژیانا لەتێکۆشان و خەبات کردنا بوون وەهەمیشە وەختیان بەفیڕۆ نەداوە بۆ نەهێشتنی دەردە کوشندەکانی کۆمەلایەتیمان .. بەدەستێک قەلەم و بەدەستەکەی تریان چەکی بەرگریان بەرزکردۆتەوە دژ بەکۆنەپەرست و دواکەوتن و شان بەشانی هەموو هاولاتیەکی نیشتمانی و دلسۆز لەکارو فرماندا بوون بۆ ڕازەی وولات ..

لە ئیوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٦-٦-١٩٧٥ ئاهەنگی دەرچووانی دەورەی چوارەم گێڕرا لەیاریگای ئیدارە محلی بەسەرپەرشتی کردنی بەڕێز ( غانم عبدالجلیل ) وەزیری زانست و فێرکردنی بالا ، ئەم دەورەیە ناونرا ( دەورەی سەرکەوتن - دوره النصر ) کە ٢١٥ قووتابی کوڕو کچ بوون لەوانە ١٠٢ قووتابی کولیەی علوم و ٨٢ قووتابی کولیەی زراعەو ٢٤ قووتابی کولیەی ئاداب و ٧ قووتابی کولیەی هندسە .

سەر لەئێوارەی ئەو ڕۆژە جەماوەرێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری سلیمانی بە هەموو چینەکانی یەوە ڕوویان کردە شوێنی دیاریکراو .. گۆڕەپانەکەی ئیدارەی محەلی بەدرو شمی هەمە جۆرەو ئالای کۆماری عیراق و ئالای زانکۆ و کولیەکان و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوە .

لە پێشەوەی خۆپیشاندنەکە چەند کەسێک ئالای کۆماری و وێنەی بەڕێزان سەرۆک کۆمار أحمد حسن البکرو مامۆستا صدام حسین و ئالای زانکۆ و کولیەکان و یەکێتی قووتابیان و دروشمی زانکۆی سلیمانیان بەرز کردبووەوە .

● **کردنەوەی ئاهەنگ بە سلاوی کۆماری .**
● **خۆپیشاندانی بەڕێزان ئەنجوومەنی زانکۆو ڕیدەران و هەیئەتی تەدریس و قووتابیە دەرچووەکان .**
● **چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز .**
● **ووتاری بەڕێز سەرۆکی زانکۆ .**
● **ووتاری یەکێتی قووتابیانی کوردستان - لقی سلیمانی - .**
● **سوێند خواردنی زانکۆو بەخشینی دەرەجە زانستیەکان .**
● **دابەشکردنی خەلاتەکان**
● **گەڕانەوەی خۆپیشاندەرەکان بۆ جێگای خۆیان .**

عواطف محمد جواد - محسن علی أحمد - عباس سلیم ئاغا ( کولیه علوم ) - طارق حمه کریم - حسین محمد ... شامل علی حسن ( کولیه زراعه ) مهدی حمید عزیز - فاضل مجید محمود - محمد أحمد ابراهیم ( کولیه ئاداب ) انور صالح شریف - محمد ... رشید محمد نوری - یونادم یوسف کنه ( کولیه هندسه ) .

حوکومەتی شۆڕش ئەم سال بایەخێکی گرنگیداوە بەدام و دەزگاکانی فێرکردن و زانست و پەروەردە ، لەپێناوی پەرەپێدان و پێشکەوتنیا ، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خەلاتێکی زۆر نایابی تەرخان کردبوو بۆ دەرچووەکانی زانکۆکان بۆ ئەوەی زیاتر سووربن لەسەر خوێندن و ئەنجامی تێکۆشان خەلاتەکانی زانکۆی سلیمانی لەلایەن ئەم بەڕێزو لایەنانەی خوارەوە

«مەکتەبی ڕاگەیاندن و»
بلاوکردنەوەی زانکۆی سلیمانی

بوون .
-- خەلاتی بەڕێز سەرۆک کۆمار کاک احمد حسن البکر .
-- خەلاتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مامۆستا صدام حسین .
-- خەلاتی مەکتەبی ڕۆشنبیری سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست .
-- خەلاتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست - لقی سلیمانی - .
-- خەلاتی بەڕێز پارێزگای سلیمانی .
-- خەلاتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان .
-- خەلاتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیذی .
-- خەلاتی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلیمانی .
-- خەلاتی بەڕێزان ئەنجوومەنی زانکۆی سلیمانی .
وە هەروەها چەند خەلاتێکی تر لەلایەن ئەم وەزارەتانەی خوارەوە تەرخان کرابوو بۆ قوتابیە دەرچووەکان .. وەزیری بەرگری - نەوت - پەروەردەو زانست - شارەوانی - ئابووری - ڕاگەیاندن - کشتوکال - وەزیری هاتوو چۆکردن .. وە لەگەل ئەمانەشدا خەلاتی سەرۆکی زانکۆکانی عیراق و بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی - لقی سلیمانی - ئەمیندارە گشتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەڕێز پارێزگای هەولێر و دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی و گەلێ خەلاتی تر دابەشکرا بەسەر قووتابیە سەرکەوتووکانی ئەم دەورەیەدا .

● **کۆتایی هێنان بە سلاوی کۆماری .**

# هەڤال محسن شعلان بۆ هاوکاری دەدوێت

**سکرتێری گشتی یەکێتی هەرەوەزکاری جوتیاران بۆ هاوکاری دەدوێت**

کاک محسن شعلان سکرتێری گشتی یەکێتی هەرەوزکاری جوتیارانی ولات بە هاوکاری ڕاگەیاندووە : کە وادەست کراوە بە دامەزراندنی لیژنەی ئامادەیی لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا ئەویش وەک سەرەتایەک بۆ دەست کردن بە هەلبژاردنی یەکێتیە ناوخۆیەکان و لقەکانی ئەو یەکێتیانە . وە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە هەلبژاردن لەم مانگەدا لەو ناوچەیەدا دەست پێ ناکات بە پێچەوانەی ئەو هەوالەوە کە یەکێک لە ڕۆژنامەکان بلاویان کرد بۆوە ، بەلکو ئەو لیژنانە هەموو کاروفەرمانێکی یەکێتی هەلدە سوڕێنن و ئەولیژنانە هەموو دەسەلاتێکی یەکێتیان دەبێت ، وە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کەوا هەلبژاردن دوای دەوزوبەری شەش مانگی تر دەست پێ دەکات بەڕێز کاک شعلان ئەوەشی بە هاوکاری ڕاگەیاندووە کەوا ٣٦ کادیری پێشکەوتووی یەکێتی هەرەوەزیەکان ئێستا خەریکی پێک هێنانی ئەولیژنانەن کە هەموو دەسەلاتێکی تەواویان دەبێت لە هەلسووڕاندنی ئیش و کاری جوتیاراندا لەوکارانەش وەرگرتن و دابەش کردنی ئەوپارەیەی کە حکومەتی شورش بو بەرەی کشت و کالی تەرخان کردووە ، کە ئەویش پارەیەکی ئێجگار زۆرە بۆ پرۆژەی کشت و کالی و پەرەسەندنی مەرو مالات تەرخان کراوە ، لەگەل کەرەسەی تۆوچەندن و مەکینەی کشت و کالی و ئەوکەرەسانەی بۆ کشت و کال پیویستن .

# هاوکاری لەگەل کرێکارانی سلێمانیدا

**سلەیمانی : نێراوی هاوکاری لەکاتی گەڕانەکەماندا ، لەپارێزگای سلەیمانی ، سەرمان لە بارەگای یەکێتی نەقابەکانی کرێکاراندا چاومان بە کاک ( عبدالله توفیق )ی سکرتێری یەکێتی کەوت . لەم چاوپێکەوتنەدا ، دەربارەی زۆر کاروباری یەکێتی و جولانەوەی نەقابەکانی کرێکاران لە پارێزگای سلەیمانی دواین .**

کاک عبدالله توفیق بۆی ڕون کردینەوە کە یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لەسلەیمانی بریتیە لە ( ١١ ) نەقابە کە (٩) یان نەقاباتی لقن و دوانەکەی تریان لیژنەن و پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بە یەکێتیەوە هەیە .

دەربارەی ئەو ئیشوکارانەی یەکێتی بۆ کرێکارانی کردوە ، سکرتێری یەکێتی وتی : لەماوەی ئەمسالدا ( ٧٠٠٠ ) حەوت هەزار دینارمان بۆ یارمەتی کرێکاران سەرف کردوە هەروەها وتی : (٣٥٠) دینارمان داناوە بۆ کرێکاری لێهاتوو داهێنەر .

دیسان وتی : لیژنەی کاروباری ناوکویمان دروست کردوە بۆ چارەسەری هەر گیروگرفتێ لە کارگەو شوێنەکانی ئیشوکاردا بێتە ڕێگای کرێکاران ، بەوردیش هەول ئەدەین بەوردی یاسای کاروبار بۆ سوودی کرێکاران جێبەجێ بکرێت ، هەروەها هەولمان داوە بۆ کردنەوەی دەورەی ڕۆشنبیری بۆ کرێکاران و کرێکارانمان ناردوە بۆ دەورەی کەوادری کرێکاران ، دیسان کرێکارمان ناردوە بۆ دەورەی مامۆستایانی قەلاچۆکردنی نەخوێنەواری و تائێستاش پێنج مەلبەندی قەلاچۆکردنی نەخوێنەواری کردۆتەوە .

**سکرتێری یەکێتی نەقابەکان لە سلەیمانی وتی :**

دوای جێگیر بونەوەی ئاشتی لە کوردستاندا هەموو لقەکانی یەکێتیمان لە قەزاکانی پارێزگای سلەیمانیدا کردەوە .

**گیروگرفتی بێکاری :**

کاک « عبدالله توفیق سکرتێری یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە سلەیمانی وتی : ژمارەی کرێکاران لە کەرتی گشتی و تایبەتی ( ٢١ ) هەزار کرێکارە ، ئەو گیروگرفتەی ئێستا لەڕێگامانداية بێکاری نزیکەی (٦) هەزار کرێکارە ، بایەخدانی زیاتر بەکردنەوەی پرۆژەی ئاوەدانی و پیشەسازی لە پارێزگاکەدا کەفیلە بە نەهێشتنی ئەم بێکاریە .

ئەوەی شایەنی باسە ، یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە سلەیمانی ، چاپکراوێکی بلاو کردۆتەوە دەربارەی ئەو ئیشوکارانەی یەکێتی لەماوەی سالێکدا جێبەجێی کردوون . لە دوا لاپەرەی ئەو چاپکراوەدا: یەکێتی پێشنیازێکی داوە بۆ چارەسەری هەندی گیروگرفتی کرێکاران کە ئەمە هەندێکیانە :

● داوا ئەکەین بەکردنەوەی خانوی دایەنی لە کارگەو پیشەسازگەکاندا کە مەرجی تەواویان تیایە .
● دروست کردنی نەخۆشخانەیەک بۆ کرێکاران ، یان کردنەوەی لقی لە نەخۆشخانەکاندا کە تایبەتی بێ بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان .
● کردنەوەی باخچەی مندالانی کرێکاران .
● کردنەوەی خانوو بۆ کرێکاران .
● دامەزراندنی ( کۆمەلەی ئیستیهلاک )ی بۆ کرێکاران کە کرێکار خۆی بەڕێوەی بەرێت .
● ئاگادار کردنی هەموو دەزگا ڕەسمیەکان و شێوە ڕەسمیەکان کە پێویستە فەرمانەکانی ماددەی چواری دووبارە جێبەجێ بکەن هەروەها بڕیاری ژمارە ١٦٢ وسیستەمی دامەزراوی ڕۆشنبیری کرێکاران جێبەجێ بکرێن .
● یاسای کاروو تەقاعدی بەکوردی چاپ بکرێن .
● کردنەوەی پرۆژەی زیاتر بۆ نەهێشتنی بێکاری .

# پارێزگای سلێمانی و جەژنەکانی تەمووزی پیرۆز

**سلەیمانی : نێراوی هاوکاری بەبۆنەی بیرەوەری هەردوو شۆڕشی ١٤و ١٧ی تەمووزی پیرۆز ، لەپارێزگای سلەیمانی ، وەکو هەموو پارێزگاکانی تری ولات ئاهەنگ گێڕراو بەم بۆنە پیرۆزانەشەوە بەردی بناغەی چەندان پرۆژە دانراو چەندان پرۆژەی تری ئاوەدانی لەگەلێ شوێنی پارێزگاکەدا کرایەوە .**

لەشاری سلەیمانی ، شەقامەکان ڕازابوونەوە ، دروشمی هەمە چەشنە کە پیرۆزبای جەماوەری گەل و هێزە نیشتمان پەروەرەکانیان تیابوو بەبۆنەی جەژنەکانی تەمووزو سەرکەوتنە مەزنەکانی شۆڕش و دەستکەوتە گەورەکانی تەمەنی حەوت سالەی شۆڕشی ١٧ی تەمووزی مەزن .

ڕێکخراوو دەزگا ڕەسمی و میللیەکان ، بەم بۆنە پیرۆزەوە ئاهەنگیان ئەگێڕاو لەگەلی شوێنی شاری سلەیمانیدا ئاهەنگی گۆرانی و موسیقاو نواندن ڕێکخرابوو :

● مەلبەندی لاوان شانۆگەری « تروسکەی هیوا »ی پێشکەش کرد لەگەل ئاهەنگێکی گەورەی موسیقاو گۆرانی .
● یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلەیمانی دوو شانۆگەری پێشکەش کرد « خۆری تەموز »و شانۆگەری زانکۆی سلەیمانی ، کۆمیدی « سنوقە بۆر » لەگەل ئاهەنگی گۆرانی و موسیقاو چەندان تابلوی هەلپەرکێی کوردی .
● کۆمەلی هونەرو ویژەی کوردی تابلۆی شەهیدو ... ، ئاهەنگی گۆرانی و موسیقای لەبارەگای کۆمەلدا بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە پێشکەش کرد .

لە پال ئەم ئاهەنگانەدا ، کە خۆشی و شادمانی جەماوەری گەلی بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە دەرئەبری لە ڕۆژی ١٧ی تەمووزدا ، بیرەوەری حەوتەم سالەی شۆڕشی پێشکەوتن خواز کە بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب بەرپاکرا بەردی بناغەی ئەم پرۆژانە دانرا :

**پرۆژەکان :**

● لە سەعات ١١ر١٥ دا بەرێز مامۆستا « محمد أمین أحمد » پارێزگاری سلەیمانی بەم بۆنە پیرۆزەوە بەردی بناغەی پرۆژەی پەلەی ناحیەی سەرچنار دانا ، ئەم پرۆژەیە دوو ملیون و حەوت سەد هەزار دیناری تێ ئەچێت ،

ئەوەی شایەنی باسە ، بەر لەوە بەرێز پارێزگاری سلەیمانی لە سەعات هەشتی بەیانیەوە لە بارەگای پارێزگای سلەیمانی پێشوازی پیرۆزبایی کەرانی کرد کە بریتی بوون لە : ( سەرۆک و مامۆستایانی زانکۆی سلەیمانی ، سەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب - لقی سلەیمانی ، فەرماندەی تیپی یەکەی حەوتەم ، بەڕیوەبەرانی گشتی کارگەی چیمەنتۆو شەکرو ... ، لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتن خواز ، سەرۆک دەزگا ڕەسمیەکان و پیاوانی ئاینی ، لێپرسراوانی نەقابەو یەکێتی و کۆمەلەکان ) دوای ئەوە بەڕێز پارێزگاری سلەیمانی بۆ پیرۆزبای سەری لەو شوێنانە دەدا و هەروەها سەری لە نەخۆشخانەی سلەیمانیداو دیاری پێشکەش کردن .

ئەمەو ، پرۆژەی تر کە لەپارێزگای سلەیمانیدا لە بۆنەی جەژنەکانی تەمووزدا بەردی بناغەیان دانراوە یان تەواو بوون ئەمانەن :

● تەواو بوونی قوتابخانەی ژمارە سێی ناوەندی سلەیمانی کە ٣٧٠٠ دیناری تێچوە ..
● باڵەخانەی وەقفی تەکیەی تالەبانی ٢٤٠٠٠ دیناری تێ ئەچێ .
● خانوی بێ دەرەتانان لە سلەیمانی ٣٥٦٧٧ر٩٠٠ دیناری تێ ئەچێ .
● خانوی شەهیدانی سوپا لە سلەیمانی ٢٤٤١ دیناری تێ ئەچێ .
● کردنەوەی خانوی بەڕێوەبەرێتی بەرژەوەندی گواستنەوەی هاتوچۆکەران ٢٣٨١ر٤٧٥ دیناری تێچوە .
● کردنەوەی گازینۆی ئەزمر .

# دۆزینەوەی کۆنترین شوێنەوار لە کوردستاندا

کاک فوئاد سفر موفەتیشی گشتی شوێنەوارەکان بەنوێنەری هاوکاری وتوە : لەناوچەی گردی سوتو شوێنەوارێکی مێژوویی دوزراوەتەوە کە هی هەزار سال بەر لە دایک بوونی مەسیحە ، وە ئەم شوێنەوارانە بریتین لە حەوزو ملوانەکەی مس کە کونترین مەعدەنە لە میسوپۆتامیادا دۆزراوەتەوە .

هەروەها وتی :

سۆتو کە وتوتە نێوان تلعفرو شەنگارەوەو ئەم شوێنەوارەش لە لایەن چەند کارزان و شارەزایەکی سۆڤیەتەوە دۆزراوەتەوە ... بی گومان ئەم شوێنەوارە نیشانەی پێشکەوتنی ئەوسای هونەری پیشەگەریە لەوناوچەیەدا .

**دامەزراندنی مۆزەخانە**

وە کاک فوئاد سفر وتی : نیاز وایە مۆزەخانەیەکی نوێ لە سلیمانی دروست بکرێ و بدرێ بە قونتەرات .. وە کە تەواو بوو ئەو پاشماوەو شتە دۆزراوانەی تیادا نیشان ئەدرێ کە لە دەشتی شارەزوورو لە ناوچەشاخاویەکانی پارێزگاکەدا دۆزراونەتەوە .

هەروەها نەخشەی بینای مۆزەخانەی نوێی هەولێر دانراوەو مۆزەخانەیەکی تریش لە کەرکوک دروست ئەکرێت .

# موچەی ئەو کرێکارە کوردانەی هاتونەتەوە ریزی نیشتمان

وەزارەتی دارایی هەفتەی ڕابوردو ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :-

« بەپێی بڕیاری ژمارە ( ٩٥ )ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ڕێککەوتی ٧-٢-١٩٧٤ ئەو کرێکارە کوردانەی هاتونەتەوە ریزی نیشتمان بڕیاری موچە زیاد کردن ئەیانگرێتەوە کە ڕادەکەی ٢٠٠ فلسە ئەم بڕیارەش لە ڕۆژی هاتنەوە سەرکاریان کاری پێ ئەکرێت .. هەروەها ئەم بڕیارە پەیوەندی بە **بڕیاری** ژمارە ٧٨٦ی ڕێککەوتی ٥-٩-١٩٧٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشەوە نیە کە ڕۆژانەی کرێکاری لە ٤٥٠ فلسەوە کرد بە ٥٥٠ فلس . کەوابوو لەمەولا ڕۆژانەی ئەم کرێکارە کوردانە وەکو هەموو کرێکارێکی عیراق ٧٥٠ فلس ئەبێت .

# کارەساتێکی دڵ تەزێن

لەم ڕۆژانەدا کچە قوتابی دانشگای یاسا ( حقوق ) لە زانکوی بەغا ، گەشاو عثمان قادر ئاغا لە تافی لاوی و لە مەلبەندی دوا قوناغی خوێندنا لە سەیرانگای هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوای لای زەلم لەسەر تاشە بەردێک ئەخزێ و گیانی پڕ لە ئاواتی ئەداتەوە دەست یەزدانی میهرەبان .. ئەم هەوالە دلتەزێنە ئارادەیەک هەستی هەمو مرۆڤێکی خامۆش کردوە ..

# زیانێکی گەورە

مامۆستای بەتەمەن و نیشتمان پەروەر شیخ مستەفای خال برای فەزیلەتی شیخ محەمەدی خال کە لایەنێک بو لە ئاگری وەجاخی بنەمالەی خال و دوستی گیانی بەگیانی خاک و گەلەکەی بوو .. لەم ڕۆژانەدا لەناو دل و دەرونی گەلەکەیەوە کۆچی کردە باوەشی ئەو خاکەی کە بۆی بەپەرۆش بوو .. بەلام هەرچەندە ئارامگای هەمیشەیی لەناو توێی خاکدا برازێنیتەوە شوێنەواری خزمەتگوزاری و پایەی ئایینی نکتەی ڕەنگینی و دلسۆزی .. بێ لەدەرونی کۆمەل نابڕێ و کەس نیە بتوانی یادی فەرامۆش بکات .

# شاهیێت مللەتی

**عبدالاله الحاج موسی**

مللەتێ مە ڤان ڕوژا شاهیادکەت بیر هاتنێت شورەشێت تیرمەهێ ، لبن سیبەرا پارتا بەعسا عەرەبیا سوشیالست . بەری چەند ڕوژا بیرهاتنا شورەشا ١٤ تیرمەهێ سەرهاتا بوری ئەو شورەشا حوکمەکێ هەرفاندی و عیراق ڕزگارکری ژبن دەسەلات و پەیمانێت ئیستعماری . بیرهاتنا دووێ بیرهاتنا شورەشا ١٧ تیرمەهێ بوو بقوماندار یا پارتا بەعسا عەرەبیا سوشیالست ، شورەشا ١٧ تیرمەهێ پەیدا بو پشتی خەباتەکا دوی و درێژ لدەڤەرا عیراقێ دژی هێزێت کەڤنەپەرست و کرێگرتی . شورەش شیا لدەڤێ ( ٧ ) سالاندا قوناغێت مەزن ببریت دهەمی لایاندا و شیا دەست کەفتێت مەزن بدەست کوریت مللەتی بێخیتن و ئامانجێت مللەتی بجێ بینیت .

شورەشا ١٧ تیرمەهێ وەختی دچیتە دناف سالا (٨)ێ دا بهێزترو بڕاخ تر دکەڤیت ژبەروان دەستکەفتێت مێژوویی یێت پەیدا کرین ژبو ئافاکرنا عیراقەکا دیموکراتا - سوشیالست .

٧ سال بورین بسەر ژیێ شورەشێ ، وڤان ٧ سالادا شورەشێ پێن گاڤێت مەزن هاڤێتن و بسەر گەلەک ئاستەنگادا ئەڤێت کەتین بەرسنگا شورەشێ بسەرکەفت .

دەست کەفتێت شورەشێ گەلەکن و هەمی لایا دگرن شورەشێ دربێت مەزن دانانە بنگەهێت ئیمپریالیەتێ و ئیستعماری وەکی نەفتا مەزگارکری ژبن دەستێ مونوپولیستان و بەرهەمێت نەفتێ هاتنە بکارئینان بو پروژاوەسەخبێر کرنا ئابوریا ولاتی بو ئافاکرنا عیراقەکا پێشکەفتی ، شورەشێ بەرێ بنیاتی دانێ بو ئیکاتیا نشتمانی وەکی مەسەلا کوردی

بوانە ل -٧-

institut kurde de paris

# خەباتی قوتابیانی کوردستان

● مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات ●

## سەرۆك بکەم بروسکەیەکی لەقوتابیانەوە پێ گەیشت

بەڕێز باوکی سەرکردە احمد حسن البکر
بەڕێز هەڤاڵی تێکۆشەر « صدام حسین » جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە ناوی هەموو قوتابیانی ناوچەی ئۆتونومی گەرمترین پیرۆزبایتیان لێ ئەکات بەبۆنەی دوو شۆڕشە پیرۆزەکەی گەلاوێژ ، وەپەیمان تازە دەکاتەوە کە لاوان بەچەکی هوشیاریو زانستی هەمیشە خزمەتی ئەم دەسکەوتە مەزنانە بکەن کە لەسایەی شۆڕشە نەبەزەکەمانەوە شۆڕشی (١٧)ی گەلاوێژ بۆ بەرژەوەندی گەلی عیراق هاتوتەکایەوە ٠

جەماهیری قوتابیان ئەمرۆ لەم یادە پیرۆزەدا نارەزاییو تووڕەبوونی خۆیان بەرامبەربەم کارە نامرۆڤایەتیو نانەتەوەییانەی ڕژێمی گومان لێکراوی سووریا دەردەبڕن کە ئاوی فوراتی لە جوتیارەکانی عێراق گرتووەو دژی هەموو جەماهیری عیراق دەوەستێ ٠

پەیمان دووپات دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفای شۆڕشو حزبەکەمانین بۆپاراستنی دەسکەوتەکانی گەل ٠

ئیتر بۆپێشەوە ٠
**مەکتەبی سکرتاریەتی**
**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**
**١٩٧٥-٧-١٦**

## ئەنجامی ڕاپەڕینەکەی قوتابیانی لاووس

**خالد جوتیار**

ئەگەر چاوێك بە جوڵانەوەی پێشکەوتوو خوازانەی هەموو سوچێکی داگیرکراوی ئەم جیهانەدا بخشێنین بە ئاشکرا دەوری دیاریکراوی قوتابیانمان بۆ دەر دەکەوێت ٠ قوتابیان بە شێوەیەکی گشتی لە گۆڕەپانی ئەمرۆی ڕووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتی یەکان وەکو دەستەیەکی خوێن گەرمی پێشکەوتووخواز دەوری خۆیان دەبینن ، بەتایبەتی لە سنووری ئەو کۆمەڵە دواکەوتوانەی کە تا ئێستا تامی ئازادیو سەربەخۆیی یان نەچێشتووە ٠

هەروەها دەورێکی گەلێ بالایان هەیە لەوریا کردنەوەی کۆمەڵەکەیان بۆ وەدەست هێنانی ڕۆژی ئازادیو ڕزگار بوون لە ژێر چەپۆکی دەست بەسەراگرتنو زۆرداری چەوسێنەران ٠

ئەمرۆ قوتابیان لەم دونیایە پانو پۆڕەدا بەجەرگانە لەگەڵ تۆڕانو بەرەوپێشەوە چوونی باری وولاتەکەیان دان ، بگرە لە گینیاو ئەریتیریاو ، ئەنگۆلاو فەلەستین ٠٠ تاد پێشمەرگەی لێهاتووی کۆڕی خەباتن ٠ لەو مەیدانەوە باشترین بەلگەی فسەکانمان ئەم خۆپیشاندانە تووندوتیژەی قوتابیانی « لاووس » بوو کە وەکو دەستەیەکی شۆڕشگێرو جگەرسۆزی میللەتەکەیان

ڕاپەڕینی بەرفراوانیان بەرامبەر بەبەرەی ڕاستڕەوی خۆ فرۆش بەرپاکرد ٠ بێ گومان قوتابیانی « لاووس » لە هەلوێستێکی گونجاوی پڕ بە پێستی وەزعی وولاتەکەیانو دوای هەرەس هێنانی ڕژێمە ئەلقە لە گوێیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی لەژێر گورزی بەتینی شۆڕشگێرانی « کەمبۆدیا » و « ڤێتنام » هەلوێستێکی زۆر شۆڕشگێرانەی ڕاستەو ئیسپاتی دڵسۆزی قوتابیان دەکات ٠

وەنەبێ ئەم جوڵانەوەبەتینەی قوتابیان شتێکی ساکارو کاتی بێتو لە خۆیەوە ڕووی دابێت بەڵکو سەرەتای ئەو شاڵاوە بەهێزە بوو کە جەماهیری لاووس دژی داگیرکەران کردیانو سەرەنجام بە سەربەخۆییو ڕزگاری شادبوون

وە هەموومان ئەوەمانبیست کە وا شۆڕشگێرەکانی«لاووس» لەبەرەو پێشەوە چونێکی فراوانی جەماهیریدا بۆ هەتا هەتایە ئیمپریالیزمەکانیان ڕاوەدووناو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت ،

**لەڕۆژی ئازادیو سەربەخۆیی لاووس هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی قوتابیان ٠**

# بزووتنەوەی وەرزش لەناو قوتابیانی کوردستان دا

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلەیمانی بایەخێکی فراوان ئەدات بە هاندانی بزوتنەوەی وەرزشی لەناو قوتابیاندا ، بۆ ئەم مەبەستە زۆر ئیشوکاری کردوە ، لەمانە ، نیازی وایە مەلەوانگەکەی ( سەرچنار ) تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی قوتابیان ئەوانەی کە ئارەزووی وەرزشی مەلەوانی ئەکەن سوودی لێ وەربگرن ، هەروەها زۆر مەڵبەندی بۆ قاتابیان کردۆتەوە کە یاری تێنسو شەترەنجو زۆر یاری تریان تیا ئەکرێتو قوتابیان کاتی بێکاری خۆیانی تیا بەسەر ئەبەن ، دیسان لەگەڵ یانەی وەرزشی سلەیمانی دا جۆرەپەیوەندیەکی ریکوپێکیان پێك هیناوە بۆ ئەوەی قوتابیانیش بەفراوانی لەهەموو جوڵانەوەیەکی وەرزشیدا بەشداری بکەن ٠

**ئەوەی شایەنی باسە، یەکێتی یانەیەکی شەترەنجی دروست کردوە ، کە لەم دواییەدا یاریەکی فراوانی ڕیك خستو ئەنجامەکەی بەم جۆرەبوو :**

● لە قوتابیانی کوڕ ئەم شەش قوتابیە شەش پلەی یەکەمیان وەرگرت :

ئەلبرت یوئیل ئیلیا لە کۆلیجی کشتوکاڵ یەکەم ،

عەبدول سەمەد پێنجەم ، جوان جەلال شەشەم ٠

کەمال ئیبراهیم سەعید لە کۆلیجی ئەندازیاری دووەم ، محەمەد ڕەزا هادی لە کولیجی کشتوکاڵ سێیەم ، حەبیب محەمەد لە کولیجی زانستی چوارەم ، سەلام قاسم لە کولیجی ئەندازیاری پێنجەم ، عامر جەبرائیل لە کولیجی کشتوکاڵ شەشەم ٠

**● لە قوتابیە کچەکان ئەم ناوانە بە شەش پلەی یەکەم دەرچون ٠**

مەدیحە هادی کولیجی زانستی یەکەم ، فاتمە حەسەن کولیجی ئەندازیاری دووەم ، ئاواز صەدیق کولیجی زانستی سێیەم ئەنجیل تەنو چوارەم ، تامان

**نێراوی – هاوکاری –**
**بۆ سلەیمانی**

# لە بارەی قوتابیانەوە

تا زیاتر لە بنچو سنووری بەر پرسیاریتی پیداویستەکانی یەکیتی ولێژنەکان بگەین ، پێویستە بنکەی ڕێکخستنو ڕیز گرتن بزانین وە لەبەر ئەوەی یەکێتی هی چەند کەسانیك نی یەو مولکی هەموو قوتابیانە بۆیە بەپێویستی دەزانین لەمەولا چەند سەرەتایەکی کورت بۆ قوتابیانی خۆشەویستمان ڕوون بکەینەوە کە لە ڕۆژانی ژیانی خوێندنیاندا سوودی لێ وەربگرن :

**بەشی یەکەم :–**

پەیوەندی قوتابیو لێژنەکانی یەکێتی لە قوتابخانەکاندا ٠

١ – لێژنەی یەکێتی پێشڕەوی ڕاستەقینەی قوتابیانە لە هەموو قوتابخانە وکۆلێجەکان ، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێڕەوە ئەچن بەرێوە ٠

٢ – لێژنەی یەکێتی نموونەی وشیاریەو بەپێی یاساو ڕەوشتی یەکێتی یانەی کار دەکات ٠

٣ – لێژنەی یەکێتی پێشرەوایەتی خۆی دەپارێزی لە سنووری بەر پرسیاریتی خۆیدا ٠

٤ – لێژنەی یەکێتی لە کاروانی قوربانی دا هەمیشە لە ریزی پیشەوەیە و لە سوود وەرگرتندا لە دوای هەمووەیە٠

٥ – قوتابیان مافی ئەوەیان هەیە چاودێری ڕەوشتی لێژنەی یەکێتی بکەن ، ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتنیش بە بنچینەی کارکردن دادەنرێت ٠

٦ – لێژنەکانی یەکێتی بەرنامەی کارکردنو بریارەکانی یەکیتی جێبەجێ دەکەن ٠

٧ – لێژنەی یەکێتی نووێنەری قوتابیانەو لەسەر بنچی «پێشان ئەرکو دوایماف» هەڵقولاوە ٠

٨ – تەنها لێژنەی یەکێتی پەیوەندی بەبەینی قوتابیانەوە هەیە ٠

٩ – لەرێی لیژنەی یەکیتی– یەوە پەیوەندیقوتابیو دەستەی مامۆستایان پەرەی پێ دەدرێت ٠

**– فریاد بلال –**

# ئەم ڕۆژی وڵات

لە دەورو بەری دەسەڵاتداری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستدا٠٠ جوڵانەوەی نیشتمانی دوچاری دەردی سەختی کوشتنو برینو بەندیخانەو داپلۆستن بو ٠٠ لەم کاتە ناقوڵاو نالەبارەدا لەسەر هێزەکانی گەلپێویست بو ٠٠ قۆل بە قۆلی یەکا بکەنو گشتیان لە ژێر ئالایەکی بەرزی یەکێتی تێکۆشانا بجەنگن ٠٠ تاوەکو بتوانن ئاواتەکانی گەل لە ڕزگاریو سەربەستیو بەختیاری بهێننەدی ٠

لاوانیش کە بەشێکی ورياو تێگەیشتوی ئەم گەلەن ٠٠ وەنەبێت درێغی لە قوربانی دانو خۆ بەخت کردن بەپێی توانای خۆی کردبێ ٠٠ ئەرکی نیشتمانی خستۆتە ئەستۆی خۆیو لەکەل هەمو گەلدا شانی داوەتە ژێر ئەم پێویستیە ٠٠ تاپێکەوە هەمو شادبنو بە ڕۆژی بەختیاریو ئاسودەگی بگەن ٠

شۆڕشی ١٧ی تەموز بەسەرۆکایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب گەلێ بەرهەمو دەستکەوتی گەورەی وەدی هێنا بۆ میللەتو بە یەکجاری جەماوەری زەحمەتکێشی لەخەو ڕاست کردەوەو هاویشتنیە ناوکۆری مەیدانی تێکۆشانەوە ٠٠ بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی هەیەو هەنگاونان بە ڕێگای وەدی هێنانی دەستکەوتی ترا ٠

لاوانیش لەمکاروانیخەباتەدا دوا نەکەوتوە ٠٠ بەلکوهەمیشە لە ریزی پێشەوەی تێکۆشانی گەلەوە بون ٠٠ بۆ تەختکردنی هەمو کەندو کۆسپێكو پوچ کردنەوەی پیلانو نەخشەکانی ئیمپریالیزم ٠٠ بۆ وەدەستخستنی دەستکەوت دوای دەسەڵاتی نیشتمانی پتەوکردنی دەسەڵاتی نیشتمانی بتەوکردنی باری ئازادیو بنچینەی سوشیالیزمی میللەتو وڵات ٠

**راغب حسین**
**– هەولێر –**

# کیژەکا ... بۆ دەرم ؟

– ئەز ژ تە سلم !!
– ٠
– بوچی ٠٠٠؟؟
– ٠
– ئێ ٠٠٠ دگەل من نەئاخڤە
– ژ ڕاستا ؟ تو ژ دلێ خو وەدبێژی ؟
– ئە ، ئەز ژ دلێ خو وەدەبێژم ٠
– باشە سوزبیت ئەز دەڤێ خو نەڤەکەمو ئەز دلێ تە نەهێلم ( ئەز بێدەنگ بووم ) ٠
– ئێ ٠٠٠ دێ باخڤە ، دێ

سەرێ خو نەهژینە ، دێ ئاخڤی و بکەیفاتە نینە ٠٠٠ تو دکەیەکەنی !! کا بێژ شەڤا دی تو ل کیرێ بووی ؟؟
– کی ٠٠٠ ئەز !!
– نەء ٠٠٠ ئەز ، ما ئەز دگەل دیوارا دئاخڤم ؟
– پا من دگوت تو یێ دگەل واناى ٠
– ما ئەز دینم !؟
– نە ، نە بسەرێ تە مەبەستا من ئەو نەبوو ٠
– پا چ بوو ؟
– باشە ، دێ ئاخڤم ، بەس من تو زویبە ، چ ل ئەزمانێ تە هات؟

ئەز دترسم تو سل ببی ٠
– دێ بوچی سل بم ؟
– دبیت
– ما تە تشتەك کری یە کو ئەز ژێ دلگیربم ، ئەز دزانم تو وەسا نینی ٠

*⊙*

( نیڤ سەعەتەك پێڤەچو ، من ڤیا بو بێژم ٠٠٠ دا ئەو گرێ ژ دلێ وێ دەرکەڤیت ، من خو نزیك کرو دا ئاخڤم ، ئینا گوت :
– راوەستە ، نە ئاخڤە !!
– بوچی ؟!
– هاتە بیرا من ، تو چوبوویە گازیکرنا وێ ، هەرە

٠٠ تو ٠٠٠
– دێ راوەستە ٠
– من کەس نینە ژ تە بیڤە ، تە ئەز هێلام تویێ ٠٠٠
– ئەو چی یە ، تو دکەیە گری ؟! روندکێت تە چەند دگەرمن ، رابە ، رابە ، هەرە چاڤێت خو بشو ٠٠٠

*⊙*

( پێ نەڤێت ، ئەڤ شەرو کێنگاشەیە هەمی سەرا هندێ بو ئەز شەڤەکێ بتنێ بێی وێ دەرکەفتبوم ،٠٠٠ ڤێما ئەز کیڤە برەڤم ) ٠

**غازی احمد سعدالله**

# ڕاپۆرتی ناوخۆ

**باوکی شیرین**

لەگەڵ بیرەوەری گەلی عیراقمان لە جەژنەکانی تەمموزی نەمرا ، گەلێك پرۆژەی پیشەسازیو کشتوکاڵی گەورە گەورە دەکرێنەوەو بەردی بناغەیان بۆ دادەنرێت ، ئەو پرۆژانەش لە وانەن کە پارەیەکی ئێجگار زۆریان تێ دەچێت ، وە ناوچەی ئۆتۆنومیش بەشێك لەم پرۆژانەی بەردەکەوێت ئەویش وەك هەلسەنگاندنێك بۆ ڕاپەراندنی ئەم ناوچەیەو هەل خستنە پێشی بۆ پەرەسەندنو نەشوەماکردن ، کە ئەوکارەش جێگایەکی دیارو ئاشکرای هەیە لەپلانو ئاراستە کردنی سەرکردایەتی سیاسیدا ٠

کردنەوەی ئەم جۆرە پرۆژانە بەبۆنەی بیرەوەری جەژنەکانی گەلە سەرکەوتۆکەمانەوە ، هەروەها دانانی بەردی بناغەی چەندان پرۆژەی تر ، بەلگەو مانای ئەوەندە تیایە کە ڕووی گەشی ڕوداوە شۆڕشگێڕیکانی ، ١٤و١٧ی تەموزی سەرکەوتوومان نیشان دات ٠

● وەئەگەر ئەم پرۆژانە بەرهەمێك بێت لە بەر هەمە زۆرەکانی ڕەوتی شۆڕشگێری ، واتە ئاراستە بوونی ئەو ڕەوتە لە پیناوی ئەوەدایە برەوبدات بەپەرەسەندنی هەموو لایەنەکانی پیشکەوتن ٠ ڕوکەش بایەخدان بە لادێکانی

**بڕوانە ل – ٧ –**

# چیرۆك بۆ منالان

**دادە گەلاوێژ**

منالە خوشەویستەکانمداوای لێبووردنتان لێ کەم هەفتەی پیشو بەهۆی نەخوشیەوە نەم توانی چیرۆکتان بۆ بنوسم ٠

لە کاتیکدا سەرنجم لەولوحە جوانە ئەدا کە دەست کردی هونەرمەندێکی خاوەن بیریکی روون بو ٠ لە تەنشتمەوە کیژۆلەیەکیووردیلەی جوان کراسەکەمی راکیشا وپێی ووتم دادە ئەوەئەورسمە چییە تیم ناگەینیت ؟

منیش لەراستیا سەرسام بوم چی بەم بلیمەتە بلیم ئایا هونەر بی شتێکی سەیرە ٠ رووم کردە ساکارو ووتم ساکار ئەم وینەیەی کە هەردوکمان بەرامبەری وەستاوین وینەی منالیکی تەمەن ١٢ سالی یە ٠

ئەو بلیمەتە دەستی کرد بە پێکەنین ووتی ٠ ناووم ساکارە لە پۆلی دووەمم تەمەنم ٨ سالە لەبەغدا دائەنیشم کچیکی کوردم ڕێکەوت ووتیان پێشەنگای وینەی منالان کراوەتەوە منیش هاتم بۆ بینینی ئەو ژنە کە تەماشای ئەورسمەئەکات ها لەوبەرەوە ئەوە دایکمە ئەویش حەز لەرەسم ئەکات منالە خوشەویستەکان بەراستی

ئەمە وینە کەیشە بەراستی وینەکەی سەرنج ڕائەکیشی ٠ مانای تەواوی وینەکەی وەك چیرۆکی بوت ئەگێرمەوە لەسەرەوەی وینەکە دوو کوندە پەپو ئەبینی ئەوە نیشانەی شەڕۆ ستەم کاریە ئەو دەشتە سەوزو جوانەی بەقەدپالی شاخەکەوەیە نیشانەی بەپیتیو ئاوەدانی خاکی فەلەستینی داگیر کراوە ٠ ئەو منالە ڕەشو ڕوتانەی

لە تەنشت چەپی وینەکەوە ئەیبینی ڕوڵەی ئەو خاکەن کە زەوت کراوە هەمو فرمێسك قەتیس ماوە لە چاویانا چاوەنواری ڕوژی ڕزگاری وئازادی ئەکەن ئەو چەند لاوە سەرپیچراوانە کە تەنها چاویان دیارە پیش مەرگە فلسطینیەکانن کە هەموکاتێ خۆیان بەخت کردوە بۆ ڕزگاری خاکەکەیان ئەها دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی ڕەشاشەکانیانە ٠

ئا ئەو یەکە لە چاوە کەئەیبینی ( موشی دیانە ) ئەمە یەکیکە لە هەرە دوشمنەکانی مروڤ کە ناسراوە بە شملی شەر خوین مژ یەکیکە لەو نازی یانەی کە لە ئەلمانیا حوکم فەرمابون ئەمە پەروەردەی خوینو ژێلەموی شەرە ٠ ئەمیش وەکو وەستاکەی دوا روژی ڕەشو ئابرو چونە چونکە وەستاکەی هیتلر وای ئەزانی کەس لە جیهانا مروڤ نی یە الاجنسی المان نەبێ ٠

ساکار ووتی کەوابو ئەمانە دوشمنی ئێمەیشن چونکە خوینی برای عەربی

ئێمە ئەمژن هیچ فەرقی نی یە لە نێوان ئێمەو ئەوانا بەراستی دوشمنیکی چانەوەرن پێویستە هەموان تێ بکوشین بۆ ئەوەی ئەم منالو بێ باوکو دایکانە ڕزگار بکەین ٠

رووم کردە ساکار ووتم ئافرین ساکار پێویستە منالی عراق ئەمەبێ هەستی چونکە هەستی وا لە دەرونی خاوینەوە هەڵ ئەقولێ ٠ کە تەماشام کرد تەماشای وینەی منالەکان ئەکات کە لە پشت تەل بەنگەکەوەن دەستیان کردوتەناو دەمیان فرمیسك لە

چاویانا قەتیس ماوە ٠ تەماشام کرد دلوپی فرمیسك ڕێچکەی کردوە لە سەرکولمە ئالەکەی منیش دەستم دا بە پشتیا پیم ووت ساکار ئێمە خاوەنی منالی وەکو ئێوە بین گومانی تیانی یە فەلسطین ڕزگار ئەکەین منالە خوشەویستەکانم تەماشای وینەکەم کردو بو جاری دووەم ئاورم لە ساکار دایەوە تەماشام کرد دایکی بە تەنشتیەوە وەستاوە پێ ئەلی ساکار گیان ئەوە بۆ ئەگری کەس لی‌دای کەس قسەی پێ ووتی ٠

ساکار ووتی دایە ئەوە لیدام ئەو یەکە لە چاوە ئەو دوشمنی مروڤی جیهانە ئەو جانەوەرە ٠ دایکە بەسەرسامی یەوە ووتی کچم ئەوە ئەلی چی ئەوە ڕەسمە ڕەسم چون ئەتوانێ لە تو بدات ٠

بلیمەتە ڕوی تێ کردم ووتی دادە گەلاوێژ پێی بلی چونی لێدام منیش دەستم درێژ کرد بو دایکەو ووتم بەراستی کچیکی بلیمەتی خاوەنا بیریکی قولت هەیە من لەسەر داوا کردنی ساکار ئەم وینەیەم بۆ شیتەڵ کرد کە لە وێنەکە گەیشت ئەمە هەستیتی بویە واچاوی پر

فرمیسکە ڕاست ئەکات ئەویەکەلە چاوە دوشمنی هەمو مروڤانی جیهانە بەهوی یەکیەتی هیزی خەبات گیری کۆل نەدەری فلسطین تولەئەسنری وەزەوی داگیر کراو خاوەنی ڕاستی خوی تیانیشتە جێ ئەبی ٠

هونەری ڕێنەی پۆستەر لە کۆنەوە لە جیهانداو لەعیراقی ئێمەشدا هەر هەبووە ٠٠ لەم ساڵانەی دواییدا سەری هەڵداوەتەوەو ئێستا بایەخێکی زۆری پێدەدرێ

**چونکە وێنەکان لەسنووری چوار دیواری تەسكو تروسکی هۆڵە تایبەتیەکانا گیرناخۆن بەڵکو ڕاستەو خۆ لەشەقامو شوێنە گشتی یەکانا یەخەگیری خەڵکی دەبێ ٠**

**ئەوا لە سلەیمانی یش دا ئەم هونەرە خەریکە شوێنی خۆی دەکاتەوە گەرچی هێشتا لەسەرەتای هەنگاو نانێتی ٠**

ڕۆژی ١٨-٦ پیشانگایەکی پۆستەر لەژێر چاودێری بەڕێز نەعیم حداد – وەزیری لاوان لە باخچەی گشتی کرایەوە لەم پیشانگایەدا (٣٠) هونەرمەندی سلەیمانی ( بەلام جۆر بەجۆر لەئاستی هونەریدا ) بەشداریان تیا کرد بوو کە ئەمانە بوون ٠

**بروانە ل – ٧ –**

# سەردانەکا دەزگەها بکارئێخستنێ ل دهوکێ

وەکی یا زانایە ئەڤ دەزگەمان یێت هاتینە ڤەکرن لعیراقێ ل سالا ١٩٧٠ پشتی یاسا یا ژمارە (١٥١) دەرچو. بێ گومان گەلەك کەس هەتا نهو کارێ ڤێ دائیرێ نزانن ئان تشتەکێ کێم ژێ زانن. لبەر ڤێ چەندێ مە چەند پرسیارەك ژ چەند فەرمانبەرێت ڤێ دەزگەهێ کرن دەربارا کارێ ڤێ دەزگەهێ.

بدلەکی خوش وەك بە پرسیارێت رشت لکارێ خو هەمیا بەرسڤا مەدا. پێشییێ هە برادەر عبدالله محمد رێبەرێ دەزگەهێ دیت ئەڤ پرسیارێت خارێ مە ژێ کرن.

پرسیار: ئارمانجێت دەزگەهێ بکار ئێخستنا پالا چیە؟

بەرسڤ: ئارمانجێت دەزگەهێ ئەون کو هەر پالەیەکی بێ کار ب کار بێخیت بێ دەستەکیا کەسەکی لویف ژمارا ناڤێ وی لنك مەئو لدیف شیانو شەهرەزایا وی دکاردا.

پرسیار: هەوە چ خزمەت بو تەخا پالا پێشکێش کریە ژ روژا هەوە دەزگەهەك پێكهینای مەتا نهو.

بەرسڤ: ژ پێك هینانا دەزگەهێ لدهوکێ روژا ١٤-١١-١٩٧١ هەتا نهو مە کار بو ٦٥٠ پالا یێ دیتی ژوان ٤٣ ژنن.

پرسیار: هژمارا ئەوێت بێ کار یێت خو تومارکرین (تسجیل) لنك هەوە چەندن؟

بەرسڤ: هژمارا پالێت بێ کار ئەوێت خو تومارکرین ئو دڤین کار بکەن حەتا روژا ٢٣-٦-١٩٧٥ (٧٠٦) مێرن ئو (٣٥) ژنن ژمێرا مە (٧٦) کەس یێت پالیوراوکرین (ترشیح) بو کاری (٢) کەس ژ ئەوێت خونڤیسین بوکاری ژیێ وان ژ هەژێ کێمتر ئو (٤٥) کەس ژی ژوان ژیێ وان ژ (٤٥) سالێ پترە. لبەر هندێ کەس وان نادەتە کاری.

پرسیار: گیروگرفتیت دریکا کارێ هەوە چنە؟

بەرسڤ: یا فەرە پالا باوەریەکا مکوم ب دەزگەهێ هەبێت بەلێ مخابن باوەریا وان ب دەزگەهێ گەلەك یا کێمە ئەگەرا وێ ژی ئەوە، چمکی پالێت بێ کار لپارێزگەهێ گەلەکن ئو کار یێ کێمە لسەر ڤێ ژێرا هندەك دائیرە پالا دەنە کاری بێێ مە هەنا کو گەلەك پالە ژوان لنك مە تومار کرینێ ئەڤەژی یا بیە ئەگەرا هندێ، پالێت بێ کار هەمیا خو لنك مە تومار ناکەن. هەلبەت ئەڤە زیانەکا مەزنە بو تەخا پالا چمکی کارێ دەزگەهێ ئەوە مەعلوماتا کومکت (ڤەکجەمینیت) لسەر پالائو بدەتە میری هەتا کو کارخاناو پروژا ڤەکەت دا بێ کاری نەمینیت لناف ملەتی. نەتومارکرنا بێ کارا لنك رامان ئەوە بێ کاری نینە یان یا کێمە پشتی مە رێبەرێ دەزگەهێ دیتی ئەم چونیە لایێ برادەر نزارشوکت یاریدەرێ ملاحظی ل دەزگەهێ دیسان ژویژی مە دوو پرسیار کر بەرشفا مە دا بدلەکێ شاد.

پرسیار: هەوە چ دەست هەلات هەیە هەکە دائیرەکا میری یان دەزگەهەکا خەلکی پالە بکارئێخستن بێی هەوە؟

بەرسڤ: بکارئێخستنا پالەیەکی بێی ئەوە کو دەزگەهێ بزانیت رێگەکا لگەل یاسا کا کار کرنێ برێك نوگەڤیت یا لسەر پەرسیارێت دەزگەهێ ئەوە ئاگاداری رێبەریاکاری بکەن (مدیریة العمل) لپارێزگەهێ چمکی ئەڤە ئەرکەکە ژ ئەرکێت وێ.

پرسیار: ئەویت خو لنك هەوە تومارکەن ل پتر بو نیە ئان ل کێم نینە؟

بەرسڤ: پشتی تەناهی بەلافبوی لدەڤەرێ پالێت بێ کار یێت خو تومارکەن ل دەزگەهێ بەرەو پتر بونێ یێت چن.

**صدیق علی ئامێدی**

# لە فۆلکلۆری کوردی گزی و باڵەکرە

**نووسینی: صفاء الدین نقشبندی**

دێهاتەکانی هەورامان بە باغو باغاتی جوان جوانو چرو پرەوە بە ناوبانگن، وە ئەم باغانەش پڕن لە دارو درەختی میوەی وەکو: تریو هەنجیرو قەیسیو هەڵووژەو هەرمێو توو گوێزو قۆخو گێلاسو هەنارو مێوو زۆر میوەهاتی تر، جگە لەمانەش بە دەوری باغەکانا داری (سپی چنار) ئەڕوێننو لە قەد پاڵەکانیشا باغاتی ڕەزەدێم ئەوە هەر لە ژمارە نایەت.

خاوەن باغەکانی ئەم ناوچەیە زۆر بە تەنگ پاکو تەمیزیو ڕێكو پێك کردنی باغەکانیانەوە ئەبن، وەکو: چاك کردنەوەی کەڵەکە ڕووخاوەکانی ناو باغەکانو پەین کردنی درەختو نەمامەکانو برینو لابردنی لقە ووشکبووەکانی دارەکان ـ کە بەم ئیشە ئەڵێن «ووشکە» وە پێوەن کردنی نەمامەکان بە جۆری باشترو پاك کردنەوەی جۆگە ئاوەکانو ئەو ئیشانەی تر کە پێویستن.

یەکێ لەو ئیشانە کە خاوەن باغەکان هەموو ساڵێك ئەیکەن، پاك کردنەوەی ناو باغەکانیانە لە خەوشو لقە ووردەی دارو پووشو پەڵاشو وورده بەرد. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ناو باغەکەو بنی دارەکان پاك بێتەوە، ئەگەر هەر بەرێك ڕزیو(٢) کەوتە خوارەوە پیس نەبێتو کەڵکی لێ وەر بگیرێت. توو یەکێکە لەو بەرانە کە ئەبێ بڕژێتە سەر عەرد ئەمجا دانە دانە کۆ بکرێتەوەو ببرێتە شوێنێکی پاکو سواغ دراوو لەبەر گەرمای تیشکی خۆرا هەڵ بخرێ بڵاو بکرێتەوەو دوای یەك دوو ڕۆژ کە باش ووشك بووەوە ئەبرێتە ماڵەوەو هەڵ ئەگیرێ تا ئەفرۆشرێ.

بۆ پاك کردنەوەی بنی داری ناو باغەکان، هەر خاوەن باغێك ڕۆژێکی تایبەتی دا ئەنێ بەو ڕۆژە ئەڵێن ڕۆژی (گزیو باڵەکرە) وە لە پێش ئەو ڕۆژەدا خاوەن باغ خۆی ئامادە ئەکات، ژمارەی پێویست گسكو باڵەکرە پەیدا ئەکاتو دەرو دراوسێی باغەکەیو دراوسێکانی ماڵیان بانگ ئەکات بۆ ئەم مەبەستە، ئەوانیش بە ڕوویەکی خۆشەوە بە دەنگیەوە ئەچنو لەو ڕۆژەدا واز لە ئیش وکاری خۆیان ئەهێننو بۆ ئەو کارە هەرەوەزیە خۆیان تەرخان ئەکەن. ئیتر ئەو ڕۆژە سەر لەبەیانی خاوەن باغو بانگ کراوەکان لە ژنو پیاوو کوڕو کچ، لە پیرو جوان بەرەو باغەکە ئەکەونە ڕێو هەر یەکە چەن بتوانێت لەشتومەکی پێویست هەڵی ئەگرێ هەتا ئەگەنە ناو باغەکە، لەوێ شتەکان دا ئەنێنو چاوێك بە باغەکەدا ئەگێڕن، وەدەستە بەشی لێ ئەکەن، هەر دەستەیێك پاك کردنەوەی تەلانێکی(٣) پێ ئەسپێررێت، ئەمجا دەس لە دەسو قەوەت لە خوا دەس ئەکەن بە ئیش کردن، پیاوەکان بە باڵەکرە بەردو خەوشەکە ڕا ئەماڵنو ژنەکانیش بە گسك بە دوایانا ئەڕۆنو وورده خەوشەکە ئەوی کە باڵەکرەکە ڕای نەماڵیوە ئەمان بە گسکەکانیان کۆی ئەکەنەوەو دووری ئەخەنەوە. کەیبانوی خاوەن باغیش لەگەڵ یەك دوو ئافرەتی ترا لە سووچێکەوە دەس ئەکەن بە ئامادە کردنی نانو چێشتو خواردەمەنی تر بۆ ئیش کەران، وە خواردنەکەش بە زۆری بریتی‌یە لە (یاپراخ)، چەن کیژۆڵەیێك ئەکەونە پەیدا کردنی گەڵا مێوی ناسكو دەس ئەکرێ بە پێچانەوەی یاپراخ، پیاوانو کوڕو کاژاڵو ئەوانی تریش خەریکی پاك کردنەوەی باغەکەن، دیارە لە ناو ئەو پیاوە زۆرانەدا یەك دوو دەنگ خۆشی هەر تیایە، جا ناو بە ناو ئەم دەنگ خۆشانە بە گۆرانی خۆش خۆش ماندوو بون لە بیری خەڵقەکە ئەبەنەوە، ئیتر دەنگی (سیا چەمانە)(٥) و (کنالەیل) ئەو ناوانە پڕ ئەکاتو جۆشو خرۆش ئەخاتە ناو ئەو چەمەوە.

کە تاقی بەیانی تەواو بوو، دەس لە ئیش هەڵ ئەگرنو بە کۆمەڵ دائەنیشنو سفرە ڕا ئەخرێو دەوری‌یە یاپراخی پڕ لە گۆشتو دووگی لە سەر ڕیز ئەکرێو نانی ناسكو تەڕە پیازو ئاوودۆی سارد دائەنرێو دەس ئەکرێ بە نان خواردن. کە لە نان خواردن بوونەوە چای خەستو خۆڵی بەسەلا ئەکەن، ئەمجا ئەکەونە قسەی خۆشو نوکتە گێڕانەوە.. دوای ئەوە ژنان بە جیاو پیاوان بە جیا هەر دەستەی لە تەلانێکا سەر خەوێك ئەشکێنن بۆ ئەوەی شەوێك بدەن چونکە ئیشی تاقی ئێوارەش ماوە دوای حەسانەوە دیسان دەس ئەکرێتەوە بە ئیش، بۆ وەختی عەسر کە ئیشەکە تەواو ئەبێ ئەمجا نۆبەی بەزمی هەڵپەڕکێیە، کۆڕی لێ ئەبەستنو دەنگ خۆشەکان ئەچنە ناو ئەڵقەی هەڵپەڕکێکەوەو بە گۆرانی (شیرینە خانم) دەسگرەکان ئەهێننە جمو جووڵی هەڵپەڕین، سەر چۆپی کێشیش ڕەفتە یا هەوری‌یەکی ئاڵو واڵی جوان بە دەستەوە ئەگرێتو چۆپی لێ با ئەداتو هەڵپەڕکێ دەس پێ ئەکات، دوای چەن سووڕێك کە هەست بە ماندوو بون ئەکەن وە بۆ ئەوەی نەختێ بحەسێنەوە هەڵپەڕکێکە لە (فتاح پاشایی)(٦) یەوە ئەگۆڕن بۆ (گەڕان)(٧). وە ئەگەر ئەڵقەکە گەورە بوو ئەیکەن بە دوو ئەڵقە بۆ ئەوەی هەڵپەڕکێکە بە ڕێکو پێکی بێت، وە زۆر جار ئەو ئەڵقانە ئەکەونە مونافەسەوە، لە خۆ نواندنو هەڵپەڕکێی جوانا. ئا بەم جۆرە ماوەیکی خۆش ئەدەنە سەر، ئەمجا دەس بەر ئەدەنو ئیتر ناوچەم خەریکە تاریك ئەبێت، ئەبێ ئەمانیش بکەونە خۆیانو بگەڕێنەوە بۆ ناو دێ، هەر لەوێ خاوەن باغ سوپاسێکی زۆریان ئەکاتو بە (لەشتان ساغ بێتو خوا لە منتان نەسێنێ) دوایی بە سوپاسەکەی ئەهێنێو بەرێیان ئەکاتو داوای لێ بووردنیشیان لێ ئەکات لە کەمو کوڕی. بەم جۆرە ڕۆژی (گزیو باڵەکرە) تەواو ئەبێ.

(١) گزی: بە لهجەی هەورامی مانای (گەسك)ە. باڵەکرە: دارێکە تەختەیەکی بانی پێوە نووساوە. ئەم دوو شتە بۆ پاك کردنەوە بەکار ئەهێنرێن.

(٢) لێرەدا مەبەس لە (ڕزی) ڕزینی دار نیە، مەبەس کەوتنە خوارەوەی بەری دارە بۆ سەر زەوی بۆ نموونە ئەڵێن: ڕەشە باتووێکی زۆری ڕزاندوە... هتد.

(٣) ناوچەی هەورامان چونکە ئەرزەکەی لێژە، باغەکانی تەلان تەلانەو هەر تەلانەی بریتی‌یە لە کەڵەکە بەردێكو پشتەکەی پڕ کراوە تەوە لە گڵو ڕیزەو درەختو نەمامی تیا نێژراوە.

بڕوانە ل -٧-

# هۆنراوەو نوێیایەتی لەهۆنراوەی کورددا

**نووسینی**
**عوسمان مستەفا خۆشناو**

**هۆنراوە:**

ئەگەر لە ڕووی زانیاری‌یەوە لە هۆنراوە بدوێین، چی‌یە، کەی ووتووە؟ هۆنراوە کە خۆی هونەرە، واتا ڕووداوەکی کۆمەڵایەتی‌یە بەڵام کەی وە لە کوێ کورد هۆنراوەی ووتووە، وە لە کوێ کورد هۆنراوەی هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم:

هۆنراوەی کوردی کۆنە کۆنی نەتەوەی کورد، وە لە هەر شوێنو جێگایەك کوردی تیا ژیابێت ئەوا هۆنراوەش لەو شوێنە ژیاوەو ووتویەتی، شاعیری کوردی ئەوسا وەکو مرۆڤێکی دوا کەوتووی کێوی لەوە ختێکا خۆی لە باوەشی سروشتی پڕ لە ئازا دۆزیەوە، لە باوەشی دۆڵو دەشتو ڕووبارو دارستانی چڕو کێوی سەخت، کە هەمووی ڕێکو پێكو جوان لە ژینو جووولانو بێ گەیشتنو مردنو جارێکی تر زیانەوە دابو بەپێی وەرزەکانی ساڵ، ئەویش هەولیدا، وەك شتێ تۆزێ لەو سروشتە مەزنە دەس کات بە دەربڕینی هەستو نووستی، دەربڕینی سەر سامیو ئارەزووی شاردراوەی بیری بەرامبەر جوانیو ناشیرینی خۆشیو ناخۆشی کە ئەی بینیو ئەی بیستو هەستی پێ ئەکرد، جا زمانو جوولانەوەو چاولێکردن و لاسایی کردنەوەی کردە شێوەو چوار چێوەی ئەم هەستو نووستە لەگەڵ کارتێ کردنی ئەم شوێنو هەوارەی کە تیا ئەژیا لە باوەشی کۆمەڵی خەلکانی ئەوسای خۆی نوختەی سەرنجو تەماشاکردنی و هەستیاری خۆی بە هۆنراوە دەرئەبڕێ، ئەگەر نەتوانین هیچ نموونەیەك لە هۆنراوەی کۆنمان لە زور زووەوە لە پێش ئیسلامو لە دواییدا پێشان بدەین لە بەر نەبوونی سەرچاوە ئەوا ئەو سامانە زۆرو قەشەنگەی کە بەشێوەی هۆنراوەی چیرۆکیو داستانو بەیتو بەندو حەیرانو قەتارو خاوکەر لە دێر زەمانەوە بۆمان بەجێماوە لە زمانی ئەو وئەم، یا ئەوانەی تۆمار کراون لە کەشکۆل وپەرتووكو کتێبو دیواناندا لە سەدەی هەژدەم بەم لاوە، ئەتوانین زوو دەست نیشانیان بکەین، زۆربەی ئەو سامانە جێماوەش ووتمان هۆنراوەیە، لەڕێو دواکەوتوویی زمانی کوردیو نەبوونی خوێندەواریو نزمی پلەی زانستیو کارتێ کردنی ئاینو باوەری ئیسلامو باوەر بەخۆ نەبوون ببوونە هۆی ئەوەی بەچاوێکی سووك تەماشای زمانی کوردی بکرێت، وە بەتێکرایی شەقڵی خۆیان لە هۆنراوەی کوردی داوە، بێ هێزیان کردووە لەڕووی شێوەو ناوەرۆکەوە، وە کەوتبوە ژێر باری چاو لێکەریو سەر ڕێبازی هۆنراوەی دراوسێکانمان تورکو فارسو عەرەب، بۆیە ئەبینین هۆنراوەی کوردی ئەوسا، واتە، هۆنراوەی گشتیودیاریان لە شێوەی جووتەو بە ئەستووگەیی هاتوونەتە خوار لەسەر یەك پێوانەوکێش، کورت یادرێژ دواهاتوو بە پاش بەندبەپێی پیتی ئەلفو بای عەرەبی داڕشتراوە وهۆنراوەتەوە، ئەمە لە ڕووی شێوەو بابەتەوە، هەروەها ناوەرۆکی ئەو هۆنراوانەش، بریتی بوون لە دەروێشیو گریەو زارو پیا هەڵ ووتنو لاواندنەوەو دڵداریو هەندێ جار بە جەنگ هەڵ ووتنو زەم کردن (هجاء) هەر وەك، لەشێوە ووردەکاری و داڕشتنو سەلیقەی جوانیو ڕەوانی دەرئەکەوت، هەر چەندە وێنەی دوپات کراوە لە زمانەکانی ترەوە بەکار هێنراوە، وەك: چواندنی بەژن بە چنار وعەرعەر، برۆ کە بە بەتاقو مانگی یەك شەوی وکەوان، نیگاش بە تیرو بڵێسەی ئاگرو بروسکە، بەژن بە ئەلف لەڕاستیو خۆشیداو بە «نوون» لە خەم باری وناخۆشی دا .. هتد

نوێیایەتی لە هۆنراوەی کورددا:

نوێ یایەتی وەك ماخولیایەکی سروشتی بە شێوەی پێویستی یەکی کۆمەڵایەتی لەبەرە بەیانی ژینی مرۆڤدا دەرکەوتووە، واتە لەو ڕۆژەوەکە مرۆڤ کەوتووەتە سەر دووقاچ لە ڕۆیشتنا، ئەوا لە ئیش کردنو بیرکردنەوەو لێ ووردبوونەوەو تەقەلادایە بۆ گۆرینی ژینی لە هەموو ڕوویەکەوە لە نزمی وخراپی بۆ بەرزی وباشی، چ لە ژینی ماددی وەك: خواردەمەنیو شتی خواردنەوەو کەلو پەلو جێگای نووستن یاخود ژیانی گیانی وەك: بیرو هۆشو ووتنو ئاوازو نەخشو هەڵکەندنو نواندن بەم تۆزە سەرەتایەکە باسی نوێیایەتیمان کرد بە شێوەیەکی ڕووت «تجرید» ئەمانەوێ بێینە سەر نوێیایەتی لە هۆنراوەی کوردی سەردەم، وە بەتایبەتی هۆنراوەی ئەم دە پانزە ساڵەی دوای(١) تەمووز ناوی ئەبەم(٢) ئەو هۆنراوەی کە بە هیچ کلۆجێك نا بێ ڕەگی لە زەوی وێژەی نەتەوایەتیمان جیابکرێتەوە ئەو هۆنراوەی کە کاروانی نەبەزی زۆر لە کۆنەوە بەرێکاوەیە، لە شەوگاری سەختو پڕ لە مەترسی نەرەویتەوە، بەپێچەوانەوە، هەر ڕۆیشتووە وئەڕوات بەبێ ڕاوەستان، وە لە ڕۆیشتنیا گزنگی خۆری نوێ خوازی خستوەتە سەر نیو چەوانی، هەموو هەوڵو تەقەلایەکی نوێ وەك چوزەرە سەری لەزگی کۆندا دەرهێناوە وپاش چەندان ئەرکو ئازارو بەربەرەکانیو بەرهەڵستی، لە بەرجوانیو باشیو لێوە شاوەیی خۆی بەسەرکۆنی ئەوسادا سەپاندووە لە وەختو سەردەمێکی دیاری کراوا کە جۆری ژینی ماددی خەڵکەکەی تیا گۆڕاوە بە هۆی پەیوەندی نێوانی خەڵكو کەرەستەی هێنانە بەرهەم، یاخود لە کەلێنی دراوسێکانەوە، تورك وفارس وعەرەب، بەڵێ لە کەلێنی ئەم دراوسێیانەوە شەماڵو فێنکایەتی گۆڕانو نوێیایەتی لەوێڕە بەتایبەتی لە هۆنراوە کەیشتوتە هۆنراوەی کوردی، ئەمە بۆمان دەرئەکەوێ کە نوێیایەتیش وەك شادەمار لە گیانی وێژەی کوردەوا ڕیمان نەپچڕاوە هەتا ئەمڕۆو ناش پچڕێ، کە نوێیایەتی سەردەمانیش بریتی‌یە لە درێژ بوونەوەی قوتابخانەی گۆڕانی نەمر، کە ئاڵا هەڵگرەکانی لە کوردستانی عیراق ئەمانەی دیارن هەردی دڵدار، کامەران، خۆشناو، دیلان، شاربازێری، عبداللە پەشێو، چەندانی تر، کە تا ئەمڕۆ هەندیکیان ئەسپیان لە کۆڕی نوێ خوازی شیعری کوردی غار ئەدا.

**ماوەیەتی**

**(١) مەبەس لە هۆنراوەکانی دوای چواردەی تەمووزە.**

**(١) سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**«ماوەیەتی»**

- **مرآة النفس: لیونیل تریلینغ.**
- **مجلة الکلمة: عدد ممتاز سنة ١٩٦٨.**
- **قضایا الشعر المعاصر: نازك الملائکة.**
- **الواقعیة في الادب الکردي الدکتور عزالدین رسول.**
- **تطور الادب الامریکي: روبرت سبیلر، ترجمة: توفیق صایغ.**
- **مێژووی ئەدەبی کوردی: علاء الدین سجادی.**

## پۆستەی خوێنەران!

● برایان: شێروان حەسەن حوسنی، جەمال غەمبار عباس شوان نیاز، شێرزادبەرزنجی، أبو بکر خۆشناو، سلام ڕەسول رحمن، نەوزادخەزنەدار، أحمد ڕەسول پشدەری، پێشڕەو، ابراهیم سعید، سەربەست محمد أمین محمد بەرزنجی علی، سلام کورد، مەهداوی ئەحمەد، جەمال ڕەشید محمد، چالاك عمر ساقی، طە ڕەسول ابراهیم، ئازاد محمود مصطفی، ببورن لەمەو دووا شتی وا بلاو ناکرێنەوە، هیوادارین، بەرهەمی سەرکەوتو ترو سوود بەخشمان بۆ بنێرن.

● **کاکە بارام:**

خوزگایە باسی شانۆگەریەکەت لە قاڵبێکی ڕوژنامە نوسیانە دابوایە.

● **بو خاوەنی (نامەیەکی کراوە بو خوشەویستەکەم).**

وا بزانم نامەکەت بەپوستەدابناردایە باشتر بوو، دیسان (زەنگی کاروانی شەو)ەکەشتان چەند خۆش ئەبوو بۆ بلاوکردنەوە بشیایە.. شیعرە کەشتان بە جۆرێك ڕەمزو ڕەمزکاری لە خۆیەوە پێچابو نەمانزانی مەبەستەکەتان چیە!

● **بۆ خاوەنی (ئەوڕێگایەی کە لە بەرمە):**

بەوجۆرە ڕێگاکە نابڕدرێ کەدەست نیشانت کردوە

● **بۆ خاوەنی (زەردەشتو پەیامێکی ئاویستا)**

سەرچاوە یۆنانیەکانو مێژوی ڕوژ هەڵاتی کۆن بەوجۆرە باسی زەردەشت ناکەن.. دەست نیشان نەکردوە. ئێوەش هیچ سەرچاوەیەکتان

بڕوانە ل: ٧

# ئاهەنگ و شایی لای یەزیدیەکان

**خلیل جندی**

هەرچەند باری ژیان ئاسان بێو دۆخی کۆمەڵایەتی ڕامیاری لەسەر خۆ بێتو کیشەو گیروگرفتی خەڵکی کەم بن ئەوەندە خەڵك بەدوای خۆشیو ژیانی ئاسوودەو ئاهەنگو بەزم دا ئەگەڕێن.

کە شارستانیتی نوێ دێتە پێشەوەو خورەوەشتی تازە بنجی خۆی دائەکوتیو شتی نوێ لە هەمو لایەکەوە سەر هەڵ ئەدەنو لەگەڵ کۆنا ئەکەونە بەربەرەکانێو ئەنجام ئەوەی بە کەڵك تر بێ ئەیبیاتەوە.

ئەگەر ئێمە لەو باوەڕەدا بین کە ئەڵێ مرۆڤ پارچەیەکە لە کۆمەڵو کۆمەڵیش بە حوکمی سروشتو کارتێ کردنی ئەگۆڕێ.. ئینجا لێرەدا باسی شاییو ئاهەنگی یەزیدیەکان ئەکەین کە ئەویش رویەکە لە روەکانی کۆمەڵو بە پێی باری ئابووریو سروشتی کومەڵ ئەگۆڕێو لە قاڵبیکەوە ئەچێتە قاڵبێکی تر.. لە ناو یەزیدیەکاندا ژنو پیاو گەورە بچوك بەشداری شاییو ئاهەنگی زەماوەن ئەکەن. ئەم شاییو ئاهەنگانەش چەند جۆرێکە:

یەکەم: ئەوانەی بەگشتیو هاوبەشن کە هەمو یەزیدیەکان ئەیگرێتەوە ئەمەش شێوەیەکی ئاینیی پێوەیە.. لەمانەش هەندێکیان وەرزینو هەندێکیان چەسپاون وەك:

**١ - جەژنی جەما:**

کە زوربەی یەزیدیەکان لەلالش کۆ دەبنەوە حەوت ڕۆژ ئاهەنگ ئەگێڕن لە ٢٣ی ئەیلولی ڕۆژهەڵاتی تاکو یەکی چری یەکەم دەکێشێت:

**٢ - جەژنی چلەی هاوین:**

هەروەکو جەژنی جەمایە، بەڵام ماوەی ئەم سێ ڕۆژە لە مانگی (ئاب) دایە.

**٣ - جەژنی سەری ساڵ:**

کۆنترینو گەورە ترین جەژنی یەزیدی یەکانە بەرانبەر بە جەژنی نەوروزە، ریکەوتی یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسانی روژهەڵاتیە. ئەم جەژنە بە پێی ناوچەکان ئەکرێ.

جگە لەمانەش ئاهەنگی ناوچەیی لە هەمو گوندەکانا سازئەکرێ بەناوی ریزگرتنی مەزاری گوندەکان کە لەو ڕوژەدا سەر لە مەزارگاکان ئەدەن. گەورە ترین و بە ناوبانگ ترین یان (باشیكو بەحزانە) کە لە چوارشەممەی سەری ساڵدا ئەکرێ.

جگە لەمانەی باسمان کردن هەندێك بواری تر هەن کە پشت گوێ خراون.. بەڵام بەپێی خوو ڕەوشتی کومەڵایەتیمان جوانترین شاییو ئاهەنگ لە وەرزەکانی بەهارا هەڵدەقوڵێن دیسانەوە لە بەهارا رانەمەڕ لە چۆڵێکدا مۆڵ ئەدەنو تێکرا ئاژەڵ تێکەڵاوی یەکتر دەبنو دەنگی کارو بەرخو تەقەی قاپو قاجاخو دەنگی کابان تێکەڵاو دەبن لەوێدا بەهاری سروشتو بەهاری ئادەمیزاد یەکانگیر ئەبن.

دیمەنی ئەم شایی و ئاهەنگانە روالەتی نەریتی کومەڵایەتی کۆنو ئەمڕۆ نیشان دەدەنو گیانێکی تازە لەبەر سروشتو ئادەمیزادا ئەخولقێنێ.



Institut kurde de Paris

## پاشماوەی راپۆرتی ناوخۆ

عیراق‌و پیشخستنیان ونزیك کردنەوەو نەهێشتنی ئەو ماوە بەرینەی نیـــوان لادێ‌و شارەکان یەکێــــکە لەو بەتەنگەوە هاتنە ٠

وەك ئاشکرایە ئەو پارەیەی بەرێوەبەرایەتی گشـــتی ئاوکارەبا بو لادێ‌و دیهـــاتەکانی تەرخان کردووە لــــە پرۆگرامی پەرەپیدانی ئەمسالدا گەیشتۆتە ٢٢ ملیـــۆن‌و ٤١٦ هەزار دینار ٠

وە لە لایەکی تریشەوە رێك خســــتنی ئاو دێری‌و پەرەپیدانی کشــــت‌وکاڵ شۆڕش بەلایەنێکی گەورەی داناوەو بایەخێکی زۆری پیداوە ، بەوبۆنەیەوە شارەزایانی ولات‌و ولاتی سۆڤیەت لە دەزگای تەکنوبروم ئەکســپۆرت لە پرۆژەی بەنداوی حەدیسەدا دەستیان کردووە بـــــە ئیش کردن ، کە ئەم پلەیەی ئەوپرۆژەیە ٢١٠ ملیــــون دیناری تێ دەچێت ٠

ئیمە کە هەندی لە پرۆژانـــە ئەخەینەپێش چاو کـــە شورش دەیەوێت بیان هێنێتەدی ، ئەبی ئەوەندە وریـــاو بەهۆش بین ئەوە بزانین ئەوە هۆیەکە لەو هویانە دەستەو دایەرە ئیمپریالیزمێکان لە جمو جۆلێکی دژبە شۆڕشدان ٠

وەرژێمی ئەمرۆی سوریاش دەوریکی بالا دەبینێـــت لەو پیلانانەی دژبە شۆڕشی ١٧ی تەموز دەگێردرێت ، وە هەموو توانایەکیش بۆ ئـــــەو ریبازە چەوتەی تەرخان کردووە ٠

بەلام جەماوەری گەلەکەمان لـــە عیراقـــدا ئەوەی سەلماندووە کە زۆر لەو هەلسووکەوتانە ورياترەو هەمیشە کوتەك بەدەستە بوسەرپان کردنەوەی هەمـــوو پیلانێکی چەپەڵ ٠

ئەو بروسکانەی لـــــە جەماوەری گەلەکەمان بـــۆ سەرکردایەتی حیـــــزب‌و شـــۆرش نیردراون رادەی ئەونارەزایە دەردە برێت بەرامبەر ئەوکردارانەی رژێمی سوریا دەیان نوینێت‌و ئەوە شیان دەرخستوە کە هەمیشە ئەوجەماوەرە پشتی ناوە بەپشتی شورشەوە ٠

ئەمرۆ هەموو گەڵ وەك شورەیەکی پۆلاین لە پشتی سەرکردایەتی‌یە شۆڕشگیریەکەیەوە راوەستاوەو ، بـــە یەکێتیی نیشتمانی هەمـــــو هەوڵ‌و تەقەلایەکی گلاوی ئیمپریالیست‌و کۆنەپەرستان تێك‌و پێك دەدات ٠

## پاشماوەی پۆستەی خوێنەران

● **خوشکە ( ٠٠٠ زەنگنە):**
شیوەی دارشتنی باسەکەتان نەختێك لاوازە ٠

● **بۆ خاوەنی ( پارچـــەهۆنراوەیەکی سالی ٩٢٠ ) :**
جگە لەوەی کە هۆنراوەکـــەبۆ بلاو کردنەوە ناشــــێ بواریشی تێپەڕیوە ٠

● **بۆ خاوەنی ( بۆتـــــان ئەگێڕمەوە ) :**
ئامۆژگاریەکەت لەســــەرسەرمان ئەگەرچی لە وەئەچێ پێت لەرویەکی ژیانی رابوردویخۆت نابێ ٠

● **کاکـــەی خاوەنـــی( دوروخساری کوردەواری ) :**
لەو جۆرەباسەمان لە مەوبەرزۆر بلاو کردۆتەوە ٠

● **کاك غەریب قـادر :**
مەسەلەکەی ئێوە بەپـــێی‌شەرع ئەبڕێتەوە ، ئەگـــەر ئەتوانی بچۆ بۆ لای مەلایەکـــی‌زانــــا ، ئـــــەو بۆت رون ئەکاتەوە ٠

● **کاك رەمەزان :**
مەسەلەکە وەکو تۆ چـــۆن ئەتەوێ وای لێ هات

● **بۆ خاوەنی ( بێ‌کاری ،ژیانی ئافرەت ، ئازادی ) :**
بۆ چێ ئەم جۆرەباســـانەنەبێ هـــەر بـــە شــــيعر بنوسرێن ؟

● **بو خاوەنی ( ئاری چۆن راز لە کوڵان ئەهێنێ ) :**
بە شیکی زۆرکەم لە مندالی کورد سود لەو نەخشـــەیە وەرئەگرێ ، ئەبـــوا دوای نوسینەکە باسەکەت جاریکی‌تر بخویندابایەوە ٠

● **بۆ خاوەنی ( وێنەیەك لەکوردستانەوە ) :**
وێنەکەتان جارێ با بمێنێ ٠

● **کـــاك ئاراس‌و کـــاك‌سامان :**
ئەبوا داخوازیەکەتان بـــــە شیوەیەکی رێك‌و پێك تر بـــە ئەوقافی سلیمانی بدایە ٠٠

● **کاك ئەحسین مامەسەنی:**
باسەکەتان وەکو بابەتیکـــی ئەدەبی سەرنجی مەسەلەکـــەی نەداوە ٠

● **کاك حەســـەن محەمـــەدعـــەلی :**
ئەوەبۆ دەسخەتەکـــــەت ناخوێندرێتە وەبرا ؟

● **بۆ خاوەنی ( لانــــەی خۆشەویستی ) :**
زورکەس وائەزانن شـــیعر چارەسەری هەمو مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی ئەکات ٠

● **کاك ئیبراهیم عوسمان :**
ئەبوایە جۆرێکـــــــــی‌ترپرسیارەکانت بکردایە !

● **بۆ خاوەنی ( سەرنجێکی‌زمانەوانی ٠٠ ) :**
داخمان ناچێ دەسخـــەتەکـــەتمان بەباشـــی بـــــۆنا خویندرێتەوەو ناشـــتوانین‌دەسکاری بکەین چونکە باسەکە زانستیانەیەو رای تایبـــەتی‌خۆتانە ٠

## لەگـــەڵ نووسەرانی دواڕۆژا

**راست‌و چەپت بەسەر ئەم ژینا هێنا**
**هەزاران جار بۆ گۆڕینی خۆت دانا ٠٠٠**
**کچی کوردم**

★ لە هەولێرەوە کیژ ( چیمەن ئەحمەد کاویس ) پارچە شیعریکی بو ناردووین بە ناوو نیشانی ( کچـــی کوردم ) ٠ چیمەن لەم پارچە شیعرەیدا ئەڵێ :

**کچی شەوگاری کوردستانم**
**وشەی فەرهەنگی تابلۆکانم**
**دێری کتێبی داستانەکانم**
**ڕەنگی نهێنی پەیکەرەکانم**
**بەستەی سیمفۆنیای خەونەکانم**
**من گۆرانی‌ی دارستانم**
**دەنگ‌و ڕەنگی زامەکانم**
**خوونای سەر گەلاکانم**

## پاشماوەی : شـــاهێت مللەتی

چارەسەرکری برەنگەکـــــێ ئاشتی‌خوازو دیموکـــــراتی‌و حوکمی ذاتی بجە ئینانەی بـــوملەتێ مەیێ کوردو چڤــــانا تەشریعی‌و تەنفیذی دروست‌کری بو مللەتێ مە ئەڤ دەستـــت کەفتێت هە بێت مەزن ناڤەروکاشورەشا ١٧ تیرمەهێ دیـــار دکەن ٠

شورەشا ١٧ تیرمـــەهێ‌شورەشا هەمی مللەتی‌یــــە شورەشا کوردو عەرەبایەو هەمی کەماتییێن نەتەوەیی یێت برا ٠

بێدڤیە هەمی وەلاتیێــــت دلسوزو خەباتکەرە پتر لـــەوز ئالا شورەشێ‌و سەروکاتی‌یا وێ‌کوم‌بین‌و بهەمی شیان‌و ڤەژنەکا خـــو پشتگیری‌یا وێ بکەن‌و تەڤرا کاربکەن ژبو بجێ‌ئینـــانا ئارمانجێن پیروزێت شورەشێ‌و بریارێت کونگرێ سەرکەفتی‌یێ هەشتێ ٠

## پاشماوەی فولکلوری کوردی

**(٥) سیا چەمانە : گۆرانـی‌یەکی خۆشی هەورامیانەیە ٠ ووشەی ( سیا چەمان ) واتە :چاو ڕەشەکان ٠**

**(٦) فتاح پاشایی : هەڵپەرکێ‌یەکە لــــــە ناوچەی هەوراماندا زۆر باوە ، لام وایەپێ‌یشی ئەووترێ (سێ پێ یی)**

**(٧) لە هەڵپەڕکێدا کــــەهەستیان بە ماندوو بوون کرد هێواشی ئەکەنــــەوەو پێ‌ی‌ئەڵێـــــن ( گەڕان ) گۆرانی گەڕان بە زۆری ( های مەچـۆمەچۆ خانمە خاسەکەم )٥ ٠**

## پاشماوەی : گۆشەی منالان

**ئازاد شەوقی ، ئــــازادحەمەدی ، ئاسۆ محمد شریف ، ئاسۆ ئاوات ســـــەیفەددن ،ئیسماعیل محمد شریف ، ئومێد شالی ، ئەکرەم سەعیــــد ،بێستون عبدالقـادر ، پێشڕەو غەنی ، جیهان محمود ، دلشادصاحبقران ، دارا حمە سەعی ، هەنگەوت حمە جزا حمە علی ،حیکمەت هندی ، محمد سـعید مەریوان ئیسماعیل ، محەمـــەدعومەر ، محمود کاکە ، نووری ئیسماعیل ، نەزاد مجیـــــدسامیە صاحبقران ،عەلی ئەحمەد عومەر توفیق ، فەرەیـــــدون‌قازی ، فەرەیدون محمد فرج ، قاسم الزبیدی ، قادر میرخان‌شێرکۆ چەخماخاز ٠**

بە هەموویان (٤٢) تابلۆیان‌پێش‌کەش کرد بوو زۆربـــەی تابلۆکانیان دەربارەی ســـالی‌ئافرەتانی جیهان بـــوو ٠٠ هەندێکیشــــیان دەربارەی‌مەسەلەی خەبات‌و ئاشـــتی نەورۆز بوون ٠

## پاشماوەی : رووناکـی

خۆمالی کردنی نـــەوت‌وبەرەی نیشتمانی‌و بەیان نامەی ١١ی ئازارو یاسای ئۆتۆنومی‌وئەوگۆڕانە شۆڕشـــــگیریە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسیەرەوانانە لە مـــەودای عـــەرەب‌و ولاتاندا ، کارێکن توانـــــای‌شۆڕشگیری‌و قوولی ستراتیژی‌و کرداریکی خەبات گیرانەی بالادەست نیشان دەکەن ٠

گەلی عیراقمان ئەمـــــرۆلەم رۆژانەدا لەگەڵ بیرەوەری شۆڕشە مەزنەکانی ١٤ و ١٧ی‌تەموزدا دەژی ، ئەوە چـــاك دەزانی کە ئەوانە بێ تێکۆشان‌وخەباتێکی خویناوی بەردەوام‌و قوربانیدانێکی گـــــەورەو زۆرنەهاتۆنەتەدی بۆیە بێ هـــودە خەبات دەکات وپارێزگـــاری یەکێتی ریزەکانی گەڵ دەکـــات وپیلانەکانی ئیستعمار لە گۆردەنێت ، ئەو گەلەی لە ژێـــــر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمـــوزوسەرکردایەتی پارتی بەعســـی عەرەبی سوشیالیستدا ئەژی ،ئەوە چاك دەزانی تێکەلاو بوونی بەو سەرکردایەتی‌یـــــە و وەبەرگرتنی ریبازە راستەقینەکەی ئەو ریگەی راســــــتە بـــــۆسەرکەوتن‌و وەدەست خســـتنی دەسکەوتی بەردەوام ٠

## بۆزانـــــــین

**بەریوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبا**
**لە پرۆژەکانی نەخشەی گەشە پێ‌کردنی نەتەوەیی**

**بۆزانینی ژمارە (٣٨/١٩٧٥ )**

**( مناقەسەی فراوان کردنی پرۆژەی ئاوی خانەقین ـ منذریە لە پارێزگەی دیالە )**

١ ـ بەمە رایئەگەیەنین کـــە مناقەسەی فراوان کردنی پرۆژەی ئاوی خانەقین ـ منذریە لە پارێزگـــەی دیالە هەیە بەپێ‌ی مەرجەگشتی‌و مواصفاتە تایبەتی‌یەکان کە لـــە بەشی حقوق‌و عقود لە بەریوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبا دەست ئەکەوێ کاتێك شەهادەی ژووری بازرگانی نیشـــــان ئەدرێ‌و بەرامبەر بە (٥٠) پەنجا دینار بۆ یەك دانە ٠

٢ ـ پێویستە لەسەر بەلێندەرانی ئارەزومەند تەندەرەکانیان بە هەر دوو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی بەپێ‌ی ئـــەو تەعلیماتەی لەگەڵ مەرجاکاندایە پێش‌کەش بە ســــکرتیری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بکەن لــــــە دیوانی ئـــەم بەریوەبەرایەتیە ٠

٣ ـ ئەم شەهادەو وەسیقانەی خوارەوە لەگەڵ تەندەرەکەدا ئەخرێنە زەرفێکەوەو پێشکەش ئەکرێن :ـ

أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی ( ٧٢٠٠ ) حەوت هەزارو دوو سەد دینار نەختینە یان بە شیوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لە مێژوی داخستنی مناقەسەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ئیش بکات یان چەکێکی تصدیق کراو بێ لەلایەن مەسرەفێکی ریگادراو بە کاروباری ( صیرفە ) لە قطردا ٠ هەر تەندەرێك تەئميناتەکەی لەگــــەلا نەبێت یان بەپێچەوانەی داواکراوەوە پێشکەش بکرێت پشت گوێ ئەخرێ ٠
ب ـ نەخشەو کەتەلۆك‌و نەخشـــەی توصیلاتی تفصیلی تەندەرەکان ٠
ج ـ ئەو وەسلەی مواصفاتەکانی پێ کردراوە ٠
د ـ شەهادەیەکی نوێ لە بەریوەبەرایەتی باجی دەخل یان وێنەکەی ٠
هـ ـ بەرنامەیەك دەربارەی کاتی کارەکە ٠
و ـ لیستەیەك دەربارەی ئەوکـــــارو قۆنتەراتەی‌کاتی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە ئەستۆی بەلێندەر دابوون ٠
ز ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی کردوونی ٠
ح ـ وێنەیەکی تصدیق کراوی پەیمـــانی دامەزراندنی کۆمپانیاکەیان پرۆگرامە ناو خۆییـــەکەی ( ئەگـــەر مناقص کۆمپانیا بێ ) یاخود وێنەیەکی تصدیق کراوی پەیمانەکـــە ئەگەر دامەزراوە بازرگانی‌یەکە لە کەسێك پتر بێ ٠

٤ ـ هەر بەلێندەرێك شەهادەی تصنیفی بەلێندەرانی هەبێ ریگای ئەدرێ لەم مناقەسەیەدا بەشداربێ‌و هـــــەر تەندەرێك بە پێچەوانەی ئەمەوە بێ پشت گوێ ئەخرێ ٠

٥ ـ تەندەرەکان تاوەکو رۆژی سێ شەممەی ریککەوتی ١٧ـ٨ـ١٩٧٥ یان رۆژێك دواتر وەرئەگیرێن ئەگـــەر هاتوو رۆژی داخستنی مناقەسەکە عطلەی رەسمی بوو ٠٠ بەلێندەر ئەتوانێ لەکاتێ کردنەوەی تەندەرەکان بۆ ئاگـــادار بوون ئامادە بێ ٠

٦ ـ ئەبێ هەموو تەندەرێك پولێکی دارایی (٥٠) فلسی لەگەلا بێت ٠

**مصطفی عبداللطیف**
**جێگری بەریوەبەری گشتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبا**

**٢ـ١**

## ـ بۆزانین ـ

**بۆ خاوەن کارگەکانی دانەوێلە وبرێش‌و ساوەر**

بە پێ‌ی سیاسەتی حکومەتی شۆڕش کە ئەیەوێت هەموو پێویســـتیەکی خواردەمەنی بۆ هاوولاتیـــەکان زامن بکات وەبەمەبەستی ئەوەی هەموو پیویستیەك لە دانەوێلە زامـــن بکرێ داوائەکەین سەربدەن لە بارەگای دەزگاکەمان لەبەغداو سایلواتەکانی ســــەربەم دەزگایەلە پاریزگاکاندا بــــەم نووسراوانەوە :

١ ـ پشت گیری لە بەریوەبەرایەتی رێکخستنی یارمـــەتی گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی بەنیسبەت ئەوکارگانەوە یاسای گەشەپی دانی پیشە ســــازی ئەیانگرێتــــــەوە بەدیاری کردنی ژمارەی ئیجازەو بەرهەم‌و جــــوزی بەرهەمو معلوماتی ترەوە ٠

٢ ـ بەنیسبەت کارگە بچکۆلەکانەوە کەیاســــای ناوبراو نایان گرێتەوە ، نوسراویك لە دەزگای بەریوەبەرایەتی ئەو شوێنەوە کارگەکەی تیایە ئەهێنرێ کـــە دەزگای پشکنینی سەربە دامەزراوی گشتی دانەوێلە پشت‌گیری کردبی وبەم جۆرە :
أ ـ پشت‌گیری باشی ئەوکارگەیە بو بەرهەم لـــە هەموو روویەکەوە ٠
ب ـ دیاری کردنی بەرهەم‌و چەنیەتی ٠
ج ـ دیاری کردنی‌و ســــەلماندنی بەکارنە هێنـــانی کارگەکە بۆمەبە ستی‌تر٠
د ـ سەلماندنی پیویستی ناوچەکە بەوکارگەیە ٠
هـ ـ ئیجازەی تەندروستی مۆرکراو لە دەزگایەکی رەسمی تەندروستی‌یەوە ٠

٣ ـ برگەکانی ج ٠ د ٠ هـ لە سەرەوە کارگـــەی گەورەو بچکولە وەك یەك ئەگرێتەوە ٠ هیوادارین بۆ خزمـــەتی هاوولاتیاتی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان هاوکاری مان لەگەڵ بکەن ٠

**بەریوەبەری گشتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی**
**ابو طالب عبدالمطلب هاشمی**

## بۆزانـــــــین

**وەزارەتی شارەوانی‌یەکان**
**بەریوەبەرایەتی گشتی ئاوو کارەبا**
**لە پرۆژەکانی نەخشەی گەشە پێ‌کردنی نەتەوەیی**

**بۆ زانینی ژمارە ( ٣٥/١٩٧٥ )**
**( مناقەسەی هەڵکەندنی خەندەق‌و راکێشان‌و بەستن‌و دفن‌کردنی بۆری ئاوی ئەلبو عەلکە لـــــە پارێزگای دیالە )**

١ ـ بەمە رایئەگەیەنین کـــە مناقەسەی هەڵکـــەندنی خەندەق‌و راکێشان‌و بەستن‌و دفن کردنی بۆری ئاوی گوندی ئەلبو عەلکە لە پارێزگەی دیالە هەیە بە گوێرەی ئەو مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە تایبەتی یانەی لە بەشی حقوق‌و عقود لە بەریوەبەرایەتی گشتی ئاوو کارەبا دەست ئەکەون کاتێك کە شەهادەی ژووری بازرگانی نیشان ئەدرێ بەرامبەر بە (١) دیناریك بۆ یەك دانە ٠

٢ ـ پیویستە بەلێنـــــــدەرانی ئارەزوومەند بـــە پێ‌ی تەعلیمات کە لەگەڵ مەرجەکاندا هەیە تەندەرەکانیان پێشکەش بە سکرتیری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بکەن لە دیوانی ئەم بەریوە بەرایەتی‌یە ٠

٣ ـ ئەم شەهادەو وەسیقانەی خوارەوە لەگـــــــەڵ تەندەرەکەدا ئەخرێنە زەرفێکەوەو پێشکەش ئەکرێن :ـ

آ ـ تەئميناتێکی سەرەتایی (٩٠) نەوەت دینـــــــار نەختینەیان بە شیوەی کەفالـــەتێکی مەسرەفی کەلەکـــــاتی داخستنی مناقەسەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ئیش بکـات یان چەکێکی تصدیق کراو بێ لە لایـــەن مەسرەفێکی ریگادراو بەکاری ( صیرفە ) لە قطردا ٠ هەر تەندەرێك تەئميناتەکەی لە گەلانەبێ یان کەم‌و کوڕی تیادابێ یان بە پێچەوانەی دوا کراوەوە بێ پشت گوێ ئەخرێ ٠
ب ـ ئەو وەسلەی مواسەفاتەکەی پێ کردراوە ٠
ج ـ شەهادەیەکی نوێ‌ی باجی دەخل یان وێنەکەی ٠
د ـ لیستەیەك دەربارەی ئەوکـــــارانەی لەمـــەئەچن‌و بەلێندەر کردونی لەگەڵ ئەوانەی پێ‌ی سپیردراون ٠

٤ ـ هەر بەلێندەرێك شەهادەی تەسنیفی بەلێندەرانی هەبێ مافی ئەوەی هەیە لەم مناقەسەیەدا بەشدار ببێ ٠

٥ ـ تەندەرەکان تاوەکو کۆتایی دەوامی رەسمی رۆژی سێ شـــــەممەی ریککەوتی ٥ـ٨ـ١٩٧٥ یان رۆژێك دواتر وەرئەگیرێ ئەگەر هاتوو رۆژی داخستنی مناقەسەکە عطلەی رەسمی بوو ٠٠ بەلێنـــــدەر ئەتوانێ لـــە کاتی کردنـــەوەی تەندەرەکان ئامادەببێ بو ئاگـــــادار بوون لە کردنـــەوەی تەندەرەکان ٠

٦ ـ ئەبێ پۆلێکی دارایی (٥٠) فلسی بە تەندەرەکەوەبێ ٠

**بەریوەبەری گشتی**
**ئاوو کارەبا**

**٢ـ١**

## بوزانین

بو ـ
فاتمەی شیخ محمدو فاتمە شیخ حسێن‌و بەهیـــەی شیخ محمود لە دانیشتوانی گەڕەکی گویژە کە ئیستا شـوینی نیشتەجێ‌تان دیاری‌نیە ٠

کەریم حاجی مارف فەقی‌محمد بە دعـوای صلح ژمـارە ١٣٧١/١٩٧٥ لە بارەی ازالەی شیوعی پارچە ملکی زنجیـرە ٣٥٣ی گەڕەکی گویژەوە هەموئەوراقیکی دعواکەی ناردوە تیایا دەرئەکەوێ کە ئیوە شوێنی نیشتەجێ‌تان دیاری‌نیە ئینجا ئەوا بە هۆی روژنامەوە ئاگادارتان ئەکەین کە سەر لە بەیانی روژی ٢١ـ٩ـ٩٧٥ لە دادگای صلحی سلیمانی ئامادەبن ئەگــــەر نەهاتن دادگا لەپاشەملەتان بڕیاری خۆی دەرئەکات ٠

**فرید فتح‌الله**
**حاکمی صلحی سلیمانی**

## بوزانین

بەم بۆ ئاگاداری‌یە بلاوی ئەکەینەوە ، کە موناقەسەیەکی نهینی هەیە ، بە مەبەستی هێنانی نۆ هەزار تەن ( ٩٠٠٠ تەن ) بەردی گەچ لە کانە بەردی دەربەندبازیانە وە بۆ کومپانیـــــای گشتی چیمەنتوی سەرچنار ، جا ئەوانەی ئارەزوی بەشداربون لەم موناقەسەیەدا ئەکەن ، بە پێ‌ی ئەو مەرج‌و مواسەفاتانەی لای بەشی حساباتی کومپانیاکە بەرامبـــــەر ( ٥٠٠ر ـ ) فلس وەرئەگیرێ وشایەنی گیـــــرانە وەنیە ، عطائاتی خۆیان بـــــە تأميناتی پیشەکی‌یە وەکە ـر٢٥٠ دینارە ، یان چەکێکی باوەڕ پی کراو بەو پارەیە پێشکەش بکەن ، کـــە دوای فەرز کردنی عطائات ئەدرێتەوە ، دواکاتیش کۆتای دەوامی رەسمی رۆژی شەممەی ٢ـ٨ـ١٩٧٥ کە داواو عطائات لە زەرفێکی لۆك کراودا ئاراستەی سکرتاریەتی دەزگای ئیستیشاری کۆمپانیاکە ئەکرێ، ئەوەی شایەنی باسە پارەی ئەم بۆ ئاگاداری‌یە لە رۆژنامەداو مەسرەفی مۆرکردنی رێکەوتن لەسەر موناقیسەکە ئەبێت کـــــە موقانەسەکەی بەرئەکەوێت ٠

**ناجی عزت جاف**
**بەریوەبەری گشتی**
**کۆمپانیای گشتی چیمەنتوی**
**سەرچنار**

Institut kurde de paris

## ئێوە ئەڵێن چی؟

● حەز ئەكەین لە دیبگە :

– باخچەیەكی گشـــتی بكرێتەوە .

– « مەڵبـــەندی لاوان » بۆ ئەوەی لاوەكان كاتی بێكـاری خۆیانی تیا بەسەر بەرن .

– بێ ئاوی دیبگە چار بكرێ .

دیبگە – زۆراب حەسەن دزەیی

● بۆ بەرچاوی كاربەدەستانی بەرێز لە دیبگە ، بزانین ئەوان ئەڵێن چی ؟

## گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد

لەم چەندانەدا بەشی یەكەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد لە ٧٥٦ داو بە بەرگێكی جوانەوە ، كەوتـــە بازاڕەوە .

ئەم ژمارەیە ئەم وتارانـەی خوارەوەی تیایە :

بەشی كوردی :

١ – خولی دووەمی دیـوانی سەرۆكایەتیی كۆڕ : ئیحسان شیرزاد .

٢ – چەپكێـــك لە گوڵزاری نالی : مسعود محمد .

٣ – ئـەدەبی كـــوردی : عەلائەددین سەجادی .

٤ – ئی . ئا . ئوربێـلیو كوردناسی : قەناتی كـــوردۆ ( د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف كۆڕیویەتیو لێیداوە ) .

٥ – بووژاندنەوەی زمان : د. پاكیزە ڕەفیق حیلمی .

٦ – پاشگری ( اندن ) لـە زمانی كوردیدا : د. نەسرین فەخری .

٧ – سەر هۆستایێ كێشو ئەهانـــدنێ مەلایێ جزیری : صادق بەهائەددین ئامێدی .

٨ – نقتك دانین : ئەمینـی عەڤدال .

٩ – پێشگرو پاشگر : عەمید ئەحمەد حەسەن .

١٠ – ڕێزمانی ئاخاوتنـــی كوزدی بەپێی لیكۆڵینـــەوەی لیژنەی زمانو زانستەكانی – ئامادە كردنی : مەسعـــوود موحەمەد دەمڕاستی لیژنـــەی زمانو زانستەكانی .

١١ – لیســـتەی چوارەمی زاراوەكانی كۆڕ .

١٢ – پوختەی كارەكـــانی كۆڕ .

١٣ – فۆنەتیك چیمـــان بۆ بكا ؟ : مەسعوود مەحەمەد .

لە بەشی عەرەبیشدا ئـــەم وتارانەی تیایە :

١ – جولات تاريخيـــه بين مواطن الاثار في شمال العراق : طه باقر .

٢ – مخطوطات مكتبه الشيخ محمد الخال في السليمانيـــه : الشيخ محمد الخال .

٣ – موجز تاريخ وضــــع القواميس الكرديه : د. عبد الرحمن معروف .

٤ – الاماره الحسنويه : د. جليله ناجي الهاشمي .

# ئافرەتی كوردو ساڵی ١٩٧٥

سلێمانی : نێـــــــراوی « هاوكاری »

خوشكە « لەیلا عەلی محەمەد » ئەندامی دەستـەی بەڕێوەبەری یەكیتی ئافرەتانی كوردستان ، لقی سلێمانی ، لە گفتوگۆكەیدا لەگەڵ نێراوی ڕۆژنامەكەمان بۆشـــــاری سلـــەیمانی وتی : یەكیتییەكـــەمان ، ئەیەوێت بەجۆرێ چالاكیـەكانی پەرەپێ بدات ، كە لەوە دەرچێت تەنیا ، ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتی بێـتو ئیشوكاری تەنیا لەچوار چێوەی چەند یارمەتیەكی باری كۆمەڵایەتی ئافرەتاندا كۆ بكاتـــەوە ، بەڵكو بایەخ بدات بە هەمـــــوولایەنەكانی ژیانی ئافرەتی كورد لە رووی كۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕۆشنبیریەوە .

هەروەها وتی : بۆ ئـــــەم مەبەستە یەكیتی مان لەسلەیمانی كۆڕی هەفتانە ڕێك ئەخات ، لەم كۆڕانەدا دەربارەی بــــاری رۆشنبیریو كۆمەڵایەتی ژیـانی ئافرەت ئەدوێین . بـــە وردی بایەخ ئەدەین بەباری ژیانی ئەو ئافرەتانەی ئیش ئەكـــــەن ، بەتایبەتی ئافرەتی كرێكار كە لە كارگەكاندا ئیش ئەكەن ، هەوڵ ئەدەین كە كاریكی وابكرێـــت باری ژیانیان بەرەو باشــــتر بچێتو ئیش كردنیان گیـــرو گرفتی نوێیان بۆ دروســـت نەكات .

**دەربـــارەی چالاكی تریی یەكیتی ئافرەتانی كوردســـتان – لقی سلەیمانی خوشــــكە ( لەیلا ) وتی :**

بەم زوانە دەورەی قەلاچـــۆ كردنی نەخوێنەواری لەنـــاو ئافرەتاندا ئەكەینەوە ، هەروەهاخەریكی سەرژماردنێكی گشتین لەناو خێزانەكانی شــــــاری سلەیمانیدا ، بۆ ئەوەی لە بەر ڕووناكی ئـــەو سەرژماردنەدا ، باری ژیانی خێزانیو كۆمەڵایەتی دیاری بكەین .

هەروەها خەریكین خۆمـــان ئامادە ئەكەین ، بۆ كردنـــەوەی دەورەی بەرگ دورین بــــۆ ئافرەتان .

**خوشكە « لەیلا » لەكۆتاییدادەربارەی ساڵی ١٩٧٥ كـــــە بەساڵی ئافرەتانی جیهان دانراوە هیوای ئەوەی خواست هەنگاوی زیاتر لە پێناوی سەربەســـتی كۆمــــەڵایەتیو ڕۆشـــنبیریو ئابوریو سیاسی ئافرەتانـــدابنرێت . بەتایبـــەتی ئافرەتی كورد ، زیاتر بتوانی جێگا بۆ سەلماندنی بونی خۆی وەكـــو مرۆڤی بەتواناو لێهاتو لە ناوكۆمەڵدا بسەلمێنێ .**

**خوشـــــكە ( لەیلا ) وتی : لەكۆمەڵەكەی ئێمەدا ، ئافرەتی بەتواناو ڕۆشنبیر زۆرن كـــەئەگـــەر ماوەیان لەبەردەمدا فراوان بێتو دەستی دلسۆزیان بۆ درێژ بكرێ . دەورێكی باڵا لەخـــزمەتی ڕۆشـــنبیریو پێشـــــكەوتنی كۆمەڵایەتیدا ئەبینن .**

## لە ئاسۆی ئەرخەوانی دا

### سەربەست بامەڕنی

( مادەم لە خاكەكەمدا گول هەیە ،
مادەم لە نیشتمانەكەمدا بەرد هەیە ،
مادەم لە ئاسۆدا تەمو مژ هەیە ،
مادەم زەوی خۆڵی خۆی هەیە ،
ئەژیمو ئەژیم ....
ئەرۆمو نوێ ئەبمەوە ،
لەبەر روناكی ڕۆژدا
بەناو دارستانی چڕدا
بەناو گەردەلولی هەڵچودا
ئەرۆمو نوێ ئەبمەوە
منو سەركەوتنو ڕۆژی سەربەستی
چاوەڕوانی یەك ژوانین )

***⊙***

**( تۆ ، ئەی ئەوەی كرنۆش ئەبەی ،**
**تۆ ، ئەی ئەوەی ئەتكوژن بەبێ ئەوەی بزانیت بۆ ،**
**تۆ ، ئەی ئەوەی رەنج ئەدەیت ،**
**تۆ ، ئەی ئەوەی پاساوێی پشوی یەكێكی تری ،**
**ئەی ئەوەی زەردەخەنە لەسەر لێوت گوم بووە**
**ئەی برام كە ڕێت پڕە لە ترسناكیو ئازارو غەم**
**هەستەو هاواربكەو بڵێ .. نە .. )**

***⊙***

**ئـــەم** دوو كوپلە شعرەی « توفیق زیاد »ی شاعری فەلەستینیو « دێڤید دیوب »ی شاعری ئەفریقایی ، لـە كتێبەكەی كاك « عبدالله عباس » دەنگی ئینسانیرەش ، دەنگی ئاوارەكاندا بلاوكراونەتەوە ، كە برێتییە لە دوو لێكولینەوەی ئەدەبی دەربـــارەی شیعری شـــاعیرە ئەفریقایەكانو شاعیرە شورشگێرەكانی گەلی فەلەستینو بەیاریدەی دەزگای « هاوكاری » لە چاپدراوە .

**عبدالله عباس** لەو ٤٧ لاپەڕەی كتێبەكەیدا سیما هەرە دیارەكانی شیعری بزوتنـــــەوەی رزگاریخوازو شورشگێری گەلانی ئەفریقاو گەلی فەلەستین دەستـ نیشان ئەكاتو وەكو بزانم یەكەم كتێبە لەم بارەیەوە بە كوردی بلاوكرابێت ، بێگومان ئـــەم خزمەتەی كاك « عبدالله عباس » پێشكەش بە كتێبخـــانەی كوردی كردووە جێگای رێزلێ گرتنە .

***⊙***

**دەنگی** ئینسانی رەشو ســـپیو زەرد ، دەنگی ئاوارەو دەربەدەرو ژێردەستەكان ، دەنگی ئەوانەی لـە ناخۆشترین زروفی ژیاندا ئەتوانن بڵێن نەء ،

دەنگی قولەرەشەكانی ئەفریقاو شورشـــگێرانی فەلەستینو جەنگاوەرانی ئەمریكای لاتینی .. هەریەكەو تاوەكو ریزە تێكۆشـــەرەكانی گەلانی ژێردەســـتەو چەوساوەكانی جیهان پتەوترو یەكگرتوتر بێت ، تاوەكو رۆژی راماڵینی ئیجگارەكی چەوســـاندنەوەو ئازاردانو راوروت كردنی ئینسان نزیكتر ئەبێتەوە .

هـــەر لەبەر ئەمەشە مەســـەلەی بەهێزكردنی هاوكاریو پەیوەندی لەگـــەڵ تەواوی گەلانی ئازادی خوازی دنیادا دژی بەرەی ئیمپریالیستەكان ئامانجێكی هەرە گرنگی بەرهەمی شاعیرانی ئەفریقاو فەلەستینەو هەروەكو كاك « عبدالله » لە « دەنگی ئینسـانی رەش ، دەنگی ئاوارەكان » بۆی چووە ، مەسـەلەی رزگاربوونی ئینسان ، گیروگرفتی سەرەكی ئەم چەرخەیەو هەر ئەبێ چارەسەر بكرێت .

# منداڵی لادێیەكانی كوردستان

## ترووسكی ئەمڕۆو گڕی سبەینێن

**كاكە زیاد لادێیی**

منداڵ خونچەی ژیانە ، گـــوبلێسەی سبەیە ، منداڵ روناكی پاشەڕۆژی گەلو نیشتمانە .. كۆڵەكـــەی دامەزراندنو ڕەگ داچەقاندنی كۆمەڵگایـــــەكی بەختیارە چـــونكە شارستانیو پێش كەوتنی هەر نەتەوە یـــەك لەسەر جـــۆری پەروەردەكردنو پێگەیاندنی منداڵەوەستاوە پێویستە خونچەو چڵە پۆپەی باخـــــی خواستو ئارەزوەكانیـــــان بگەشێننەوەو ڕێگای سەخـــتو نالەباری ڕۆژگاریان بۆ تەخـــت بكەین ، بۆ ئەوەی بگەن بــــــەقوڵپی ئاواتەكانیان . منـــاڵانی كوردستان ڕوح سوكانـــــە بەلایلایەی خۆڕاگرتن لەبـــەردەم سەختی ژیاندا چاوییــــــان كراوەتەوەو لەژێر ســـێبەری دارمێوەكانو لوتكە شـــاخەكانو كێوە سەركەشەكانو تاقــ گە لالەزارەكان چاویان پشكوتوە ، لەئاوی بێگەردو ڕوونی ڕووبارو كانیەكان تینوێتیان شكاندوە بەدەنگی بولبـــــولو قومریو باڵەفڕكێی باڵندەكان مێشكیان زاخاو دراوە .

بایەخی دلسۆزانەی دایــكو باوك بەرامبەر بەم منداڵـــــە چاوگەشانە ، نمونەی بایـــــەخ دانو ڕاگرتنی كۆمەڵگایـــەكی گەورەیە ، چونكە باوەشی پــــڕ تاسەیان بۆ دەكەنەوە بێ ئەوەی گوێ بدەنە گەرمیو ســـــەرماو تاڵیو سوێریو ســــــەختی ڕۆژانەی ژیان .. بگرە هەر لە سەرەتاشەوە وایان ڕادەهێنن كە فێری كاركردن بنو لەگـــــەڵ ئێشو ئازاری خۆیاندا قاڵبیـــــان دەكەنو ڕایان دەهێنن بۆ بەرگە گرتنی هەموو سەختیو زەحمەتی ڕۆژگار .. بۆیە دەبینین منداڵانی لادێی كوزدەواری ، لەگـــــەڵ تاریكو ڕۆنی بەیانی ئاوایی یەكە بەجێ دێلـــــنو بەرەوشوێنی كاركردن بەڕێ دەكەون ، هـــەر منداڵێكیش بگرە دەیـــــان ئیش ڕادەپەڕێنێت لە ڕۆژێكدا ، جـــا ئەوەی ئەركی ( ئاژەڵ لـــــەوەڕاندن یان بژار كردن یـــــان جەنجەر كردن یان شــــــەغرە كێشان ... ) دەگرێتــــــە ئەستۆی خۆی ئەوەی سەیرە ئەم منداڵە ئازایانە بە شەوو بە ڕۆژ بە پێخواسی لەكێڵگەو دێبـــەرو مەزارەكان ڕەنج دەدەن بەرامبەر ئەم ژیانە پڕ جەنجاڵە ... بەڵێ ئەم ڕۆژگارە ژیانێكی تــــاڵو ناسورە بۆ زەمینەی ئەم منـــاڵە بێ نازانە ، بەڵام بەری ئـــــەم ماندووبوونە ، نەوەی داهاتـــوو دەی خواتو بناغەی دوا ڕۆژێكی پۆڵایین دەچەسپێنێت بــــــۆ ڕۆڵەكانی ئێستاو دوارۆژ ... جابۆیە هەتا هەتایە ئەم ڕۆژگارە شەرمەزاری ئەم منالە ئازایانـــە دەبێت .. لەولاتــــانی دەرەوە منداڵ ، هەموو ساڵێك ڕۆژێكی بۆ تەرخان كراوە ، هەر لەو ڕۆژە ، بە هەزاران ئاهەنگیان بـــــــۆ دەگێڕنو دیاری بەرزوبە نرخیان پێش كەش دەكەنو چەپكە كوڵی جوانو ڕازاوەیان لەیەخەگیــــر دەكـــــەن .. بەڵام .. ئاخو فەلسەفەی ئاخ دیراسە دەكەمەوە منداڵ لەلای ئێمە لە ژێر سێبەری ڕۆژگاری ڕەش ، لە هەمـــوو خێرو خۆشیەكی ژیان بـــــە دوورن ..

هەزار ســــــڵاو بۆ منداڵانی كوردستان ..

سەد ئافەرین بۆ ڕوخسـاری ئازایەتیو قوڵسازییان ..

## لە دەرەوەی سنور

### پیشانگای چرا

لەم دواییەدا لە شـــاری ( وارشۆ ) پایتەختی پۆلۆنیـــا ، پیشانگای « چـــرا »ی دیواروودەستیو سەرمێز كرایـــەوە ، كردنەوەی ئـــەم پیشانگایە ، پەیوەندی هەیە بە هەوڵدانـــەوە بۆ ڕاهێنانی خەلك تا چـــرای كۆن بەكاربێنن ، بەتایبــــەتی ئیستا دنیـــــا روو بەرووی گیروگرفتی وزە ( طاقە ) بووە .

لەم وێنەیەدا ، ئەو چرایـــە پیشاندراوە كە « والیـــــــری لوكاسیوز »ی پۆلەندی لـــــەساڵی ١٨٥٣دا دروســــتی كردوە .

***⊙***

### بەرگی كۆنی ژاپۆنیەكان

وادیارە ئافرەتە ژاپۆنیەكان ، نیازیان هەیە لەجلو بەرگـــدا بگەڕێنەوە سەر كۆن ! ئافرەتانی « جێشا » بەبەرگی كۆنـــەوە « كیمۆنۆ » كە قورسایەكـــەی ( ١٥ ) كیلــــوگرام ئەبێ ، نومایشێكی گەورەیان ســــازكردوو بەجلو بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی سەردەمی كۆنـــــەوەبەشەقامەكانی توكیودا سووڕانەوە ، ڕۆژنامـــەكانی ژاپۆن سەبارەت بەم نومایشە وتویانە : جلو بەرگی سەدەكانی ١٧و ١٩یان لەژاپۆندا ئەهینایەوە یاد .

## خەڵكی فەرەنسا چۆن حەز لەسینەما ئەكەن؟

گۆڤاری « فلیمی فەرەنسی » كە گۆڤارێكی هەفتانەیەو بایەخ بە كاروباری هونەری سینەما ئەدات بۆ بینینی لە ٩٪ وتویانە رابوردویدا بلاوی كردە وەكە :

● لە ٤٨٪ فەرەنسیەكـــان ساڵی یەك جار ئەچن بــــۆ سینەماو ٤ر.٠٪ لە هەفتەیەكدا چەند جارێك ئەچـــن و ٣٪ هەفتەی جارێكو ٦٪ دووجار یان سێ جار لە مانگیـــــكدا وژمارەی ئەوانەی هەرگیـــز ناچنە سینەما ٥٢٪ە .

ئەم گۆڤارە ، پرسیارێـــكی ئاراستەی خەڵكی فەرەنســـا كردوە كە ئەڵی ( چی لە فلیمدا هانت ئەدات بچی بۆ بینینی ؟ ) لە سەدا ٣٢ كـــەس وای وەڵام داوەتەوە كە مەسەلەی ڕەخنـــە لە هەمووشتێ زیاتر هانـــــم ئەدات بۆ بینینی هەر فلیمێـــك ئەوی شایەنی باسە ١٧٪ لـــە ڕۆژنامەكاندا تەنیا بـــە دوای نووسراوی ڕەخنەدا ئەگەڕێت ، بەڵام ٢٦٪ كەس وتویانـــــە ئەكتەری فلیمە كەهانمـــان ئەدات بۆ بینینیو لە ٩٪وتویانە بۆ ناسینی توانای دەرهێنەرەكە « مخرج » ئەچین بۆ بینینـــی هەرفلیمێك و ٣٪ وتویانە ئـــەو ئیعلانەی بۆ فلیمەكە هەڵئەواسرێ هانمان ئەدات بۆ بینینی فلیمەكە . بـــەڵام لە ٣٢٪ی خەڵكی وتویانە هەتا فلیمـــی باشتر بێت زۆرتر ئەچین بـــۆ سینەما . لە هەمووی سەیرتـــر لە ٢٣٪ی خەڵكی تەنیا لەبـــەر ناونیشانی فلیمەكە ئەچن بـــۆ سینەما . دیسان دەركەوتوە كە لە ٢٧٪ی ئافرەت فلیم بــــە ناونیشان هەڵئەبژێرێ بـــەڵام پیاولە ١٩٪ .

## چاپكراوی نوێ

### دەنگی ئینسانی رەش – دەنگی ئاوارەكان –

**نووسینی : عبدالله عباس**

دوو لێكولینەوەی ئەدەبیـــە دەربارەی شـــــیعری شاعیرە ئەفەریقایەكانو شـاعیرە شۆڕشگێرەكانی گەلی فەلەستین ، بە یاریـــدەی « دەزگای هاوكاری چاپو بلاوكردنـــەوەی كوردی » لە چاپدراوەو كەوتە بازارەوە .

## لە ئەدەبی گەلانەوە

**شاعیری قولەرەشی ئەمەریكایی « لەنگستن هیوز » ... « لێدی جۆنز »**

با جارێكی تر ، سەربازەكان بێنو بتكوژنەوە .
ئەی گارسیا !
یان ، بابێنو نەیەڵن من یاخی ببم . بابێن !
گارسیا : كەتۆ ئەمرێ ...
هەر ئەوەم لەبیرە ، بابێنەوە
با جارێكی تر ، سەربازەكان بێنو بتكوژنەوە
**« مریەمی داوین پاك ...**
**نوێژم بۆ بكە ...**
**لە پێناوی منا ، نوێژ بكە ، مریەم »**
لە دامێنی چیایەكام !
دەشتەكان ، سەوزن
ڕێڕەوەكان سوتاون ..
ڕۆژ ، كزبوە !
هەموویان ، تەرمۆمەترن ..
گەورەبوونی من ئەپێون !
« لەگەڵ شنەی با ، ناوی باڵندەیەك یەت
هونراوەیەكیش لـــە قەفەزێـــكا دیلە ..
منداڵێك رانــــــە مەریك ئەلەوەڕێنێ ..
بـــــە بەردە وردەكان یاری ئەكا ...
ئاوازیك لـــە لوتكەكانەوە بەرز ئەبێتەوە
فریشـــــتەكان پرتەقـــاڵ ئەڕننەوەو
گۆرانی كۆئەكەنەوە ..
كچە جوانەكان لـــە پەپولە ئەچنو ...
ئاسكێك داستان ئەگێڕێتەوە »
**– گارسیا :**
**ئەمەوێ داستانەكان بخوێنمەوە ..**
**وەڵام نیە ، وەڵام نیە ..!**
**بەڵام ، لە دوورەوە ، لەگەڵ ڕۆشـــتنی روبارێكی**
**بێدەنگا .**
**گوێم لێیە ، پێئەكەنی ، پێئەكەنێ !**
**تەلی تاری « ئەسپانیا »یەو پێئەكەنێ .**

– بەهرە كردویە بـــە كوردی –

institut kurde de paris

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

٨ لاپەرە
نرخی ٢٥ فلسە

# هاوکاری

لە دارالحرية چاپ ئەکرێ

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنـەوەی کوردی دەرئەچێت

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ژمارە (٢٧٨) ١٩٧٥/٨/٨-١

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

# باهەرشەکاوە بێت ئالای بەرزی ڕاپەڕینە نەمرەکەی ٣٠ی گەلاوێژ

## سەرۆکی فەرماندە سەرپەرشتی ئاهەنگی چل و یەکەمین دەورەی ئەرکانی کرد

**مامۆستا صدام : بەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانیەکان بنیات نانی بنکەیەکی سەرەکی یە لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئامانجە نەتەوەییەکان دا**

ئێوارەی ٣٠-٧ مهیب احمدحسن بکر سەرکۆمارو فەرمانـدەی گشتی هێزی چەکـدار سەرپەرشتی ئاهەنگی دەرچوونی چل ویەکەمین دەورەی ئـەرکانی کرد ئاهەنگەکەش لە رستمیە لە باخچـــەی کولیجی ئەرکان ڕێکخرا ٠

وە لە جیـانی سەرکۆمار ، مامۆستا صدام حسین جێگـری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ئاهەنگەکـەدا بەشدار بوو ، وە وتارێکـــی گرنگی خوێندەوە تیایدا وتی : بەدی هێنانی ئامانجـــە نیشتمانی یەکان لـــە عیراقدا بنیات نانی بنکەیـەکی سەرەکی یە لـە پێناو جێ بەجێ کردنی ئامانجە نەتەوەییەکاندا کـە پارتی فەرمانده پارتی بەعـسی سۆشیالیستی عەرەب ڕەنگـــی ڕشتون ٠

ئنجا ڕووی وتارەکەی کـردە ئەفسەرە دەرچووەکان و وتی :

خوتان بە بەرزتر مەگرن لەو ئەفسەرانەی دەرفەتیان نەبـوو شەرەفی ئەرکانیان پێ ببرێ ٠٠ ئێوە سەرکردەو فەرماندە ئەبن و شوێنی کارکردن هەڵئەبژێرن و برادەرو دۆستی ئەوانە بن کـە لە ئەلیانا کارئەکەن ٠

ئێوە کە شەرەفی ئەفسەری ڕکن تان پێ ئەبرێ زانیاری یەکی پتر وەرئەگرن و دەرفەتتان بـۆ دێتـــە پێشەوە بۆ بەرەوپێش بردن و پەرەپێدانی پێداویستی- یەکانی هێزی دلێری چەکـدار بەپێی نەریت و پێـودانگەکانی لە شکر ٠

ئەوەتان باش لەبیر بێ کـە بەشێکن لەگـەل و بڕیارەکانی لەشکر جێ بەجێ ئەکەن ، ئـەم بڕیارانـــەش خواستی بڕیارە سیاسی یەکان ئەنوێنن ٠

ئێوە لە پێناو گەلی عیـراق دافێر ئەبن ئەو گەلەی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب ٠ ئنجـا بەڕێز جێگـــری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش باسی ئـەو دەسکەوتە گەورانەی کرد کە شۆرشی ١٧و ٣٠ تەمووز بە دەستیان هێناوەو وتی :-

ئەگەر دەورە سەرکردایەتی- یەکەی پارتی بەعسی سوشـیا- لیستی عەرەب نەبوایە بێ گومان ئەم دەسـکەوتانە بەدی نەئەهاتن ٠

مامۆستا صدام لـە کۆتایی وتارەکەی دا داوای لە دەرچوانی دەورەکە کرد کە دلسـۆزی پارتی و نیشتمان و شەرەفی لە شکر بن چونکە بەبێ ئەمانـە هیچ ئامانجێکی تر بەدی نایەت ٠

ئەوەی شایانی باسە کاك عزت الدوری وکاك عزت مستەفا ئەندامانی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆرش و بەڕێز غانم عبدالجلیـل وەزیری فێرکردنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی و کاك محمد محجـوب وەزیری پەروەردەو چەندلێ پرسراوێکـی تری مەدەنی و لەشکر لـەو ئاهەنگەدا ئامادە بوون ٠

ئ٠د٠ع

## کۆنگرەی بەرزی ئاسایش وهاوکاری ئەوروپا لە هلسەنکی گیرا

**ڕۆژی ٣٠-٧ کۆنگـرەی بەرزی ئاسایش و هاوکـاری ئەوروپا لە شاری هلسـەنکی گیرا ٠ لـــەو کۆنگرەیەدا سەرۆکی ( ٣٣ ) دەوڵـــەتی ئەوروپاو سەرۆکی ئەمەریـکای حاکمی گشتی کەنەدا بەشدار بوون ٠**

**لەسەرەتای کۆنگرەکـەدا دکتۆر کورت ڤالدهایـم سکرتیری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وتارێکی خوێندەوە تیایدا سلاوی لـــە بەشدار بووان کردو وتـی : هیوادارم ئەم کۆنگرەیە لـــە پێشـکەوتنی تێکـــڕای مرۆڤایەتی‌دا بەشداریی بکات**

ئنجا سەرۆکی وەفـدی بەرتیانیاو یۆنان و ئایسلەنـدە وکەنەداو بولگاریاو ئەلەمانیای دیموکرات و ئیتالیاو سویسراو ئەلەمانیای ڕۆژئاوا لەبـەردەم کۆنگرەکەدا سەرو وتاریـان خوێندەوە بڕیاریش وایە کە لە کۆنگرەکەدا دوابڕیارەکانـی ئاسایش وهاوکاری ئەوروپـا مۆربکرێ کە وا بوو بەدوو ساڵ لیوەی ئەکۆلرێتەوەو نزیکـەی ١٠٠ لاپەڕەیە وبەزمانـــی روسی و ئینگلیـزی و ئەلەمانی و فەرەنسی و ئەسپانی چـاپ کراوە ٠٠٠ بڕیارەکانیـش بریتین لەچەند بیروباوەڕێکـی گشتی وەکو دەست درێـژی نەکردنە سەر سنوری یەکتری و پیویستی‌ی هاوکاری کردن لـە نێوان ئەم ولاتانەداو هاوکاری کردن لەگەل ولاتانـــی دەوروبەری دەریای سپــی ناوەڕاست وەکو میسرو جەزایرو مەراکش وتونس بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاشتـــی‌و ئاسایش و هاوکاری لە جیهان‌دا ٠

## فیداکارانی فەلەستین دەستێکی دلێرانە لە دوژمن ئەوەشێنن

**خاکی زەوت‌کراو : ئ٠د٠ف :** ڕۆژی ٣٠-٧ فیــداکارانی فەلەستین لـە بەری ڕۆژئاوای داگیرکراو هێرشیان بردۆتـە سـەر دەستەیەکی ئەفسەرانی زایونیزمی دوژمن لەچێشتخانە- یەك لە دێی ( أم الفهام ) وە لەو هێرشەدا چەکی ڕیزو شەستیر- یان بەکار هێناوە ٠

وە لـــە ناوچەیەکی تردا فیداکاران بە چـەکی بازۆکا پەلاماری دەوریەیەکی دوژمنیـان داوە زیانێـکی گەورەیان پێ گەیاندوە ٠ ڕادیۆی دوژمنیش پێی لەم هێرشە نا بەلام باسی نەکرد کە زیانیان چی بووە !

لـە لایەکی ترەوە کاربەدە- ستانی دوژمن لە ناوچــەی ( قنلدیە ) لە شاری قدسی زەوت کـراو بە تۆمەتی بەربەرەکانی داگیرکەران چەند هاوولاتی‌یە- کیان گرتووە ٠

## کودەتایەکی میلیتاریست لە نیجیریا

**لاگوس : ئاژانسەکان :** ڕۆژی ٢٩-٧ ڕادیوی لاگوس بلاوی کردەوە کە لەشکر دەستی بەسەر حوکمدا گرتووەو یوکوب گۆون سەرکۆماری پێشو لەسەر کارلابراوە ٠٠٠ کودەتاکەش بە سەرۆکایەتی کۆلۆنیل جوزیف جـاربای فەرماندەی پاسەوانی جمهوری بوە ٠ ئاگاداران لـەو باوەڕەدان کـە ئەو ئەفسەرەی سەرکردایـەتی کودەتاکـەی کردوە یەکێـك بووە لــە نزیك ترین دۆستانی گـۆون و بەڕیوەبەری گشتی ئاسایش و مخابەراتیش بووە ٠ گۆون کە ئـەم هەواڵــەی پێ گەیشتوە نوێنەری وڵاتەکەی بووە لـە کۆبونەوەکانی کونگرەی بەرزی ئەفەریقا کـە ئێستاکە لـە کەمپالا ئەگیرێ ٠٠ ماوەیەك بێ دەنگ بووە ٠ ئنجـا هـۆڵی کۆبونەوەکەی بەجێ هێشتوە ٠

لە لایەکی ترەوە ڕۆژی ٣٠-٧ ڕادیوی لاگوس پاش حـەوت سەعات بلاوکردنەوەی مارشـی لەشکری ڕایگەیاند کە بریگادێر مورتالا رفاعی محمد کراوە بە سەرکۆمارو فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار ٠٠٠ هەروەهـا چەند سەرکردەیەکی نوێ بـۆ کە ڕتەکانی لەشکرو سـوپا دانراون ٠

بریگادێر مورتالا شـەوی ٣١-٧ وتارێکی کـورتی لـە ئێستگەی ڕادیوو تەلەفزیونی نایجیریاوە خوێندەوە تیـایدا وتی :-

ئـەو کودەتایەی گۆونی لەسـەر کارلابرد ولاتی لـە دەریایەك خوین ڕزگار کرد کـە دوور نەبوو برژێ ٠ وە هێـزی چەکداریش ناچار بوو ئەم کارە بکات لـە پێناو وەدی هێنانی چـەند گۆڕانێکی پیویستی‌دا ٠ گۆون لـە سەرکارلابرا بـەلام ئێسـتاکە ئازادەو ئـەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وڵات و لەگـەل خێزانەکـەیدا بـژی ٠ وەئەندامانی وەزارەتی پێشـو هەموویان خانەنشین کراون ٠ بەپێ هـەواڵی ئاژانسەکان گۆون تا ئێستا هـەر لـە کەمپالایەوە کامیرون و دەوڵەتـە دراوسێ یەکانی نایجیـر یـا بڕیاریان داوە کە مافی پەنابەری سیاسی نەدەنێ ٠

## تورکیا دەستی بەسەر بنکەکانی ئەمەریکادا گرت

ئەنقـەرە : ئ٠د٠ع : ڕۆژی ٢٩ - ٧ ئەفسەرەکانی لەشکری تورکیا کە فەرمانیان پێ کرابوو بەتەواوەتی دەستیان بەسـەر بنکـــە عەسـکەری یەکانی ئەمەریکادا گرت لـــە خـاکی تورکیادا ٠٠ وە لـە قبرص تورکەکان دەستیان بەسـەر دەزگاکـانی هـامۆشۆی ئەمەریکایی دا گرت لە ژووروی دوورگەکە ٠

ئەوەی شـایانی باسیشە ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا ماوەیەك لەمەوبەر بڕیاری دا کە چـەك ناردن بۆ تورکیـا قەدەغە بکرێت ٠ وە لەبەرامبەر ئـەم هەڵویستـەدا ڕژێمی ئەنقەرە بڕیاری دا کـە چالاکی بنکەکانی ئەمەریکا لە تورکیادا بوەستێنێ ٠

وە لـە ئەنقەرە بلاوکرایەوە کـە ماوەیەکی تـر سلیمان دیمیریل سـەرەك وەزیرانی تورکیا لـە شاری هلسەنکی لەگەڵ جیرالد فوردی سەرۆکی ئەمـەریکا کۆئەبێتەوە بـۆ لێکۆلینـەوەی پەیوەندی دوو قۆلی هەردوو حکـومەت دوای ڕوداوەکانی ئەم دوایییە ٠

لەلایەکی تریشەوە ئورهـاب ئێرلاب نوێنەری تورکیا لـە پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك‌دا وتی : تورکیا هەوڵ ئەدات کە لە شوێنی تر چـەك و تفـاق بەدەست‌بهێنێ ٠ وە قەدەغـەکردنی چەکی ئەمەریکایی لـە تورکیا کارێکی گەورەی کـردە سـەر تواناو کاریگـەری پەیمانی ئەتلەنتیك ٠

## لە سێدارەدانی پێنج هاوولاتی لە سوریا

**دیمەشق : ئ٠د٠ع :** ڕۆژی ٢٩ - ٧ دادگایـەکی ڕژێمی سوریا فەرمانی لـــە سێدارەدانی پێنج هـاوولاتی‌دا بەتۆمەتی ئــەوەی هێرشیان بردۆتە سەر دامو دەزگـاکانی ئەمەریکا لە دیمەشق و حەلەب ٠ ئـەم پێنج هاوولاتی یەش کـە چواریان فەلەستینین و ئـەوی تریان خەلکی سوریایە ئەمانەن : علی احمـد غضـبان ، غیاث‌الدین ماجد شیحە ، ولیـد محمـد عدوان ، علی عبداللەو محمد عبدالرؤوف ٠

ئەم محاکەمە کردنەش لـە چوارچێوەی ئـەو تۆقاندن و تیرۆرەدایە کە ڕژێمی سـوریا دژی بەربەرەکانی کارانی خـۆی دەستی‌داوەتی ٠

لەلایەکی تریشەوە دادگاکانی تری سوریا بە هەمان تۆمـەت فەرمانی گرتنیان بـە درێژایی ژیان داوە بەسـەر پێنـج کەسی‌تردا کـە یەکێکیـان ئافرەتێکی فەلەستینی‌یەو چوار کەسی‌تریش بۆماوەی ١٥ ساڵ گرتن حوکم دراون ٠

بەپێی ئـەو هەواڵانـەی گەیشتونەتە بێروت کاربـە- دەسـتانی ڕژێمی سـوریا چەندین کۆسپو تەگەرە ئەخەنە بەردەم بزوتنـەوەو چـالاکی فیداکارانی فەلەستین لە خاکی سوریادا ٠ وە هەر بەپێی ئەو هــەواڵانە . کاربـەدەستانی دیمەشق بڕیاریان داوە ڕێگـای فیداکارانی فەلەستین نەدەن لە خاکی سوریاوە هیچ جـورە کـاریك دژی زایونیزمی دوژمن بکەن ٠

**ئەنجـومەنی سەرکردایەتی شۆرش بـە وەزارەتـەکانی ڕائەیاندووە تـا لەگـەل ئەمانەتـەکانی ناوچـەی ئۆتۆنومیدا پەیوەندی ببەستن ٠**

ئەنجومەنی سەرکـردایەتی شۆرش - لیژنـەی بـەرزی کاروباری ژووروو بە هەمـوو ئـەو وەزارەتانەی ڕاگەیاندووە کـە پەیوەندیان بـە کاروباری ئەمانەتە گشتێ یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە هـەیە کـە پەیوەندیەکی بەردەوام لەگـەل ئەو ئەمانەتانەدا ببەستن بـۆ ڕایی کردنی ئەوکاروبارانـەی بەو ئەمانەتانە سپیردراون ٠

ئـەو وەزارەتانەش ئـەم فەرمانەیان بە هەموو دەزگـاو دایرەکانی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی بـە پەلە جێ بەجێی بکەن ٠

## باهەرشەکاوە بێت ئالای بەرزی ڕاپەڕینە نەمرەکەی ٣٠ی گەلاوێژ

ئاشکراو ڕونە کە ٣٠ی گەلاوێژ جێگایـەکی هـەرە ڕشنگداری تایبەتی بەرزی گرتوە لە لاپەڕەی زێڕینـی مێژووی خەباتی نەسـرەوتی بێ‌وچانی گەلی قارەمانی خۆبەخت کەری عیـراقا ، وە هەمیشـە بەرواداوێـك و بەرۆژێکی پیـرۆزی نەمـر لەقەڵەم ئەدرێ لە ڕێـرەوی شۆرشگێری سەختی شۆرشی ١٧ی گەلاوێژا ٠٠ ئـەو شۆرشەی کە حیزبی بەعسی عـەرەبی ئیشتراکی بە چالاکیەکی بێ‌هاوتاوە سەرکردایەتی کرد ، تا ٠٠ گەل لە دۆخ و بارێکی ناقـــۆلاو ژێردەستەیی و ملکەچی فەرمانڕەوایی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بەرێت بۆ قۆناغ و پلەیەکی ڕزگاری و سەربەستی ، جەماوەری زۆر لێکراوی چەوساوەی هەژار ڕاکێشیت بۆ کۆڕی تێکۆشانێکی سەرو مڕی لــەبن نەهاتو بۆ پێك‌هێنانی ئاوات و ئامانجـە بەرزەکانی ، تاگەل تێکڕا داخی دلی خۆی بڕێژێ بەرامبەر دام و دەزگای کۆنەپەرست ، تا عیراقێکی نوێی یەکگرتوی تۆکمەی پێشکەوتو دامەزرێنێ ٠٠ تاکو گـــەل دەوری پێشرەوی خۆی وەربگرێ و دیاری بکا ، لەنێوان ولاتـە عەرەبەکانا وەجێگای تایبەتی لـە ئوردوگای گـەلانی پیشکەوتو خوازدا ئاشکرا بکات ٠

ڕاپەڕینی ٣٠ی گەلاوێژ جارێکی‌تر ئەو ڕاستیەی دەر خستەوە کە ڕۆلەکانی شـورشی ١٧ی گەلاوێژ پڕ بەدل سوورن لەسەر ئەو ڕێرەوە شۆرشگێرییەی کە بۆ خۆیان دەست‌نیشانیان کردوە ، وە هەرگیزاو هەرگیز ڕێگا نادەن کە جارێکی‌تر نۆکەرانی ئیمپریالیزم فەرمانڕەوایی خۆیان بەسەر گەلەوە بکەن وەیاری بە چارەنوسی بکەن و ولات لە گێژاوی گیرو گرفتی سیاسی و کۆمەلایەتی ئابوری و هەمە ڕەنگە بتلێتەوە ، دووبەرەکی و ناکۆکی‌وخوێن‌ڕشتن لەسەر شانۆی ولات دیلانێ بکات ٠

سەرکردایەتی شۆرش تواناو دلسۆزی خــۆی جارێکی‌تر بۆ گەل نیشان دایەوە کە ببڕای ببڕای دەست لە ئاواتە پیرۆزەکانی هەلناگرێ بێ‌پەروا دژی ئیمپریالیزم ئەجەنگی و چقل ئەبێ لـە نێوچاوی نوکەرەکانیا ، ڕێگای شۆرشگێری ڕاست و ڕەوان بەرنادات بەهەر نرخێـــك و بەهەر چەندبێ قوربانی و خۆبەخت‌کردن ٠ هەمیشە بـە پلیکانەی بەرزا مل‌ئەنێ و بەپشتیوانی گەل بۆ کردنەوەی هەموو جۆرە گرێ کوێرەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی بـۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناوخۆیی بۆ یەکێتی هێـزە نیشتمانیەکان بۆ ئاوکردن بەئاگـــری دووبەرەکایەتی و کوژانەوەی شەڕی براکوژی‌دا وەبۆ تەخت‌کردنی هەمـوو کەندو کۆسپێك تا تۆلەی دواکەوتوویی و دووبەرەکایەتی کۆن ئەکەنەوە ، وە عیراقێکی یەکگـرتوی کوردو عەرەب بەهێزی پێشکەوتو دروست ئەکەن تاگـــەل بەوپەڕی دلنیاییەوە شیلەی ڕەنجی ساڵەهای سالی خەرمانی خەباتی پێ ببرێ ، وە لە ئوردوگای گەلانی خەباتکەرا ناوونیشانی هەبێت ، بەشداری بونی دیاری‌بێت ٠

ڕاپەڕینی ٣٠ی گـەلاوێژ جـارێکی تریش دوپاتی کردەوە کە سەرکردایەتی شۆرش لەو جۆرە بابەتە نیـن کە پشی‌پشی‌و مەرامایی بکات لەگەل نوێنەرانی دوژمن‌دا بۆ چەواشەکردنی گەل و هەل خلیسکاندنی لەڕێگای ڕاست ، بەڵکو خستیە ڕوو کە نمونەیەکـە لـــە شورشگێری ئازایەتی ، هەڵوێستیان لەگەل دوژمن‌دا بە چەشـنێکی شورشگێری‌یە بە دەستێکی پۆلایی ئەدا لە هەموو تاقم و دەستەیەك کە ئەیانویست سەرچاوەی ڕوناکی شـورشی ١٧ی گەلاوێژ لێل بکەن ، وە ئالا بەرزەکەی لەکەدار بکەن وە گەل بەدوو ڕیانێکی سەرلێشیواوی و وێل و ناراستیا بەرن ، تا بیخـــەنەوە ناو چوارچێوەی زیندانی کـۆنی فەرمانڕەوایی خۆیان ، بۆیەکا زۆر بە دلێرانە تاقمـــە نۆکەرەکەی ئیمپریالیزم نایف و داودیان شاربەدەرکرد ، وە لەسەر دەزگای فەرمانڕەوایی هێنایانە خوارەوە ئیتر بە جارێ دەرگای داخراوی پیشکەوتن کە لەوەبەر سەرکۆم کرابوو خرایە سەرگازی پشت وە سەرکردایەتی شۆرش بەهەنگاوی گەورە کەوتە جموجوڵ بۆ وێزەی ئیمپریالیزم ، بۆ چارەسەر کردنی هەموو تەنگو چەلەمەیەك تاکــو

بۆ لاپەرە - ٧

Institut kurde de Paris

# فەلەستین کیشەیەکی ناوەندی‌یە لە پرۆسێسی شۆڕشی پێشکەوتنخوازی ١٧ی تەمووزدا

لەبەر گرنگی‌و بایەخی فەلەستین لە نیشتمانی عەرەب‌و هەردوو قارەی ئاسیاو ئەفەریقالە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ئیمپریالیزم دەستی دایەداگیر کردنی ولاتانی عەرەب وەکو سەرەتایەك بۆ دابرینی‌فەلەستین ·

نەخشەو پیلانەکانی زایونیزم‌و ئیمپریالیزم دەستێکی ناپاکانە بوو لە هەست‌و دەروونی موسلمان‌و مەسیحی‌یەکان وەشێنرا چونکە ئەم دوو لایەنە تونەو تۆڵ لەمەیانی ئاینەوە بە قدس‌وکلیسای « القیامە »وە بەستراونەتەوە ·

لە دەست چوونی فەلەستین نەهامەتی‌یەك بوو بەسەر عەرەب‌و موسلمانەکان هات‌و بوونی زایونیزمەکان لە فەلەستین بوو بە مەترسی یەك هەڕەشە لە گەل‌و ولاتانی عەرەب ئەکات ·

هۆی سەرەکی لە دەست چوونی فەلەستین ئەمانە بوون: سروشتی هێرشی زایونیزم‌و بەریتانیاو دۆخی ولاتانی پچڕ پچڕی عەرەب‌و خەریك بوونی کاربەدەستانی ئەوسا بە ئیش‌وکاری تایبەتی خۆیان‌و رابواردن‌و دوورکەوتنە وەیان لە گەلەکانیان ·· رێژیمە سەرمایەدارە دەرەبەگی‌یە هەرێمایەتی‌یەکان کە توندو تۆڵ بەئیمپریالیزمەوە بەسترابونەتەوە لێ پرسراوی سەرەکی لە دەس چوونی فەلەستین بوون ·

ئەوەبوو شکستی‌یەکەی ساڵی ١٩٦٧ بەسەردا هات وسەرلەنوێ نابووتی‌ی سیاسەتە تیرەگەری‌یە هەرێمایەتی‌یە بورجوازی‌یەکانی ساغ کردەوە · بەڵام ئەم نوشوستی‌یە هەرچەندە سامناك‌و قورس بوو کەچی سەرەتای دەرکەوتنی قۆناغێکی نوێ بوو ، قۆناغی قایل نەبوون بە شێوەی پچڕ پچڕی‌و تاکەکەسی‌و دەست رۆیشتوی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی ·

هەروەها ئەم شکستی‌یە چەندین زەمینەی لەباری خولقاند بۆ سەرنج دانە رووداوەکان‌و ساغیشی کردەوە کە چارەنووسی هێزە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکان یەکەو تاکە دوژمنێکیان هەیە·

شۆڕشی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی ١٧ی تەمووز لە عیراقدا بەرپا بوو بۆ بەرەنگاری‌ی کردنی دەست درێژی دوژمن‌و رووبەروو بوونی شکستی یەکەی حوزەیران ·· هەر ئەم شۆڕشەش بوو بە پاڵپشتی شۆڕشی فەلەستین‌و بزوتنەوە نیشتمان پەروەرەکانی نیشتمانی عەرەب‌و جیهانی سێ‌یەم ·

شورش هەر لە ساڵی ( ١٩٦٨ )ەوە روو بەرووی جێگیر کردنی سەربەخۆیی سیاسی‌و تەواو کردنی سەربەخۆی ئابوری بوو لەگەل بەدی هێنانی دیموکراتی‌یەت‌و هاوپەیمانی نیشتمانی ·· ئەم ئەرکانەش سوك‌و ئاسان نەبوون بەتایبەتی لەودۆخە نالەبارەی عیراقدا کە حەوت ساڵ لەمەوبەر واتە پێش شۆڕش لەئارادا بوون ·

سەرەڕای ئەو دۆخە ناوخۆیی‌و عەرەبی‌یە ناخۆشەی دوای نوشوستی حوزەیران پێویست بوو لەسەر شورشی پێشکەوتنخوازی تەمووز دلێرانە پرۆسێسە پێشکەوتنخوازە سوشیالیستی‌یە دیموکراتی‌یەکەی لە ناو خۆدا جێگیر بکات‌و سەربەخۆیی سیاسی‌بە شێوە شورشگێڕە نوێ یەکە بەدی بهێنێ ·

ئەبو شورش هیرش بەرێتە سەر ئوردوگای دوژمن‌و ئەمەی کردو رێبازی خەباتی چەکداری گەلی گرتە بەر کە ئەبوایە وبگرە پێویست بوو رەفتاری بکات ··

دووەم ئەرکیش بنیات نانی پەیوەندی نوێ بوو لە رەفتارو کارکردنا لەگەل هێزە نیشتمانی‌یە پێشکەوتنخوازەکانی ولاتدا ، ئەوە بوو بەرنامەی کاری نیشتمانی گەلالە کراو بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بەدی هێنرا کە هەموو هێزو پارتی‌یە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکانی ولانی لە خۆیدا کۆکردەوە ·

شۆڕشی پێشکەو تنخوازی ١٧ی تەمووز جوامێرانە دەستی کرد بە وەدی هێنانی دەسکەوتی پێشکەوتنخوازانە کە هەر بەنەمری ئەمێننەوە وەکو پاکۆدانی رێکخراوی جاسوس‌و پیلان گێران‌و میللی کردنی کۆمپانیا مۆنۆلەکانی نەوت‌و بنیات نانی پیشەسازی‌یەکی پەرەسەندوی نیشتمانی‌یانەو بلاوکردنەوەی بەیاننامە مێژوییەکەی ١١ی مارت‌و چارەسەر کردنی ئاشتی‌و دیموکراتی‌یانەی کێشەی کورد لە رێگای جێبەجێ کردنی مافی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستانی عیراق‌و لە ناوبردنی تاقمە یاخی بووە بەکرێ گیراوەکەو بنیات نانی دام‌و دەزگاکانی ئۆتونومی‌و چەندین دەسکەوتی تر ·

پەیمانی کاری نیشتمانی کە لەلایەن سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە دەرچوو هەلویستی شورشی ١٧ی تەمووزی بەم شێوەیە دەربارەی مەسەلەی فەلەستین ساغ کردەوە -

« **مەسەلەی رزگار کردنی فەلەستین لە چنگ داگیر کەرە زایونیستەکان کێشەیەکی ناوەندی‌یە لە خەباتی عەرەبدا، هەروەها توندو تۆڵ بەوەوە بەستراوەتەوە کە لە پێناو رزگاری‌و یەکگرتن‌و بنیات نانی سوشیالیستیدا ئەڕێت** » ·

وە لەبەر ئەوەی شورش باشی ئەزانی کە بوونی زایونیستەکان هەڕەشەی لە هەموو گەلی عەرەب‌و ولاتانی عەرەب ئەکات ، بەلایەوە شتێکی سەرەکی‌یە ،کە هەموو گەلانی عەرەب بەشداری ئەم تێکوشانەبین چونکە هەڕەشەکە هەموویان ئەگرێتەوە ·

**- حسن طوالبه -**

جا بۆیە شورش داوای رزگارکردنی یەکجارەکی خاکی زەوت کراوی ئەکرد ، ئەمەش هەلویستێکی شوفیەنیانە نی‌یە بەلکو هەلویستیکی مرۆڤ پەروەرانەیەو مرۆڤایەتی لە شەڕی نازی‌یەت رزگار ئەکات‌و ئاشتی‌یەکی راستەقینە لە ناوچەکەدا جێگیر ئەکات ·

کاتێك شورشی ١٧ی تەمووز ئەم بیروڕایانە ئەداتە دەست وەنەبێ لە هەلویستێکی نازانستی‌یانە یان لە تیورێکی بێ بنچینەوە هەنگاوبنێ بەلکو لە راستی‌یەکی هەست پێ کراوەوە هەنگاو ئەنێ کەلە عیراقدا جێ بەجێ کراوە ·· هەروەکو تەواوی مافەکان دران بە نەمایەتیەکان لە عیراقدا ئەوا جونەکانیش کاتێك فەلەستین رزگار ئەکرێت وەکو کەمایەتیەك مافی خۆیان پێ ئەبرێت ·

بڕوانە ل -٧-

# ئەفریقیا بەرەوکوێ دەچێ؟

**عباس محمد کردویه به کوردی**

مەسەلەی رزگار بوونی ئەفریقیای ڕەش لە پاشماوەی رژێمی کۆلۆنیالیزم‌و فاشیزم‌وهەروەها سەرهەلدانی پشتگیری کردنی ئەفریقیای سەربەخۆ سال بەسال بەرەوپێشەوە ئەچێت‌و سالی ( ١٩٦٠ ) کە مێژووی ئەفریقیا بە ساڵێکی پیرۆز دانراوەو لەوساڵەدا بەرەی هێزە رزگاری خوازەکان‌و نیشتمان پەروەرەکان توانیان لە (١٧) وولات پشتی رژێمە کۆلۆنیالی‌یەکان بەدەنە زەوی‌و وولاتەکانیان رزگار بکەن‌و بەمجۆرە ژمارەی دەولەتە ئەفریقی‌یە سەربەستەکان گەیشتووتە (٤٠) دانە دەولەت ·

وەدیسانەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی رێکخراوی یەکگرتووی ئەفریقی ، ئەم رێکخراوە جموجۆلێکی بەرفراوانی هەبووەو هەموو لایەنە ئازادیخوازە ئەفریقی‌یەکان کە ئەندامن لەم رێکخراوە ئامادەیی خۆیان بۆ بەهێز کردنی هاوکاری‌و کاری هاوبەشی نێوان دەولەتە ئەفریقی‌یەکان پیشان داوە بەپێناوی چارەسەرکردنی بەواوی ئەو گیروگرفتانەی لەم کێشوەرە بووە ·

بەگشتی لەم چەند ساڵەی رابردوودا ئەفریقیا گەلێ هەنگاوی بەرەوپێشەوە هاوێشتووەو گۆڕانی هەمە چەشنە لەژیانی کۆمەڵانی خەلکی ئەفریقیا رووی داوەو میللەتانی ئەفریقیا توانیویانە لەقاوغی کۆنینە خۆیان بێنە دەرەوەو هەناسەیەکی فێنك وەربگرن‌و زیاتر خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرەوپێشەوە بردنی وولاتەکانیان ·

ئینجا لەم بوارەدا هەتا ئێستاش تێکۆشانی بەردەوامی گەلانی ئەفریقیا بۆ بن‌برکردن‌و پاك کردنەوەی هەمووپارچەیەکی ئەفریقیا لە دەسەلات‌و داوێن پیسی کۆلۆنیالی‌و فاشیزمەکان لەم کیشوەرەدا پێداویستی سەرەکی سەرشانی ئەمرۆی نەتەوەکانی ئەفریقیایە ، چونکە تا بستێك لە خاکی ئەفریقی بەدەست ئیمپریالیزم‌و چەلاوخۆرەکانیەوە بێت مەحالە میللەتانی ئەفریقی بەتێکرایی بتوانن لای حەسانەوە لە خۆیان بکەنەوەو وولات بنیادنانێکی پتەوو تازە دەست پێ بکەن ·

جا رووخانی رژێمی دیکتاتۆری پورتەگالی وەنەبێت هەر لەخۆیەوە بێت‌و بەس ، بەلکو لەئەنجامی بەردەوامی تێکۆشانی توندوتیژی هێزە شۆڕشگێرەکانی پورتەگال خۆی‌و سەرکەوتنە یەك بەدوای یەکەکانی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی وولاتە داگیر کراوەکانی ئەفریقیاوە بووە ·

ئیستعماری پورتەگالی کە کۆسپێك بوو لەپێش پێشکەوتنی ئەفریقیاو لەبەرەو بەدەست هێنانی ئازادی تەواو کە داواکاری سەرەکی میللەتانی ئەفریقی‌و هێزە پێشکەوتن‌خوازو نیشتمان پەروەرەکان‌و هەموو وولاتە تازە پێ گەیشتووەکانی جیهان بوو ، بۆ دواجار هەناسەی لێوە براو خرایە ناو ئەو گۆڕەی بەدەستی خۆی بۆ خۆی هەلکەندبوو لە ئەنجامی چەوساندنەوەو زۆرداری لەخەلکی ڕەش‌و رووتی ئەفریقیا ··

سەرکەوتنە مەزنەکانی گەلانی « غینیا - بیساو » و « ئەنگۆلا » و « مۆزنبیق » و « دوورگەی ساوتومی وبرینسیا » گورزێکی بەتین‌بوو بۆ تێك شکاندنی رژێمی کۆلۆنیالیزمی پورتەگالی‌و وەزعێکی نوێی هێناوەتە ناوەوەو بووەتە یارمەتی‌دەرێك‌و پالپشتی کەرێکی تەواوی میللەتە چەوساوەکان لە « رۆدیسیا »و « خوارووی ئەفریقیا » کە لە تێکۆشانێکی سەخت‌و خوێناوی دایەو لە دژی ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکەی هەردوو دەولەتە ناوبراوەکەی سەر بە ئیمپریالیزم زیاتر تێکۆشانی خۆیان پێ ئەدەن ·

بەم جۆرە شتێکی بەدیهی‌یە بە بزوتنەوەی هەردوو وولاتەکە گۆڕانێکی نەوعی بەخۆیەوە دیوەو لە ئەنجامی دروست‌بوونی ئەم وەزعە نوێ‌یە دیسانەوە ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی «سالزبوری»و « بریتوریا » کە کەوتوونەتە خوارووی ئەفریقیا لەسنوورێکی تەسك‌دان‌و زۆریان نەماوە لەبەر شالاوی شۆڕشگێڕەکان وەکو بەکرێ گیراوەکانی لەمبۆدیاو فیێتنام ببەزن ·

ئینجا پیرۆزی لەوە دایە کە ئەم گەلانە سەربەستی خۆیان لەرێگای خەباتی چەکدارانەی بە دەست هێناوەو دوای ئەمەش رێبازێکی پێشکەوتن خوازانەیان لەدژی ئیمپریالیزم گرتووتە بەرو تەنیا چەند دەولەتێکی وەکو «مالاوی» و « ساحل العاج » نەبێت کە خۆیان لە سنووری جیهانی سەرمایەداری هێشتووتەوەو خۆیان بە دەولەتە ئیستعماری‌یە کۆنەکان بەستووتەوە ، بەلام زۆربەی زۆری گەلانی ئەفریقیا

بڕوانە ل - ٧ -

# هەوالێك لە ئەنگۆلاوە

**- رزگار ئامادەی کردوە -**

رابەرانی سێ بەرەی رزگاری دەری ئانگولا پاش کۆبوونەوەو وتو وێژێکی حەوت رۆژی لە « ناکورو » ، بەتێکڕایی دەنگ لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە کەلك وەرگرتن لە هێزی چەکدار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی وگیروگرفتی نێوخۆ کارێکی نارەوایە وبەپێچەوانەی سوودو قازانجی گشتی‌یە ·

ئەوسێ بەرەیە پاش ناکۆکی ومشت ومڕێکی زۆر ، رێك کەوتن نامەیەکی چەند مادەیی‌یان مۆرکرد کە رەزامەندی هەرسێکی لای تێدا گونجابوو ·

رابەرانی ئەو سێ بەرەیە « هولدن روبرتو » ، « ئاگوستینونتو »و « یوناس ساویمبی » ، لەباوەڕەدان کە پێك هێنانی هەلبژاردنی گشتی باشترین ریگای ئاشتی وهێمنی ئانگولایە ، بە تایبەتی لەم دوایی‌یەدا کە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی ئانگولا زۆری نەماوە وبڕیار وایە لەسەرەتای تشرینی دووەمی داهاتوودا رابگەیەندرێ · رابەرانی ناوبراو گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ئالۆزی باری ناوخۆی ئانگو لا پاش شەڕ وەستاندن لەگەل هێزەچەکدارەکانی پورتوگال ، هۆی ئەوە بووە کە هەریەك لەو سێ بەرانە چەکێکی زۆریان لە ژێر دەست دا بووە ورێگای بەگژیەك داچوونیان پێ نەگیراوە ·

ئەوسێ بەرەیە هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە دابەش کردنی ناوچەی ژێر دەسەلات ، بەوجورەی کە هەریەك لە مەلبەندێکی تایبەتی‌دا دەستەلاتی عەسکەری لەوەی تر زیاتر بێ ئەوەش لە ئەساسدا شێوەیەکی تایفەگەری ورەگەز پەرستی‌یە ، لە سیاسەت وقازانجی هاوبەشی ئەوسێ بەرەیە دوورە · لە بارەی گیروگرفتی لەسەرئەوە هاودەنگ بوون کە بەیەکەتی ویەکگرتوویی پتەو دەتوانن پێشی هەموو جورە دەست تێوەردان‌و ئاژاوە نانەوەیەکی ئیستعمارو کۆنەپەرستی بگرن‌و نەهێلن لەوە زیاتر بێگانە لە ناوخۆی ولاتدا رەگاژۆیی بکا· رابەرانی سێ‌بەرە بڕیاریان داکە باری سیاسی ولات بە جۆرێکی ئەوتۆ بگۆڕن کە وێڕای گەڕانەوەی ئاشتی وهێمنی بۆ ولات ، ببێتە بنچینەی یەکەتی نەتەوایەتی ونیشتمانیش ·

ئەو رێك کەوتن نامەیە بوو بە بناخەیەك بۆ دانانی یاسای هەلبژاردن کە دوای کونفرانسی رابەرانی سێ بەرە پەسند بکرێ · لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا ، پێش ئەوەی سەربەخۆیی ئانگولا رابگەیەندرێ ، بەپێی ئەو یاسایە لە سەرانسەری ولاتدا هەلبژاردن دەکرێ · لە بڕیارنامەی یاسای هەلبژاردن داگوتراوە دەبێ پێش داهاتنی مانگی تشرینی یەکەم، لەهەموو ناوچەکانی ئانگولادا خەباتی انتخاباتی بە شیلگیری دەست پێبکرێ · دەبێ لەخەباتی انتخاباتی‌دا یەکەتی ئانگولا وەك مەرجێکی سەرەکی لەبەرچاو بگیرێ · ئەگەر لەو رێگایەدا تەنگ وچەلەمەیەك هاتەپێش ، دەبێ رابەرانی هەرسێك بەرە بەزووترین‌کات بۆ چارە سەرکردنی کۆبنەوە ولە بارەی شێوەو چۆنیەتی سپاردنی دەستەلات بە خەلکی ئانگولاو دیاری‌کردنی رۆژی وەدەست هێنانی سەربەخۆییش کۆنفرانسێك پێك بێنن ·

هەروەها لە کونفرانسی رابەرانی ئەو سێ بەرەیەدا بڕیاردرا کەسوپایەکی یەکگرتوو وگەلی ٣٠ هەزار کەسی لە هێزی عەسکەری هەرسێك بەرە پێك بێنن‌و لە ژێر چاودێری کومیتەیەکی عەسکەری هەمیشەیی‌دا بەرێوە بچێ ·

رابەرانی سێ بەرەی رزگاری دەری ئانگولا بۆ چارەسەرکردنی باری ناهەمواری مالی وئابووری ولات ، بڕیاریان‌دا تەواوی سەربازخانەو پێگە عەسکەریەکانی پێشوو هەلوەشێنن‌و ئەرکی ئاگاداری لەئاشتی‌و هێمنی ولات بە پولیس بسپێرن ·· لە رێك‌کەوتن نامەی ئەوسێ بەرەیەدا گوتراوە حکوومەتی داهاتووی ئانگولا بۆ رزگارکردنی بەندەری ( لواندا ) و ( لوبینتۆ ) و بۆ تێك دانی دام‌ودەزگای ئیستیعماری لەو بەندەرانەدا بەهەموو توانا تێدەکۆشێ · هەروەها حکومەتی داهاتووی ئانگولا بۆ دوور خستنەوەی تەواوی تکنیسینی کاربەدەستانی خەریکی لاوازکردن‌و دواخستنی ئابووری ولاتن بە تەواوی تێدەکۆشێ و ئەوناوچانەی بەرهەمی ئەلماسیان هەیە دەخرێتە ژێر سەرپەرشتی هێزی چەکدار وبۆ پێشگیری لەهەر جۆرە گیرو گرفتێك کە بێتە سەرڕێگای بەرهەم هێنانی ئەلماس ، لەلایەن پۆلیسەوە بە توندی چاودێری دەکرێ ·

لە رێك کەوتن نامەی سێ بەرەدا گوتراوە کە بۆ پێوەندی راگرتن لە نێوان ئانگولاو پورتوگال‌و بۆ چاودێری هەلویستی حکوومەتی پورتوگال دەستەیەکی نوێنەرایەتی دیاری بکرێ وبەرپرسی ئەو مەسەلەیەبێ ·

# شانۆگەری سەرکۆمار !!

**نووسینی : ئارت بوخوالد**
**-سەعید کردوویە بە کوردی-**

لەم دوایی‌یانەدا شەوێك کە تەلەفیزیونم کردەوە دیتم کابرایەك رۆژ ئەژمێرێکی گەورەی بە دەستەوەیە ، هەر قسەدەکاو لیکدالیکداش پەڕی‌رۆژئەژمێرەکە دەپچڕێ‌و دەیدڕێنێ · لە هەوەلەوە پێم‌وابوو بەرنامەیەکی لەش ساخی‌یە لە بارەی سك ئێشەوەبەلام کە بە وردی سەیرم کرد دیتم کابرا سەرکۆماری ئەمریکایە ·

وا دیار بوو راوێژکەری تەلەفیزیونی‌ی بە سەرکۆماری گوتبوو نابێ وەك جارانهەر لە دەفتەری کاری خۆی دانیشێ‌و لەوێوە لەگەل خەلکی ئەمریکا قسە بکا · دەبێ بۆ روون کردنەوەی‌خەلك ئەوەندەزەحمەت بکێشێ‌و تەشریف بێنێتە ستودیوی تەلەفیزیون ·

دیارە مەبەست ئەوەیە پەیامی سەرۆك فورد لە بارەی ئینیرژی‌یەوە باشتر سەرنجی‌خەلك راکێشێ · ئێمەش ( خەلکی ئەمریکا ) کە سەیری‌دڕانی پەڕەکانی رۆژئەژمێر دەکەین ، واتێ‌بگەین کە کۆنگرە لەبارەی مەسەلەی ئینیرژی‌یەوە لەگەل سەرکۆمارێك ناکەوێ ·

شانۆگەری‌یەکی باش بوو،بەلام کارێکی ئاوا ، ببوورن شانۆگەری‌یەکی ئاوا ، ئامادەبوونێکی باشی دەوێ وپێویستە پیشەکی تاقی کردنەوەی زۆرلەسەربکرێ · ئەوەش بۆ سەرکۆمارێك کەمتر دەستدەدا ·

پریزدینت بۆ بلاوکردنەوەی‌ریزە قسەیەکی ١٤ دەقیقەیی لە بارەی ئینیرژی‌یەوە ٣سەعات‌خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو · رێکخەری بەرنامە رووی تێ‌کردو گوتی :

- باشە جەنابی پریزدینت با سەرلەنوێ دوو پاتەی بکەینەوە ! لە بیرت بێ کاتێك لەبارەی کۆنگرەوە قسە دەکەی ، زیاتر رووگرژ بەو خۆت توورە نیشان‌بدە !

- جاری پێشوو خۆم‌رق هەستاو نیشان دا ؟ تاوانی من نیە کە ناتوانم باش تووڕەیی خۆم دەربخەم ·

- قوربان مەسەلە ئەوەیە‌دەبێ گوڕو تینێکی زیاتر لە کارەکەت باوێی · لەبیرت‌نەچێ تۆ لەهەموو سەرکۆمارەکان زیاتر بایەخ بە مەسەلەی‌ئینیرژی دەدەی · بەلام کونگرە باوباوێن بە خەلك دەکا ·ئێستا توتفەن ئەم رۆژئەژمێرە بە دەستەوە بگرە ، کە دەلێی « چوار مانگ لەمەوبەر راپۆرتێکی ١٦٧ لاپەڕەییم بردە کۆنگرە ، وەك ئەمە » پەڕەکان بدڕێنە ·

- ئاخر جاری پێشتریش‌وام نەکرد ؟!

بەلێ ئەمما لەبیرت چووویڕای پەڕدڕاندن قسەش بکەی دەبێ بەجۆرێك خۆت بنوێنی‌کەخەلك پێی وابێ ئەوەندە گەرم داهاتوی ئاگات لە دەستی خۆت نیە کە پەڕەکان دەدڕێنی ·

- ئاخر ئەوەندەش هاسان‌نیە ، چۆن دەکرێ قسەش بکەم‌و پەڕیش بدڕێنم ؟!

- نانا جەنابی سەرۆك،بوتۆ هاسانە پێت دەکرێ ! پاشان دەست لەسەر مانگی‌کانوون دانێ · پەڕەکانی ئەو مانگە بدڕێنەو دەست‌لەسەرمانگی شبات دانێ · لە بارەی ئەوە کەکۆنگرە‌لەومانگەدا هیچ کارێکی نەکردوە قسە بکە !

- ئەوە هاسانە ·

- بەلام تۆ جاری پێشترمانگی کانوون‌و شبات‌و مارست یەکجێ دڕاند · ئەوەبۆ کابرای سەیری تەلەفیزیون دەکا زۆر شتێکی سەیرە ·

- باشە دوای مارس دەبێ‌بەچێ ؟!

- قوربان دەبێ بە نیسان ·

- پێم وایە دەتوانم ئەوەم‌لەبیر بمێنێ ، بەلام پرسیارێکی ترم هەیە · کە دەلێم « چوارمانگی رابردوو بێ‌ئەوەی کۆنگرە کارێك بکا » چەند ئەنگوست هەلێنم ؟

- چوار ئەنگوست قوربان ·

- چۆن دەکرێ چوارئەنگوستیش هەلێنم‌و رۆژئەژمێرەکەشم هەر بەدەستەوەبێ ؟!

بڕوانە ل - ٧ -

# کەتائیبی فاشست‌و مێژووی پەیدابوونی

**ئەنوەر شاکەلی**

رووداوەکانی ئەم یەك دوومانگەی دوایی لوبنان ، ئەوەندە قەبەو گەورە بوون کە تێکڕا ناوچەکەیان شلەژاند‌و بوون بە باباسی سەرزمانی هەموو ئاژانس‌و رۆژنامەو گۆڤارەکان· لەهەموو لایەك باس هەر باسی ( حیزبی کەتائیب ) بوو ·· باسی ئەو ئاژاوەو ئالۆزی‌یە بوو کە ئەو حیزبە کۆنەپەرستە ، بەکرێ گیراوەدروستی کردو بوو بەهۆی خوێن رژانێکی زۆرو خەریك کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب بەگشتی‌وشۆڕشی گەلی فەلەستین بە تایبەتی بەگیروگرفت‌و ناکۆکی ناوخۆوەو دوور خستنەوەی لەئەرکی سەرەکی‌و گەورەی‌خۆی کە رزگارکردنی خاکی داگیر کراوی فەلەستینە ·

ئێمەلێرەدا دووبارە باسی ئەورووداوانە ناکەین ، چونکە رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەوەندەیان باس کردن کەهەموو کەس - کەم وزۆر - ئاگای لێ‌یانەو دەزانێ چۆن بوون ، بەلام بەپێویستی دەزانین کورتە باسێك لەبارەی مێژووی پەیدا بوون‌و گەشەکردن‌و شێوەی رێکخستن‌و باری چینایەتی وجۆری بیرکردنەوەی ئەم( حیزبی کەتائیب )ەوە پێشکەش بکەین ·

**پەیدابوونی کەتائیب‌وقۆناخەکانی گەشە کردنی :**

حیزبی کەتائیبی لوبنانی لەرۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ هاتە دروست بوون · دامەزرێنەرانی حیزب ئەمانەن : بطرس الجمیل ،شفیق ناصیف ، شارل حلو ، جورج نقاش ، ئەمیل یارد · حکوومەتی ئەوسای لوبنان لە رۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢دا حیزبی کەتائیبی وەکو رێکخراوێکی دەستووری ناسی‌ورێگای کاری پارتایەتی‌ی دایێ ·

حیزبی کەتائیب لە شێوەی‌رێکخستن‌و قۆناخەکانی گەشە کردنی دا بەسێ قۆناخ‌دا تێپەڕی لەقۆناخی یەکەم دا ( ١٩٣٦ - ١٩٤٢ ) بناغەی رێکخستنی‌میلیشیا بوو ، میلیشیاش کرابوو بە چەند (کەتیبە) یەك،هەریەکی لە ٦٠٠ ئەندام ·

پێك هاتبوو ، کەتیبەش بەسەر دوو ( سریە )دا دابەش دەبوو (هەر سریەی ٣٠٠ کەس)و هەر سریەیەکیش دەکرا بە دوو ( بەش )ەوەو هەربەشێکیش لە چەند گروو پێك پێك هاتبوو ( هەر گرووپی ٢٥ کەس )و گرووپیش لە چوار ( دەوری‌یە ) پێك هاتبوو ( هەردەرویەی شەش کەس ) · لەم

بڕوانە - ل ٧

Institut kurde de Paris

## هاوکاری

له لاپەڕەی (ئەدەبو ژیان)ی ژمارە ٢٧٤ی ٤-١١/٧/٩٧٥ی ئەم ڕۆژنامەیەداو لە گۆشەی وتەی لاپەڕەکەدا وتارێك بە ناونیشانی ( ئەدەبی تەمو مژ ) بلاوکرابوەوە ، وتارەکە باسی مەوزوعێکی گرنگ ، یەکێك لە ڕووداوەتەکانی ئەدەبی تازەی ئەمڕۆمان بوو ، ئەوەی ڕاستی بێ من نامەوێ ڕاستەو ڕاست وەڵامی ڕستەو ڕاکانی ئەو وتارە بدەمەوە ، بەڵام ئەمەوێ ڕای خۆم دەربڕمو وائەزانم ڕادەربڕینەکەشم هەر وەڵامدانەوەیە بۆ ئەو وتارە ، وتارەکە بە شێوەیەکی گشتیو بێسنووردانان بۆ مەسەلەکە چووەو هێڵێکی ئاشکراو ڕوونی نە نێوانی ئەدەبی تەمو مژی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینەماندا نەکێشاوە ، زۆر بە ڕەقیو هەندێ زوڵمیشەوە باسی ئەم ئەدەبەی کردووە ، بۆ بەڵگەی قسەکەشم هەندێ لە ڕستەی وتارەکەتان ئەخەمە پێش چاو ئەڵێ : « کە لە خاسیەتەکانی وردئەبینەوە ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە ناوی لێبنێین ئەدەبی تەمو مژ ، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەو ڕستە بۆ مەبەستیوا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەبێ٠٠ تەنانەت دانانی پارچە شیعرو نووسین چیرۆکیوا خوێندەوار بە هیچ کلۆجێك لە مەبەستەکەی نەگات ئەگەر مەبەستی هەبێ ، ئەگەر لێکدرایەوە هیچ کەسێکی بەویژدان نەتوانێ بڵێ کام مەعنا لێدانەوەیان زیاتر لەوی کەیان ڕێی تێئەچێ ٠٠ئەدەبی تەمو مژ وەڵامی پرسیارەکانمان ناداتەوە ٠٠ » بروانە هاوکاری ژمارە ٢٧٤ ل ٣ ٠

# کام ئەدەبی تەموومژ؟

سیروان

من لێرەدا لەباتی دوان لەو ڕاو قسانە ڕای خۆم دەربارەی ( تەمو مژ ) دەرئەبڕم ٠

### ئەدەبی نوێو تەمو مژ

ئاشکرایە لە کۆتایی شەستەکانو لە سەرەتای سالانی حەفتاوە ، جۆرە ڕێبازو جوڵانەوەیەکی ئەدەبیی تازە لە نەخشەی ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵداوە ، ئەم جوڵانەوەیە شیعرو چیرۆکو بابەتەکانی تری گرتۆتەوە ، گومانی تیا نییە ، ئەم جوڵانەوەیەش لە خۆیەوە پەیدا نەبووە ، بەڵکو لە کۆمەڵەکەماندا کۆمەڵێ هۆو ڕووداوی وا هەبوون کە بوونەتە هۆی دروست بوونی ، هەروەها نە ئەنجامی چاو کردنەوەی ئەدیبە کوردەکانداو لە ئەنجامی خۆ پێگەیاندنو اوردانەوەیاندا لە ئەدەبی عەرەبیو ئەدەبی جیهانی هاتۆتە کایە ، پێاچوونەوەیەکە بە هەندێ نەریتو خووی کۆمەڵایەتیو ئیستاتیکیو کەلەپووردا ، هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە ، بەرەو پێشکەوتن ٠ ئەدیبی کورد لە ئازارو ئاواتی کۆمەڵەکەیدا چاوی هەڵهێناو سەیری دەوروپشتی خۆی کرد ، دەستی کرد بە خوێندنەوە ، بە ڕاکردن بەدوای هەواڵەکانی هەموو جیهاندا ، ڕاماو بیری کردەوە ، لە ئەنجامدا ئەو فۆرمە ئەدەبییەی بۆ دەربڕین دۆزییەوە ، یەکێك لە ڕووالەتەکانی ئەو فۆرمەش تەمو مژە ٠٠ تەمو مژ بۆ ؟!

تەمو مژی ئەدەبی نوێی کوردیش وەك سەرجەم بەرهەمە ئەدەبییەکە ڕەسەنو ناڕەسەنی هەیە ، منیش ئەڵێم بەشێکی زۆری ئەو هۆنراوەو چیرۆکانەی ئەمڕۆ ئەیانبینین کاڵو کرچن ، زۆر لە خۆکردنیان تیایە ، لاسایی کردنەوەن ، خۆهەڵواسینن بە ئەدەبی تازەی ڕاستەقینەماندا چونکە زادەی تاقی کردنەوەیەکی قووڵ نین ،خاوەنەکانیان هەرزەکارنو تەنیا لەبەرئەوەی ناویان لە ڕۆژنامەدا دەرچێ بڵاویان ئەکەنەوە ، هەندێ هۆش بۆتە هۆی دەرفەت دانی تەشەنە کردنی بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمانە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە ئەدەبێکی ڕاستەقینەو ڕەسەن نییە ٠

### شیعرو تەمو مژ

ئەوەی شارەزای شیعرو مێژووی شیعر بێ ، ئەزانێ هەر لە کاتی ئەفلاتوونو ئەرستۆو هۆراسەوە ، شیعر بە زمانی هەستی هەڵچوو و قووڵی کاتێکی دەروونی زانراوە زمانی شیعری ڕاستەقینە هەموو دەمێ زمانێکی چڕو پڕی بڕووسکەیی بووە ، زیاتر زمانی خستنەدڵ «ئیحا» بووە کەمتر زمانی گەیاندن (ایصال) بووە ، شیعر زۆرتر لە جوغزی خۆدا سووڕاوەتەوە هەرچەندە ئەو خۆیەش بە ئەوانی ترەوە بەستراوە ، نەخشەیەکی بچکۆلەی هەبووە ، زیاتر بەدەوری مەسەلە نەمرەکانی ژیانی مرۆڤدا خولی خواردوە ، لە خۆشەویستی ، مردن ٠٠ ژیان ، لە قووڵایی دەریا ، لە ئاوابوونو هەڵهاتنی ڕۆژی پرسیووە ، لێیان ڕاماوە ،زیاتر دەریکی دۆزینەوە « کەشف » بووە ، پەلاماری لایەنە نەدۆزراوەکانی دەروونو سروشتی داوە ، سووتاوە، ڕاماوە ، دواییش بە هۆشێکی منالانەی هەندێ دوور لە مەنتیقەوە ڕوانیوییەتییە سروشتو ئادەمیزادو ڕووداوەکان ، ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەکی دەستی - ڕمان - لە دەربڕینی ئەم شتانەدا دەستەوسان بووە ، ( پۆل ئیلوار ) واتەنی : هۆنراوە هەمیشە پەراوێزێکی سپیی گەورەی هەیە ،پەراوێزی بێ دەنگی کە بیرو هۆشی تیا بەسووتێ ، بۆ ئەوەی دیسانەوە بیرو وڕێنە دارێژێتەوە » ٠٠٠ ( بروانە : پول ایلوار ٠ مع مختارات من شعره ، جان مارسیناك ، گۆڕینی : فوءاد حداد القاهره ل ٦٥

ژیانو گەردوونو مردن شاراوەن ، مرۆڤی هونەرمەند ئەیەوێ لێیان بگات ، زۆر پرسیاریکی دەربارەیان بەخەیاڵدا دێت ، بەڵام بێ وەڵامن ، لەبەرئەوە لە دەروونو بیریا هەست بە تەمو مژ ئەکا ، کاتێ ئەشنووسێ تەمو مژە لە بە چوارچێوەی بەرهەمەکەیدا بڵاو ئەبێتەوە ، بەرهەمەکەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر ئەگرێتە خۆی ، ئەمەش وەنەبێ هەر لە ئەدەبی کوردیدا هەبێ ، «پۆل ڤالیری » کە شاعیرێکی گەورەی فەرەنسایییە ئەڵێ : « حەزئەکەم شیعرەکانم چەند کەس ئەیانخوێننەوە ئەوەندە مانایان هەبێ » ٠٠٠ « ماکس ئارنست »ی هونەرمەندیش ئەڵێ : « لەگەڵ بینەرانی تابلوکانما لە ناو تابلۆکەدا یەك ئەگرین ، بیرو بینەری بیسەرەکە تابلۆکە تەواو ئەکەن » ٠

شاعیرێك ئەوەندە ئەندێشەو هەستو سۆزی قووڵە ، کاتێ پەنا دەباتە بەر کەرەسە کۆنەکانی بەلاغە ، ئەڕوانێ قاڵبی ئەو ئازارەی ئەو نین ، لەبەرئەوە لەباتی ئیستیعارەیەك چەندانێك تێکەڵ ئەکات بۆ ئەوەی مەودایەکی تربداتە شیعرەکەیو هەستو ئەندیشەی بەتەواوی دەربڕێ ، هەرچەندە بناغەی کەرەسەکە هەرکۆنە ، بەڵام بەشێوەیەکی تازە بەکاری دێنێ هەروەها پەنا دەباتە بەر « ڕەمز »و ئەیکاتە ( قناع - ماسك )ی زۆر تاقی کردنەوەی تازە ، ڕەمزەکە لە دوێنێوە ئەگوێزێتەوەو ئەندێشەی ئینسانێکی ئەمڕۆی بە بیردا ئەکات ، هەڵپەی تر ئەکات « دەریا ، روبار ، شەقام ، هەور ، باران ، هەتاو درەخت ئەکاتە ڕەمزو هەستی دەروونی خۆیان ئەخاتە سەر زمان ، ئەگەر بەوردی شیعری هەر شاعیرێ لە شاعیرە ڕاستەقینەکانمان بخوێنینەوە ، ئەتوانێ هێڵێ لە نێوان ڕەمزەکانیا بکێشێ ، لێیان تێبگەی ڕەمزن بۆچی ؟! باران زۆرجار ڕەمزە بۆ خێر ، کرێوە ڕەمزە بۆ شەڕ بەڵام مەرجیش نییە هەمووجارێ دووبارە ببنەوە ، چونکە شاعیر لە سروشتو جیهانێکی بێکۆتو ئازادی داهێناندا ئەژی ، بەڵام ئەگەر بتوانێت ئەو ئازادییەی خۆی لە فولکلۆرو ڕەمزو چێژی جەماوەری وڵاتەکەی نزیك بکاتەوە ، ئەوا ئەتوانێ جێی بەرهەمەکانیشی لە دڵیاندا بکاتەوە ، ئەو ڕەمزانە ئەکاتە پردێك بۆ بەئەوان گەیشتن ، بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناوەرۆکدا هەر بۆ ئەوان ئەنووسێ ، ئەگەرچی لەبەر هەندێ هۆ ڕەنگە لێشی نەگەن ، مەسەلەی ئەم لێ تێ نەگەیشتنەش مەسەلەیەکی چەسپاوی کوتو مت نییە ، چونکە ئەم شیعرە تازەیە ، بتەوێو نەتەوێ هی ئەوە نییە کە هەمووی تێبگەی ، لەبەرئەوەی وتمان زیاتر شیعری ئیحاو کار لە دەروون کردنە ، گرنگ ئەوەیە خەڵك بهەژێنێ ، لەگەڵیا بجووڵێن ، موچڕکەی شادی ٠٠ یا خەم بەدەروونو گیانیاندا بهێنێ ، ( مارکس ) واتەنی : « هونەر ئەوەیە وام لێبکا هەست بەشادی بکەم »٠ وائەزانم ئەدەبی ئەمڕۆی ئێمە توانیویەتی خەڵك بهەژێنێ یەك دوو ساڵ لەمەوبەر لە هۆڵێکی بەغدادا ، لە ڕۆژی ئەدیبانی کوردا ، هۆنراوەیەکم خوێندەوە ، هۆنراوەکەش هەر بەر ئەدەبی تەمو مژ ئەکەوێ، کەچی هەموو هۆڵەکە جولاو بارانی چەپڵە ڕێژان بەسەر هۆنراوەکەمدا باری ، تەنانەت ئەوانەی شووڵیان لە دۆگماتیەتیش هەڵکیشاوە بۆ داکوکی لە کۆن کردن ، هاتنو پیرۆزباییان لێکردمو وتیان ئەمەیە شیعر ، کاتێ لەسەر میکرۆفۆنەکە هاتمە خوارەوە لە چاوی هەموویاندا ئەمخوێندەوە نووسرابوو : « ئەم کوڕە لادێییە لە دیهاتی قەد کەژەکانەوە دابەزیوەو لەبەر ئەموپەکانی نەزدا [illegible] بە هەستمان ئەکاو ئەمانبەژێنێ لە گیروگرفتەکانی جیهان ئەکولێتەوەو ئێمەش ڕائەچەنێنێ » ٠٠ هۆنراوەکەی منیش لە تەمو مژ نەخەڵەستووە ئەی بۆ ئەو جەماوەرە پێیان خۆش بوو ؟! لەبەرئەوەی دەرفەتی بەڵگە هێنانەوە نییە ، نامەوێ ناویش بهێنم ، بەڵام کۆمەڵی دەنگی بەهێز لە شیعری کوردیدا هەنو لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانیان تەمو مژی پێوە دیارە ، کەچی خەڵکیش چێژ لە شیعریان وەرئەگرن ٠

لەم مەسەلەیەدا لایەنێکی تریش هەیە ، ئەویش ئەوەیە ئەبێ ئێمە چێژی خەڵکەکەش ڕابهێنین ، چونکە لە سەرەتادا بەئاسانی سەر بۆ شتی تازە دانانەوێنن ، ( مایکوفسکی ) شاعیری شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن بوو ، بەڵام «لینین» ئەیووت من تێی ناگەم ، بەڵام هەر « لینین »یش بوو پشتی ئەگرتو هانی ئەداو بە « کلارازایتکین »ی ئەوت : « کلارای خۆشەویست ! ئێمە پیربووینو هیچ فێلێکمان بەدەستەوە نییە ، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین پێبەپێی ئەم بەرهەمە بڕۆین ، ئەبێ یاپشە یاپشە شوێنی کەوین »٠ ( بروانە : لنین ، فی الثقافة و الثوره الثقافیه ، دار التقدم ، موسکو ١٩٦٨ ، ل ٢٢٨ ) ٠خۆ « گۆران »ی نەمریش نەك خەڵکی خوێندەوار بەڵکو « پیرەمێرد » گاڵتەی بە شیعری « بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە » کەی کردووە ، لەبەرئەوە ئەبێ بەرەو ئەوە بچین چێژی جەماوەر بە ئەدەبە تازەکە ڕابهێنین نەك ئەدەبەکە بگێڕینەوە بۆ دواوە ، ئەم ڕاهێنانی جەماوەرەش ئاسان نییەو هەر بە تەنیا بە ئەدیبو شاعیر ناکرێ ٠

### چیرۆکو تەمو مژ

ئەو تەمو مژەی بە شیعری ڕەوا ئەبینم ، بە چیرۆکی ڕەوا نابینم ، چونکە چیرۆك پەخشانە ، پەخشانیش زیاتر زمانی « ایصال »ە ، هەموو دەمێ لەم بارەیەوە ئەو ڕایەی ( سارتەر )م بیردێتەوە کە ئەڵێ : « ناتوانین لە شیعردا وەك پەخشان لە مەبەستی نووسەر بگەین ، کاتێ لە پەخشاندا ئەڵێین - نۆکەرەکە بۆ کوێ چوو؟- ماناکەی ڕوونە بەڵام کاتێ رامبۆ ئەڵێ : ئای لەوەرزەکان ! ئای لە بۆتی ناتەواوی دەروونم ! چی لە دەرونمدایە لە ناتەواوی زیاتر! ناتوانین مەعنایەکی پڕ بەپڕ بۆ ئەم دێڕە شیعرە بدۆزینەوە » ٠ ( بروانە : فلسفة الادب عند سارتر ، الدکتور محمد غنیمی هلال ، الاداب ، ژ مارە ٣ ، ئازاری ٩٦٢ ساڵی ١٠ ، ل ٢٦ ) ٠

لە ڕاستیدا چیرۆکی کوردی هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە ، چەند دەنگێکی بەهێز هەن لەم ڕووەوەدەورێکی باشیان بینیوە ، بەڵام لەگەڵ زۆریاندا باسی ئەوەم کردووە ، کە تەمو مژ زۆر لە چیرۆکدا دروست نییە ، لارییشم لەوە نییە زۆرجار چیرۆکنووس هەندێ ئەندیشەو بیری تازەی وای بۆ بێ بەئاسانیو ڕوونی نەتوانێ دەریان بڕێ ، بەڵام بەگشتی زمانی چیرۆك زمانی تێگەیشتنە ، من هەندێ لە چیرۆکەکانی ئالان ڕۆب گرییەو سارۆتم خوێندوتەوە ، بەڵام نیو ئەوەندەی هەندێ لەم چیرۆکە بێپێزە کوردییانە شاراوەو تەمومژاوی نین ، - ڕەنگە بوترێ مەسەلە تەئسیری ناوبانگە - بەڵام وا نییە ، چیرۆکی کوردی وا ئەبینین ئەگەر نیشانەی پرسیارو سەرسووڕمانو نوقتەو کەوانەی لێدەرکەین ، چەند ڕستەیەکی بچڕبچڕو بێمانای ئەمێنێتەوە ، منلام وایە چیرۆکی کوردی هێشتا کاتی ئەوەی نەهاتووە ، پاڵەوانو ڕووداو - حدث - ی تیا پێشێل بکرێ ، شوێنو کات زۆر گرنگە ٠ ئەو چیرۆکانەم لاپەسەندە ڕوویەکی سا ناریان هەیە ، بەڵام بیری قووڵ لە پشتیانەوە خۆی حەشار داوە ، جارێك کوڕێکی هاوڕێم دوای ڕۆمانێکی لێ بردم بیخوێنێتەوە ، ئەو ڕۆمانەی نەویست وەختی بێکوری ، بەڵام من ڕۆمانی - غەریب - ی کامۆم دایە بیخوێنێتەوە ، دوایی وتی : خوێندمەوە ، لە ڕووداوەکانی گەیشتم بەڵام تێنەگەم «میرسۆ» بۆ وا ئەکات ؟ نازانم ڕۆمانەکە ئەیەوێ بڵێ چی ؟ کوا ئەو چیرۆکە کوردییەی هەر قسەو کردەوەی پاڵەوانەکانیمان خوێندەوە ، خۆشمان بوێ ، یان ڕقمان بێ لێی و نە ڕێگەی هەڵسو کەوتی ئەوەوە بیری چیرۆك نووسمان بۆ دەرکەوێ ؟ کوا ئەو پاڵەوانانەی لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە ببینەوە ، وا هەست بکەین هاوڕێمان بووە ، یا لە نزیکمانەوە ژیاوە ؟! کوا ئەو « حدث »ەی لە ڕێگەی ڕووداوێکی بچوکەوە قووڵیو بەرینیی ژیانمان بۆ دەرخات ؟ کوا ئەو ( تداعی )یە سەرکەوتووەی وەختی چیرۆکەکەو یادگاری ژیانی پاڵەوانەکانمان بە شێوەیەکی هونەری بۆ ڕوون کاتەوەو زەمانی ئەمرمان بۆ بخاتە ڕوو ؟ کوا ئەو شوێنە یان ئەو جێگۆڕکێیەی لەگەڵ جموجووڵی پاڵەوانەکاندا دەربکەوێو زیاتر سەرسامان بکاتو هانمان بدات شوێن پاڵەوانی چیرۆکەکە بکەوین ؟ کوا مۆنتاجو مەنەلۆجو هۆنراوە لە چیرۆکدا ؟٠٠ لام وایە ئەگەر چیرۆك نووسێکی کورد بە تەواوی خۆی پێبگەیەنێو لە ڕێبازەکانی سەردەم بگاتو هەر بە توێکڵەکانیانەوە نەنووسێ ، ئەبێ دوای ئەوەی خۆی بەو کەرەسەو چەکانە تەیار کرد ، بگەڕێتەوە شەقامو ناو کۆڵانی شارو دێهاتی وڵاتەکەیو لەوێوە بە چاوێکی ترەوە سەیری ژیان بکات ، ئەوسا زیرەکانە هەر لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیدا کەرەسەو بناغەی ئەو شتە تازانە دائەنێ کە فێری بووە ، لە باتی تەمو مژی بێماناو چیرۆکی کاڵو کرچ ، چیرۆکێك ئەنووسێ ڕوخسارەکەی کوردانە بێ ، بەڵام ئەوەندەش قووڵ بێ ، ئەگەر هەر مرۆڤێکی ئەم سەرزەمینە ، لە هەر کووچەیەکی جیهاندا بۆی بخوێنرێتەوەو تێی بگا ، هەست بکا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ مرۆڤی وڵاتی

بروانە ل - ٧ -

# چەند شتێك دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی پێشڕەو

پاشماوەی ژمارەی پێشوو :-

ئەی ٠ ڤی ٠ لۆنا ٠ چارسکی
نووسیویەتی
کەمال میراودەلی
کردوویە بە کوردی

- ٥ -

پەیوەندییەکانی هەر کارێکی ئەدەبی بە سایکۆلۆژیەتی ئەم یان ئەولە چینوگرۆهە کۆمەڵایەتییە گەورەکانەوە ، لە ڕێگای ناوەرۆکەوە دیاری ئەکرێت ٠ ئەدەب ، هونەری وشە ، کە لە هەموو هونەرەکانی تر نزیکترە لە بیر ، لەوەدا لە هونەرەکانی تر جیاوازە کە ناوەرۆك گرنگییەکی زیاتری هەیە لە شێوە ٠ بەڵگەی پێناوێ ناوەرۆکی هونەری ئەدەب ، بیرو عاتیفەی دەربڕاو لە شێوەی دیمەنی ئەدەبیدا یان بە جۆری تر ، ڕەگەزی بنچینەیی هەر کارێکی ئەدەبییە ٠ ناوەرۆك لە شێوەیەکی دیاری کراودا ئەخرێتە ڕوو٠ نووسەر ئەتوانێ بەپێی توانای خۆی شێوەیوا بۆ دەربڕین هەڵبژێرێ کە بیرو عاتیفەکانی بە چەشنێکی ڕوونترو ئاشکراتر بنوێنێو تەئسیرێکی پتر لە خوێنەرانی بکا ٠

لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەخنەگری پێشڕەو بە پلەی یەکەم ناوەرۆکی کارەکەو جەوهەری کۆمەڵایەتیی ئەوکارە ئەکا بە ئامانجی لێکۆڵینەوەی خۆی ٠ ڕەخنەگر پەیوەندی کارەکە بە گرۆو چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاشکرا دەکاو تەئسیری ئەو پەیوەندییە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە ٠ تەنها دوای ئەوە دێتە سەر شێوەو گرنگترین ئەرکی لەو زەمینەدا ئەوەیە نیشانی بدا شێوەی کارەکە تا چ ڕادەیەك کۆمەکی بە ئامانجە سەرەکییەکانی کارەکە ، واتە گەیاندنی ناوەرۆکەکە بە خوێنەرانو تەئسیری لەسەریان - کردووە ٠

- ٦ -

بەڵام ڕەخنەگر ناتوانێ چاوپۆشی لە لێکۆڵینەوەی شێوەکانی ئەدەب بکا ٠ شێوەی هەر کارێکی ئەدەبی ، نەك تەنها لە ڕێگای ناوەرۆکەوە ، بەڵکو لە ڕێی ڕەگەزی سایکۆلۆژی ئەندێشە ، گفتوگۆ تایبەتییەکانی هەر چینێکی دیاری کراو ، شێوەی ژیانی هەر چینێك ، ڕووی ڕۆشنبیریی ماددیی کۆمەڵێکی دیاری کراو ، تەئسیری کۆمەڵانی دراوسێ ، تەئسیری سەدە ڕابوردووەکانو گۆڕانە نوێهێنەرەکان کە لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا دەردەکەون ، ئەمانە هەموو ئەتوانن هۆیەکی لاوەکیی دیاری کردنی شێوە بن ٠ زۆر جار سەرچاوەکانی شێوە بە یەك کاری ئەدەبیی دیاری کراوەوە نابەسترێنەوە ، بەڵکو بە یەك قوتابخانە یان یەك « سەردەم »ەوە پەیوەستن ٠

شێوە بۆی هەیە ناسازگار بێ لەگەڵ ناوەرۆکداو ژیانی پێبگەیەنێ، یان بێگانە بێ بە ناوەرۆکو سروشتێکی جیاو هەڵخەڵەتێنەرانەی هەبێ ٠ ئەمەش ئەوکاتە ئەبێ کە کارە ئەدەبییەکە لە واقیع هەراسان ئەبێو لێی دوور ئەکەوێتەوەو هەوڵئەدا لەپەنا پەردەیەك لە وشەی زلو قەبەو هیچو پووچدا خۆی دەربخات ٠

پێویستە ئەم تێبینییانە بەشێك بن لە ئەدەبی ڕەخنەگری پێشڕەو ٠ خوێندەواری باش دەزانێ ئەو ڕەگەزانەی سەرەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ژیاندا هەیە و لەم دەستووره حاڵی بووە کە ناوەرۆکی هەر شاکارێکی هونەری دیاریکەری شێوەی کارەکەیە ٠ هەموو نووسەرێکیش ئەو خەیاڵە ئەکات کە کارەکەی شاکار بێ ٠ ئەبێ ئەم تێبینییانەش بەش بە حاڵی خۆیان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە سرنج بدرێن ٠

بروانە ل - ٧ -

# منیش حەز ئەکەم

جەلال بەرزنجەیی

شەقام باوەش بۆ هاژەی باڕان ئەگرێتەوەو
زەریایش بێ خەم کپ کەوتووە ٠٠
شەو لەسەر پەلکی دارەکان٠٠ ڕائەکشێ ٠٠
بۆ ناخی ڕێ ٠٠ بۆ باخەکان ٠٠ ڕائەکشێ ٠٠
منیش لەگەڵ یەکەم شەپۆل
منیش لەگەڵ دوا شەپۆلا ٠٠
وەك چۆلەکەی ناو پووش ، تەنیا ، بەجێم هێشتی
وەك خوێی گوێی زێ ٠٠ بەجێم هێشتی ٠٠
تۆ چیت ؟
هەموو شتێ گوێ بۆ باشەل ئەکا ٠٠
باش بۆ تۆ ٠٠
هەموو شتێ ئەچێتە بەری ئاوێنە ٠٠
ئاوێنەش دێتە بەر ڕووی تۆ ٠٠
تۆ چیت ؟
بەرد بۆ دیتنت ئەجمێوقسە ئەکا ٠٠
منیش حەز ئەکەم وەك درەخت
شین بم لە ڕێی ماندووبوونتا ٠٠
حەز ئەکەم چاوەڕوانت بم٠٠ بەڵام زۆر قووڵ
وەك سەرنجی قووڵی شاعیر ٠٠
هەر وەك دەریا ٠٠ هەروەك جەنگەڵ ٠٠
تا وەك دوو کێشکەی(١) ناو چرۆ
پێکەوە ژین بەرینەسەر ٠٠

(١) کێشکە : چۆلەکە ٠

# لورکای شاعیری نەمری ئیسپانیا

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند شاعیرێکی هاوچەرخ دەنگی شیعری تازەیان لە ئیسپانیادا بەرز کردەوە کە بە ورشەدار ترین ئەستێرەی شیعری ئیسپانیا بەژمێردرین ٠٠ فیدریکو گارسیا لورکا یەکێك بو لە هەوێنی شیعرو ئەدەبی ئەو سەردەمە ٠٠

ساڵی ١٨٩٩ ڕۆژی پێنجی حوزیران لەنزیك شاری غەرناتە کەوتە باوەشی جیهانەوە باوکی خاوەن زەویوزارو دایکی مامۆستا بووە ، خوێندنی زانستگای ئادابو حقوقی تەواو کردووە ٠

ساڵی ١٩١٨ کۆمەڵە پەخشانێکی بەرهەمی خۆی بڵاو کردۆتەوە ، دوای ئەوە چووە بۆ مەدرید لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەرو وێنەکێش و ڕۆشنبیراندا پەیوەندی ئەدەبی پەیدا کردووە ٠٠

لە ساڵی ١٩٢١دا یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بڵاو کردەوە ٠ ئەم کۆمەڵە شیعرەی بو بە بنچینەی پشت بە خۆ بەستنی لە ئەدەبدا ٠٠ شیعری لۆرکا لەگەڵ کۆمەڵ ئەدوێو سەرزەنشتی ئەفسانەو دەستە پاچەیی ئەکات ٠٠ لە شیعرێکیدا ئەڵێ :

منداڵەکان ٠٠
لە شەوێکی مەنگدا گۆرانی
ئەڵێن
منیش ئەڵێم
زڕەی زەنگ دێو
لەناو تەمو مژا ونە

لە ساڵی ١٩٢٧دا دیوانی دووەمی کە ناوی نابو ( بەستەکان ) بڵاو کردەوە ، لە ساڵی ١٩٣١دا شیعرەکانی شەقڵی نوێی خۆیان دیاری کرد ،لە ساڵی ١٩٢٨دا کۆمەڵە شیعری (گۆرانیی قەرەجەکان)ی بڵاو کردەوە ، کە کتو مت وێنەی ژیانو ڕواڵەتی ئیش کردنو هەستانو دانیشتنی قەرەجەکانی ئیسپانیای ئەگرت٠

لویس بارو ئەڵێ : کە ئەم دیوانە کەوتە بازارەوە یەکسەر بە فولکلۆری گەلی ئیسپانیا ناوبرا ٠٠ زۆر کەس لە شوێنە گشتییەکانا شیعرەکانیان بە ئاوازەوە ئەخوێندەوە ٠٠٠ نووسەرو ڕەخنەگرەکان وایان ئەزانی شاعیر خۆی یەکێکە لە قەرەجەکان بۆیە بەوجۆرە شارەزای ناخی ژیانیانە ٠

لە ساڵی ١٩٢٩دا چوە بۆ ئەمەریکا ، لەوێ لە شیعرەکانیا ئیشو ئازاری چەوساوەکانو بەرەڵڵایی بیروڕای سەرمایەدارەکانی پێکەوە جۆش ئەدا ٠ لە ساڵی ١٩٣٣دا گەڕایەوە ئیسپانیا ٠

چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی شانۆیی شیعر ئامێزی داناوە٠٠ ڕەخنەگرەکان زۆر ڕێزیان لێ ئەگرت ٠٠ تیکرا نوسینەکانی هانی جەماوەری شۆڕشگێڕی ئەداو داوای بەرهەم هێنانی زۆرتری لێ ئەکردن ٠٠

ساڵی ١٩٣٦ کە شاپەرستەکان بە یارمەتی نازییەکان پەلاماری کۆماری ئیسپانیایان دا لە ١٩ی ئابی هەمان ساڵدا لورکایان لە شاری غەرناتە دەرکردو لە شیوێکدا کوشتیان ٠

لورکا گیانی پاکی لە بەرچاو گەلی ئیسپانیا ون بوو بەڵام سۆی شیعرەکانیو بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەتا هەتایە ویردی سەرزمانی خەڵکی ئازادیخوازی ئیسپانیایە ٠

نەوزاد خەزنەدار

Institut kurde de paris

لە بەردەم سەرۆك کۆمار أحمد حسن البکر ، شەمەی رابردوو لە کۆشکی جمهوری ، بەڕێزان محمد أمین محمد أحمد پارێزگاری سلیمانیو یحیی الجاف پارێزگاری دهۆکو سعدی عیاش عریم پارێزگاری ذی قار بە بۆنەی دامەزراندنیانەوە سوێندی قانونییان خوارد .

دیسان ، بەڕێز عزت الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری ناوخۆو بەڕێز شفیق حمودی الدراجی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کاتی سوێندخواردنەکەدا ئامادە بوون . ئا٠د٠ع٠

# کردنەوەی چەند پرۆژەیەکی نوێ بەبۆنەی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ٣٠ی گەلاوێژ

ـ لە شاری بەغداو پارێزگاکانی تری وڵات بە بۆنەی بیرەوەری ڕاپەرینی ٣٠ تەموزیی پیرۆزەوە گەلێك ئاهەنگی قەشەنگ گیردراوە لەو ئاهەنگانەدا گەلێك پرۆژە کراونەتەوە وە بەردی بناغەش بۆ گەلێکی تر دانراوە .

● لە شاری بەغدا لە ئاهەنگێکی گەورەو گەرم وگوڕدا کاك سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو وەزیری مواسەلات سەر لەبەیانی ڕۆژی پیرۆزی کۆشکی پەیوەندی کردنی تەلدارو بێتەلی کردۆتەوە ، لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا کورتە وتارێکی داوە لەو وتارەیدا ستایشی شۆرشی ١٧-٣٠ی تەموزی کردووە .

وە لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا پاداشتی یادگارو پارەی بەسەر کرێکاران و ئەندازیارانی ئەو پرۆژەیەدا دابەخشیوە ، لە دوایدا بە بەشەکانی ئەو کۆشکەدا گەڕاوە .

کۆشکەکە برێتییە لە سێ بەش . بەشی یەکەمی کەسێ نهۆمی داتیر کردووە کراوە بە جێگای دایەرەی پۆستەو بروسکەو تەلەکس ، لەگەڵ دوو جێگا بۆ تەلەفۆن کردنی ناوخۆو دەرەوە .

وە بەشی دوو هەمیش کە پێی دەوترێت ( بورج ) برێتییە لە ١٠ نهۆمی کۆشکەکە ، چوار نهۆمی ئەم دەیە جێگای یەدالەی ناو جەرگەی شاری بەغدایە ، گەورەیی بەدالەکە (٢٠) هەزار خەتە لە تواناشدا هەیە دوا ڕۆژ بکرێت بە (٤٠) هەزار خەت .

وەنهۆمی پێنج هەمیش بەدالەیەکی ئۆتۆماتیکی تیادایە بۆ قسە کردن لە نیوان پارێزگاکانی وڵات دا ، نهۆمی شەشەمیش بەدالەیەکی تری تێدایە بۆ گفتو گۆ کردن لەگەڵ وڵاتاندا . نهۆمی حەوتو هەشتیش بۆ جێگای بەدالەی تەلەکس تەرخان کراوە نهۆمی نۆهەمیش شوێنی بەڕێوەبردنی ئیستیعلاماتو خزمەت گوزاریی کاروباری تەلەفۆنە ، دوانهۆمیش برێتییە لە جێگای مایکرۆوایفو هۆڵێکی کۆبوونەوەو کتێبخانەیەك .

بەشی سێهەم لە کۆشکەکە کە پێی دەوترێت بووج ، ئەم بەشەیان دانراوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتاندا بە هۆی مانگی دەست کردەوە .

● سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣٠ی تەموز کاك تارق عەزیز وەزیری راگەیاندن پیشانگای دەستکەوتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوارە کۆنەکانی کردۆتەوە . پیشانگاکە لە هۆڵی موزەخانەی عیراقی لە بەغدا پیشاندرابوو .

پیشانگاکە بۆ ماوەی هەفتەیەك دەرگای واز دەبێت ، لەو هەفتەیەدا گەلێك شتی مێژوویی نیشان دەدرێت کە برێتییە لە شتی ئەنتیکەی لە عاجو بەرد دروست کراو لەگەڵ هەندی خشڵی زێڕینو زیوین وپارچە مەعدەنیوادا کە شارستانی ئەم وڵاتە مەزنە وددەر دەخات . لەگەڵ ئەو شتە ئەنتیکە مێژووییانەدا بەڕێوە بەرایەتی شوێنەوارەکان گەلێك کتێبو نووسراو لەچاپی خۆی نیشان دەدات .

لەو پیشانگایەدا گەلێك وێنەی فۆتۆغرافی نیشان دراوە کە پلەکانی پارێزگاریی شوێنە وارە کۆنەکانی پێوە دیارە .

● لە پارێزگای سلیمانی پارێزگاری سلیمانی کاك محەمەد ئەمین محەمەد بەردی بناغەی ١٦٠ خانووبەرەی کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلیمانی دانراوە .

هەروەها لە ناو جەرگەی پارێزگاکەدا قوتابخانەیەکی ئامادەییو پیشانگایەکی هۆی فێرکردنی نوێی کردۆتەوە هەروەها بەردی بناغەی پرۆژەکانی ئەوقافی سلیمانیشی داناوە . ئەو پرۆژانە برێتین لە چوار ئەپارتمەنو دوو بازاری بازرگانی ، ئەو پرۆژانە وەك هەلسەنگێندراون ٩٠٨ هەزار دیناریان تێ دەچێت .

بەڕێز پارێزگاری سلیمانیو [illegible] عەرەبی سۆشیالیست لە سلیمانی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی چەند دایرەیەکدا چونەتە دیدەنی قەزای پینجوینو چەند دیهاتێك لە گوندەکانی سەر سنوور .

## ڕاپۆرتی ناوخۆ

باوکی شیرین

● خوێنەری خۆشەویست : کۆتایی هەفتەی رابردوو سەرەتای ئەم هەفتەیە پڕ بوو لە ڕووداوی ناوخۆیی . ئەوە بوو کەلەکەمان لە جەژنەکانی تەموزدا ، « لەگەڵ حەقدە هەمین بیرەوەریی شۆڕشی ١٤ی تەموز ، بیرەوەری حەوتەمی شۆڕشی ١٧ی تەموزدا » بە دڵو گیانەوە دەژیاو وەك بەو هەستە بە سۆزو پیرۆزەی پایەی بڵندی ئەو دوو شۆڕشە هەڵسەنگێنیو دەریخات .

● ئاهەنگو شاییو بەزم ورەزم لە ڕۆژی ١٧ی تەموزدا گەیشتە چلە پۆپ ، ئەوە بوو پایتەختو جەرگەی پارێزگاکانو هەموو شارەکانی وڵات، نیقابەو ریکخراوە جەماوەریکان گەلێك ئاهەنگی گەرمو گوڕیان تێدا پێك هێنا بوو .

● وە بیزارەی ڕۆژی ١٧ی تەموز سەرۆکی تێکۆشەر کاك احمد حسن البکر وتارێکی مێژوویی خوێندەوە ، لەوتارە کەیدا باسی ڕێبازی چەند ساڵەی شورشە رابەرەکەی کردوو ، وە نوارگەی شورشیشی دەست نیشان کرد بۆ بەرگە گرتنو پەرچ دانەوەی شەر فروشتنو هەموو پیلانەکانی ئەمپریالیزمو سایونیزمو کۆنەپەرستان .

● سەرۆکی تێکۆشەر لە وتارەکەیدا باسی دەستکەوتەکانی شورشی کرد ، چ لە مەیانی ناوخۆیا دەرەوەی وڵاتدا .

سەرۆکی فەرماندە ڕێبازی حوکمی ئۆتۆنومیشی دەست نیشان کردو لەگەڵ ئەو دوارۆژە ڕووناکەی چاوەڕوانی لێ دەکرێت لەو بارەیەوە وتی : « ئەوسا ئەمپریالیست تەنیا ئەوەی بەدەستەوە مابوو کە وەرقە کۆنو ـ نوێکەی ـ بەکار بهێنێت ـ واتە هەڵگیرسانەوەی مەسەلەی کوردی لە مەوقعێکی دوژمنانەوەو ، وە دەستی یارمەتی درێژ کردن بۆ تاقمە تاوانبارەکەی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی ، کە هەمیشە ئامادەیە دەوری تاوانباری خۆی لە پیلان گیرانی سەر شورشدا ببینێ ئەویش بێدریغ هەموو دەستی یارمەتیو پشت گیریەکی بۆ ئامادە دەکات لە پێناوی هەڵگیرسانی فیتنەو ئاژاوە لە ناوچە شاخاویکانی وڵاتدا » .

« بەڵام شۆرش لە زوویەکەوە بە چاکی دەیزانی ، کە ئیمپریالیزم پەنا دەبانە بەر ئەو جۆر پیلانە ، لەبەر ئەوە کە تاقمە تاوانبارەکە دەستیان دایەوە یاخی بوون ، شۆرش بە تەواوی ئامادەی بەربەرەکانی ئەو پیلانە بوو . ڕیبازی شورشو ئەو دەستکەوتانەی بەرەو دوا وەدی هێنـ[...]ون لە ١٧ی تەموزو ٣٠ی تەموزدا بناغەیەکی پتەو بوو کە بەربەرەکانی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی لێوە بکات ، وە لە داڕمانی تاقمە تاوانبارە بەکری گیراوەکەدا هەتاهەتایە » .

● ناوچەی حوکمی ئۆتۆنومیش بە بۆنەی بیرەوەری جەژنەکانی تەموزەوە گەلێك ئاهەنگی جەماوەریی تێدا همأأهـ٤لەأی٨ەپیلانو و ود گیردرا ، جەماوەرمان بەو ئاهەنگانەیدا دەریان دەخست کە قایلو ڕەزامەندو خۆشحاڵن بەو دەستکەوتانەی شۆرشی ١٧ی تەموزی نەتەوەیی پێشکەوتن خواز وەدی هێناون ، وە ئەوەی دوو پاتە کردەوە کە هەمیشە ئامادەیە پارێزگاری ئەو دەستکەوتانە بکات لە چنگی دوژمنانی شورشو کۆنەپەرستانو ئەمپریالیست وسایونیزم .

ئەوەی کە تاقمە تاوانبارەکە لە ناوبران وچرۆو گۆپکەی چاکەو خێر خواییو سەربەست لەناو گەلی کوردماندا دەرکەوت .

● هیچ سەیر لە وەدانییە کە جەماوەری گەلی کوردمان بە ئەوپەڕی دڵسافیو ڕاستگۆییەوە باوەش بۆ جەژنەکانی تەموز بکاتەوە ، چونکە ئەو ئێستا لە ژێر سایەی ئاشتیو ئەمنو ئاسایشدا دەژی ، دوای گەلی کوردمان لەوریاییو هوشیاریەوە پەیوەندیەك دروست دەکات لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەی دەستی کەوتووەو لەگەڵ ڕێبازی پڕ شانازی شۆرشی ١٧ی تەموزو حیزبە سەرکردەکەی ، حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، وە ئەوەش دەزانی کەمانەوەی شورش چاك ترین پشت وپەنایە بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی چنگی کەوتووە .

●

● ئاهەنگەکانی تەموزو ئەو گەرمو گوڕیەی گەلەکەمان نواندی پاك نەژادی ئەم گەلەمان دەردەخاتو بەوەفایو باوەڕ پاکی بەرامبەر شۆرشی ١٧ی تەموزو حیزبە سەرکردەکەی حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالسیتی نیشان دەدات .

● خوێنەری خۆشەویست : ناوچەی حوکمی ئۆتونومیو پارێزگای کەرکوك ونەینەوا لەم ڕۆژانەدا ئاوەدان کردنەوەیەکی گەورەی تێدا ڕوودەدات . ئەوەیە وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان لە ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی وپارێزگای کەرکوکو نەینەوادا دەستی کردووە بەجێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی ڕێگاوبان ، درێژی ئەو ڕێگاو بانانە ١٧٠ کیلۆمەتر دەبێت وشەش ملیونو ٢٠٠ هەزار دیناری تێ دەچێت .

وە لە مەیدانی گەشە کردنی پیشەسازیی ئەسفلتدا وەزارەتی ناوبراو ٢٠ کارگەی ئەسفلتی بەسەر پارێزگای هەولێرو سلیمانیو کرکوکو نەینەواو واسطو دیالەو کەربەلاو بابلو قادسیەو ئەلموسەناو ذیقارو بەسرەدا دابەش کردووە ، کە بەرهەمی هەریەکێك لەو کارگانە (٤٥ ـ ١٢٠) تەن ئەسفلت دەبێت لە سەعاتێکدا وە جادەی فیرتاویش بایەخێکی تایبەتی پێدراوە لە بەر ئەوەی نەشونەماو پەرەسەندنو پێشکەوتنی هاوچەرخانە پەیوەندی بەرێگەو بانێکی تازەو ڕێكو پێکەوە هەیە ڕۆژگارێکی بەختەوەرانە لەبەردەم گەلەکەماندایە لە ژێر سایەوپەنای شۆرشدا .

**- بۆ ئاگاداری -**

دەفتەری خدمەی عەسکەریم لە سلیمانی لێونبووە کە لە دایەرەی تجنیدی سلیمانی وەرم گرتوە . . تکا لەو کەسە ئەکەم کە دۆزیویەتەوە تەسلیمی کتیبخانەی گەلاوێژی بکات .

**احمد دەروێش سعید عبدالقادر**

## سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کشتوکاڵو چاکردنی بۆ هاوکاری ئەدوێت

دوای سەردانێك لە پارێزگای سلیمانی دکتۆر (حسن فهمی جمعە) گەڕایەوە بۆ بەغدا ، لەو سەردانەیدا چۆتە دیدەنی پرۆژە کشتوکاڵیو بەیتاڵیکان ، وە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە هەموو کەرەسەیەك پێویستە ئامادە بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ کە تایبەتییە بە ڕێکخستنی ملکداری کشتو کاڵی لە ناوچەی کوردستاندا .

وەزارەتی ناو براو ماوەی ٧ مانگی داناوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە .

بۆ ئەو مەبەستە تا ئێستا ١٠٠ مەساحو ٥٠ لیژنەی لێسەندنەوەو ٢٠ لیژنەی دابەش کردن نێردراون بۆ ئەو ناوچەیە ، وە قەوارەیەکی زۆر تۆوی ڕەسەنو مەکینەی کشتوکاڵیو کادری شارەزا بۆ ئەوکارە ئامادە کراون .

وە لە گفتو گۆیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی هاوکاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کشتوکاڵو چاك کردنیدا ئەو پرۆژانەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کرا وونو دەکرێن دەست نیشان کردووە .

دەربارەی ئەو ئیشانەی سەر بە دەزگای گشتیی هەڵکۆڵینو کۆری کشتو کاڵیین ئەو سەرچاوەیە وتوویەتی : کە ئێستا لە دهۆك خەریکی دروست کردنی دایەرەو خانووبەرەو کانی هەڵبەستنو بیر لێدانە ، وا چاوەڕوان ئەکرێت ئەو ئیشانە لە کۆتایی ئەم ساڵدا تەواو بکرێن ، سەرجەمی ئەو پرۆژانە ٢٢ ملیونو ٢٢٥ هەزارو ٩٨٠ دیناری بۆ تەرخان کراوە ، وە لە ناوچەی سلیمانی ٩٣٠٠ دینار تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی عەمارو جۆگە هەڵبەستنو بیر هەڵکەندن .

بەڵام پرۆژەکانی بەرژەوەندی گشتیی محەتە کشتوکاڵییە میکانیکیکان برێتییە لە دروست کردنی (وحدە دهوك) کە لە ساڵی (٧٣ ـ ٧٤)ە وە دەستی تێدا کراوە بە ئیش ، پرۆژەکە ١٦ هەزار دیناری تێ دەچێت ، وە ١١ هەزار دیناریش تەرخان کراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەشانەی لەم پرۆژەیە تا ئێستا نەکراون وە حالی حازر دەست بە دروست کردنی ١٠ خانوو- بەرە کراوە بۆ ئەوانەی لەو پرۆژەیەدا کار دەکەن ئەو خانوانە ٤١ هەزار دیناریان تێ چووە ، وانیازە لە ئەمساڵدا تەواوبن . وە لە پارێزگای هەولێر دەست کراوە بە دروست کردنی ٢٥ گەراج ئەم پرۆژەیەش ٣٠ هەزار دیناری تێ دەچێت ، سەرەرای ئەوەش دەست بە دروست کردنی ٢٠ خانووبەرە کراوە بۆ ئەوانەی لەو محەتانەدا کاردەکەن ئەو خانوو بەرانە ٨٢ هەزار دیناریان تێ دەچێت ، بەڵام محەتەی بەکری دانی سلیمانی وا بڕیار دراوە کە ٣خانووبەرەی بۆ دروست بکرێت کە ئەویش ٢٢ هەزار دیناری تێ دەچێت .

ئەو سەرچاوە ئاگادارە دەربارەی چەند پرۆژەیەك کە پێش نیاری دروست کردنیان کراوە دەدوێتو دەڵێت : ئەو پرۆژانە برێتین لە دروست کردنی چەند دایرەیەك لە سلیمانیو هەولێر لەگەڵ دروست کردنی عەماراو بیرو جۆگە هەڵبەستن لە ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا .

بەڵام دەربارەی بەڕێوە بەرایەتی گشتیی بەیتان خانەکان لە پرۆژەی بەرهەم هێنانیدا دوو ملیونو ١١٣ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی بەیتاڵ خانەیەك لە هەولێر ، لەگەڵ دروست کردنی بەیتال خانەیەکی تر لە سەید سادق لە پارێزگای سلیمانی .

وە لە پرۆژەکانی دەستەی پرۆژە کشتوکاڵیکان ئێستا خەریکی سەرپەرشتی پرۆژەی کەلەکی یاسین ئاغا پرۆژەی شارەزوورە ، ئەم دواین پرۆژەیەیان ٤٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ئەو دەستەیە دوو پلانی بەرهەم هێنانی بۆ پرۆژەی کەلەکی یاسین [illegible] داناوە یەکەمیان بۆ ساڵی ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ پلانی دووهەم برێتییە لە پلانێکی ٥ ساڵە کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەو دەست پێ دەکات تا ساڵی ١٩٨٠ .

پلانی یەکەم برێتییە لە چاندنی هەمە جۆر کشتوکاڵی زستانەو هاوینە لەگەڵ بایەخدان بەبەکار هێنانی مەکینەی کشتوکاڵیی ، ئەمە سەرەرای ئەو پێش نیارانەی کراوونو پەیوەندیان بە خانووبەرەوهۆڵی پەلەوەر بەخێو کردنو بەیتاڵ خانەوە هەیە لەگەڵ فراوان کردنی گەراجو خانوو بەرەی فەرمانبەرانی پرۆژەکە .

## بۆزانین

**بۆ خاوەن کارگەکانی دانەوێڵە وبرێشو ساوەر**

بە پێی سیاسەتی حکومەتی شۆڕش کە ئەیەوێت هەموو پێویستیەکی خواردەمەنی بۆ هاوولاتیەکان زامن بکات وەبەمەبەستی ئەوەی هەموو پیویستیەك لە دانەوێڵە زامن بکرێ داوائەکەین سەربدەن لە بارەگای دەزگاکەمان لە بەغداو سایلواتەکانی سەربەم دەزگایەلە پارێزگاکاندا بەم نووسراوانەوە :

١ ـ پشت گیری لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی یارمەتی گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی بەنیسبەت ئەوکارگانەوە یاسای گەشەپێدانی پیشە سازی ئەیانگرێتەوە بەدیاری کردنی ژمارەی ئیجازەو بەرهەمو جووری بەرهەمو معلوماتی ترەوە .

٢ ـ بەنیسبەت کارگە بچکۆلەکانەوە کەیاسای ناوبراو نایان گرێتەوە ، نوسراوێك لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئەو شوێنەوە کارگەکەی تیایە ئەهێنرێ کە دەزگای پشکنینی سەربە دامەزراوی گشتی دانەوێڵە پشتگیری کردبێ وبەم جۆرە :

أ ـ پشتگیری باشی ئەوکارگەیە بو بەرهەم لە هەموو ڕوویەکەوە .

ب ـ دیاری کردنی بەرهەمو چەنیەتی .

ج ـ دیاری کردنیو سەلماندنی بەکارنە هێنانی کارگەکە بۆمەبەستی تر .

د ـ سەلماندنی پیویستی ناوچەکە بەوکارگەیە .

هـ ـ ئیجازەی تەندروستی مۆرکراو لە دەزگایەکی ڕەسمی تەندروستیەوە .

٣ ـ برگەکانی ج . د . هـ لە سەرەوە کارگەی گەورەو بچکولە وەك یەك ئەگرێتەوە . هیوادارین بۆ خزمەتی هاوولاتیاتی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان هاوکاری مان لەگەڵ بکەن .

**بەڕێوەبەری گشتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕیوەبەرایەتی**
**ابو طالب عبدالمطلب هاشمی**

## بوزانین

**وەزارەتی ئابوری**
**دەزگای گشتی بازرگانی**

**کومپانیای گشتی هێنانی مەکینەو کەلوپەل**

کومپانیای گشتی هێنانی مەکینەو کەلوپەل بڵاوی ئەکاتەوە کە ئەم مەکینەو کەلوپەلانەی لای خوارەوە لە مەخزەنەکانی کومپانیادا هەیە :

١ ـ پیویستە ئەوانەی حجزیان کردوە لە ماوەی هەفتەیەکدا سەر لە بارەگای کومپانیاکە بدەن لە ڕوژی بڵاوکردنەوەی ئەم بۆزانینەوە ، ئەگەر سەریان لە بارەگا نەدەن ئەوا زنجیرەی حجزکردنەکەیان نامینی وەمافی پیشکەوتنیان لەوەرگرتنا نامێنێ .

٢ ـ لەبەرئەوەی کۆمەلیك مەکینەو کەلوپەلی لە خوارەوە ناوبراو هەیە کومپانیا ئەیەوێ بڵاوی بکاتەوە کە بە هەمو کڕیارێکی ئەفرۆشێ وە ئەتوانن سەرلە بارەگای کومپانیا بدەنو دەمودەست وەری بگرن .

| مەکینەکان | جورەکانیان |
|---|---|
| ١ ـ شفلات تاير ئەنتەر ناشنال هارفستر | H30B |
| ٢ ـ شفلات تاير ئەنتەرناشنال هارفستر | H60B |
| ٣ ـ شفلات تاير كلارك مشيكان | 45B |
| ٤ ـ شفلات تاير كلارك مشيكان | 55A |
| ٥ ـ شفلات تاير فريش | F1300B |
| ٦ ـ شفلات تاير فيات الس | 545B |
| ٧ ـ شفلات تاير فيات الس | 605B |
| ٨ ـ حفارات يمو | 3980 |
| ٩ ـ حفارات بوكلين | TY 45 |
| ١٠ ـ حفارات بوكلين | TY 80 |
| ١١ ـ حادلات حديد دانماركی | Ronla |
| ١٢ ـ حادلات حديد ئەلمانی | Svtw30 |
| ١٣ ـ حادلات حديد ساكای يابانی | RI |
| ١٤ ـ حادلات حديد ساكای يابانی | KD7610 |
| ١٥ ـ حادلات مطاطی ساكای يابانی | TA7510 |
| ١٦ ـ خباطات كونكريت هەمە چەشنە | |
| ١٧ ـ خباطات دابەستراو لەسەر ئوتومبيل | |
| ١٨ ـ مەكينەی بازرگانی هەمە چەشنە | |

**بەڕیوەبەری گشتی**

٣-١

institutkurde paris

# خەباتی قوتابیانی كوردستان

● مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ئامادەی ئەكا ●

## لێرەوە

**خالید جوتیار**

رۆشنبیری ( سەقافـەت )خۆی لـــە گەوهەردا دەبێ ویست‌و مرازەكانی جەماهیری‌رەش‌و رووت بهێنیتەدی ٠

ئـــەو رۆشنبیری‌یەش لەپێناوی ژانەكانی مرۆڤـــی برسی‌و چەوساوە نەبێت ئاكامی پاشـــگەزیو دامركانەوەیە ، ئەگەر هەر قۆناغو هەنگاوێكی ئـەم ژیانەش رۆشنبیری‌یەكی سەردەمی خۆی هەبێـت دەبێ‌رۆشنبیری‌ی شۆڕشگیرو بەرـ بلاویش سنووری ئەو كۆمەڵـە بشكێنی‌و رێگا خۆشـــكەری كۆمەڵی داهاتوو بێت‌و لەگـەڵ ئاواتەكانی چینی چەوســـاوە بروات كــــەواتە رۆشنبیری‌سەرەرای ئەوەی ئاوێنــــەی كۆمەڵە ، دەبێ كارێكی داهێنا ـ نیش‌بێ لەپێناوی نوێ‌و نوێ‌ـ بونەوە بڕوات ، زەت‌كردنەوەی رۆشنبیری‌ی ســــــەردەمی دەرەبەگایـــــەتی‌و بورژوازی بەرفراوان كردنی رۆشـــنبیری سوشیالیستی‌یە ٠ ناوچـــەی كوردستان چونكو رۆژگارێكـــی دوورو درێژە حەســــانەوەوهێمنی بەخـــۆیەوە نەدیتووەو بوەتە شانۆی شەڕو كوشتارێكی درێژخایەن ، ســـەرەڕای ئەو بارە سیاسی‌یەش نكـــۆڵی‌لەوە ناكرێت كە باری ئابووریو رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیش لەم‌ناوچەیەدا هەر لــــە قاوغە كۆنەكەیدا ماوەتەوە ، شی‌كردنــەوەیەكی چینەكانی كوردستان هەموو راستی‌یەك سەبارەت‌بەو مەسەلانە روونترو ئاســـۆ فراوانتر دەكات ٠ لەپاڵ ئـــەوراستی‌یەی كـــــە شۆڕش گۆرانێكی ریشەیی‌یە لەهەمــووبارێكی كۆمەڵدا بۆیە ئـــەم گۆڕان‌و بەرەو پێشەوە چونەش ئەم ناوچـــەی كوردستانەشی گرتەوە ئەگەرچی رۆژگارێـــك بوو كۆنەپەرستان تەگەرەیـــان دەخستە بەردەم تەشەنەكردنی‌رۆشەنبیری‌ی سوشیالیستـــی لەو ترسەی تارا لەسەر هەڵەوخۆفروشتن‌و پشت لە جەماهیر كردنەكەیان هەڵنەدرێتــــەوەلەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی چەوـ ساوەو بەشخوراوی كوردستان‌لە مێژە لە راستی هەمـــــوو مەسەلەیەك گەیشتون ڕەنـــگەلەم بوارەدا رێگاو بۆچـــونی خۆشیان دانابێ ، بۆیـــــەجەماهیری كوردستان چاوەـ ڕێی دەسكەوتەو پاڵپشـــتی‌ڕاستەقینەو هێزی لـــەبنـ نەهاتوی پارتی بەعســـی‌سوشیالیستی عەرەبە كە ئەرك و پێداویستەكانی ژیانێكـــی‌بەختیاری بۆ سووك‌و ئاسان‌تر كردون بەڵام هـــەر گۆران‌و بەرەوپێشـــەوە چونێكیشی قەوارەی تەواوی خـــۆی‌وەرناگرێت ئەگەر هەمـــوو بارێكی ئەو كۆمەڵەو لایەنـــەسایكۆلۆژیەكانی نەزانرێت ٠

## ڕوناكی

ئەو وتارە گرنگـــەی فەرماندەی گەلەكەمان سەرۆكی تێكۆشەر كاك احمد حسن بكر بەبۆنەی جەژنی حەوت ساڵەی شۆڕشی ١٧ی تەمـــووزەوە خویندیەوە لێكۆڵینەوەیەكـــی وردو فراوانی تیا دابـــوو دەربارەی چەند مەسەلەیەكـــی ناوخۆو عەرەب‌و جیهان ٠

وە ئەگەر وتارەكە بـــە روانینێكی فراوانـەوە سەرنجی گیروگرفتەكانی دابێ وروناكـی خستنە سەر ئەوا باس كردنی كێشەی كوردو ئەونەخشانەی هێزەكانی ئیمپریالیـــزم‌و كۆنەپەرستان رەنگیان ئەڕشت خالیك بوو لەو خالە گرنگانەی وتارەكەی سەرۆك باسی كردن٠

ئەوە بوو سەرۆكی فەرماندە دەربارەی ئەم كێشەیە وتـی : « ئیمپریالیست‌و بەكـــرێ گیراوو هەڵگەڕاوەكان بەهەموو شێوەیەكی ناپاكانە هەوڵیـــان ئەدا كە شۆڕش رێگـــای لـێ بشێوێ‌و جیاوازی لە نێـوان ئەمان‌و جەماوەری كـــوردو مەسەلە رەواكەی‌دا نەكات » ٠٠ واتە ئەم هێزە ڕەش‌و چەپەڵانە ئەیانویست هێزی چەكـــدار هان‌بدەن بۆ ئەوەی كاری تۆڵە سەندنەوە بكات ٠٠ بـــەڵام هوشیاری‌ی سەركردایـــەتی سیاسی‌و بەتەنگەوەهاتنـــی رۆڵەكانی گەل‌و بە ئاگـــای شورشگیرانە كە خاسی‌یەتـی هێزی چەكدارمان بوون دەستی دلێرانەیان لەم نیازە چەپەڵـەی دوژمنان وەشاند ٠

ئەم هەڵوێستەی شورشیش لە چەند خاڵێكەوە یەكنانگیر ئەبوو كە ئەمانەن :ـ

**یەكەم .**
شۆڕشی ١٧ی تەمـــووز شورشێكی بـــڕواو باوەڕەو پارتی‌یـــەكی شورشـــگێڕی سوشیالیستی دیموكراتی‌یانـە سەركردایەتی ئەكات كە پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبە ئەم خاسی‌یەتانەشی وای لـێ ئەكەن كە لە كارو هەڵوێستی ناراست بە دوور بێت ٠

**دووەم :**
شورش‌و سەركردایەتی‌یە سیاسی‌یەكـــەی خـــاوەن بیروباوەڕن‌و هوشیارو بـــە ئاوان نەبەر ئەمە زۆر بەباشی لە مەبەســـتی چەپـــەڵی ئیمپریالیست‌و كۆنەپەرستەـ دەن گەیشت ٠

**سێیەم :ـ**
شورش كارێكی رەوشـــت بەرزی‌یەو كردنی نەكـــوڕاوی بەهاو نەریتی مرۆڤایەتی‌یانەیە ٠٠ جا ئەم هەڵوێســــتەوە نەبێ هەموو بۆچونەكانی لـــە بنچینەی مەبدەئی‌و رەوشـــت بەرزی‌یەوە هەڵبقولێن ٠

# سەرۆكی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ـ لقی سلێمانی دەربارەی یەكێتی ئەدوێت

**نێــراوی رۆژنامــــەی ـ هاوكاری ـ بۆ ســـلەیمانی نووسیویەتی ئەڵێ :**

لەســـەردا نەكـەماندا بـۆپاریزگای سلەیمانیو گەڕانـەكـەمان لـــە بارەگاكـانی رێكخـراوە كوردستانیەكان ، سەرمان‌دا لە یەكیتی قوتابیانی كوردســـتان لقی سلـەیمانیو لەوی چاومان بە كاك سیف‌الدین عبدالقادر سـەروكی یـەكیتی كەوتو دەربارەی چالاكیـەكانی یـەكیتی لقـی ســلەیمانی گفتوگومان لەگەڵدا كرد ٠

كـاك سـیف‌الدین وتی : یـــەكیتی لقەكەمان ، لەمـاوەی ســاڵی خوێندنی رابوردوودا بەچالاكی ئیشـــوكاری رێكخســـتن‌و رۆشنبیریو وەرزشیو پیشەیی قوتابیانی كوردســـتانی لــــە زانكـــوی سلەیمـــانیو ئامادەییـــەكان‌و قوتابخـــانە ناوندیەكان بــەرێوە بردوە ، دەربارەی جولانەوەی رۆشنبیری وتی : بایـــەخێكی زۆرمـــان پێداوەو هـــەموو بەشەكانی یـەكیتی هــــەموو مانگی بلاوكراوەی تایبەتی قوتابیانیان هەبوە ٠

دیســـانوتی : یـــەكیتی هەمیشە لەگەڵ قوتابیاندا بوەو ئاگـــای لەئیشوكاریان بوەو دڵسۆزانە پیویستیەكـانی بـۆ جێبەجێ كردون‌و هـەوڵی داوە قوتابیـــەكان گیروگـــرفتی خوێندنیان نـەبێ ٠ بـەردەوام كوڕی رۆشنبیریو رێكخســتن لەگەڵ قوتابیەكاندا بەستراوە ٠ نەك هەر لە قوتابخانەكانی ناو شـــاری سلەیمانیو زانكۆدا ، بەڵكو لە شوێنەكانی تریش وەك گەشتەكەمان بۆ هەڵەبجـــەو پینجوێن‌و چـــوارتاو قەلادزیو چاوكەوتنمان بـــە قوتابیەكان‌و گفتوگوكردنمان لەگەڵیاندا بـۆ چارەسەری گیروگرفتەكانیان ٠

**یەكیتی‌و ســـاڵی داهـاتوی خوێندن لەزانكو :**

كـــاك سیف‌الدین عبدالقادر سەروكی یەكیتی لقی سلەیمانی دەربارەی خواستی قوتابیـــان‌و پیویستی پەرەپێدانی زانستی لەكوردستاندا رای گەیاند كـە بەدڵنیاییەوە چاومان لە فراوان كردنی زانكوی سلەیمانی‌یە لـە ساڵی خوێندنی داهاتوداو لەبەر رووناكی ئـــەو ئامانجـــانەی شۆڕشی ١٧ی تەموز بۆ ئـــەمەبەســـتەدیاری كـــردوە ٠ دەربارەی كولیجی ئاداب بەشی‌كوردی ، وە بەشـــەكانی تری زانكو وتی هیوادارین بـــەرەو فراوانتر بچێت بەو جۆرەی كـە لەگـــەڵ مەبەستی پەرەپێدانی زانستی لەناوچـــەی ئۆتۆنومی‌دا ئەگونجێ ٠

# لەبارەی قوتابیانەوە

لە ژمارەی پێشدا باســی‌بەیرەندی لێژنەی یەكێتی بـــە قوتـــــابیو بەرێوەبەرایەتی‌قوتابخانەمان كرد لەم ژمـارەیەشدا حەزدەكەین باسی دەوری‌لێژنەكانی یەكێتی بكەین لـــە هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن‌و دەوام كردنێكی رێك‌وپێـــك ، چونكـــو یەكێتی ئەوكاتە بەختیارو سەربەرزە كـــــە قوتابیەكانی هەموو ســـەركەوتوو پلەی بەرز وەرگرن ٠ یەكێتیش بەپێی جێگەی خۆی‌لەناو قوتابیـیان راستەی خـۆ كاردەكاتە سەر ئەم جولانەوەی‌قوتابیان كە بەردەوامیش ئـەم هەوڵەی یەكێتی لەپێنـــاوی باشەرۆژی قوتابیاندایە ٠

بەشـــی دووەم : دەوری یەكێتی لە هاندانی قوتابیان ٠

١ ـ هەوڵدان بۆ هانـدانی‌قوتابیان‌و پاداشت بەخشین بـــەو قوتابیـــانەی پلەی بەرزوەردەگرن ٠

٢ ـ دامەزراندنی لێژنـــەی‌زانیاری لە قوتابخانەكان بـۆ هاندانی قوتابیان لەم بارەیەوە كان ٠ وە سەرپەرشتی كردنی لەلایەن مامۆستاو یەكێتییەوە ٠

٣ ـ پـــــەرەپێـــــدان‌و خۆشكردنی كتێبخانەكان بـــۆ ئەوەی زروفی خوێنــــــدنەوە داشتربكرێت ٠

٤ ـ هەوڵ بدرێت گەشت‌و سەیرانەكان لە كاتی بێ‌ئیشـی دابێت ٠

د ـ دابەش كردنی ئیش‌وكار بەسەر ئەندامانی لێژنـەی یەكێتی بـــە جۆرێكی وا كار ئەكاتە سەر دەوامی ئەندامە ـ

٦ ـ پاداشت بەخشـــین لەلایـــــەن بەرێوەبەرایەنی قوتابیانەی كەلە خوێندندا سەر قوتابیانەی خوێندندا ســـەركەوتوون ٠

٧ ـ دەبێ لێژنەكانی یەكێتی وشیارانە ئەو گیروگرفتـــانە دیاری بكەن كـــە بونەتە هۆی دواكەوتنی زانیاری لــــە قوتابخانەكانداو ، هەوڵـــی چارەسەریان بدەن ٠

**فریاد بلال**

# هەواڵەكانی یەكێتی

**هەولێر**

١ ـ لقی هەولێر ئاهەنگێكی گەورەی لــــە ( مەخمور ) سازكرد ٠ « رفعت عثمان »و « عبدالعزیز محمد » نوێنەری لقی هەولێـــر ئامادە بوبون‌و ئـــەم ئاهەنگەش دوو ڕۆژی خایان ٠

ئەوەی شایەنی باسە لـــەم ئاهەنگەدا گەلێ جمو جـولی قوتابیانە پێشكەش كرا ٠

٢ ـ لە ماوەی ٢٥ـ٧ـ١٩٧٥ لقی یەكێتـــــی ئاهەنگێكی گەورەی سازكرد لەم ئاهەنگەدا هەڵێك چالاكی قوتابیـــــان پشێكەش كرا ، ئەم ئاهـــەنگە بەبۆنەی جەژنەكانی گـــەلاوێژەوە بوو ٠

٣ ـ لە ئەنجامی تاقی‌كردنەوەی گشتی قۆناغی ناوەندی ناوچەی كوردســـتان وا دەركەوت كە ( ٦١٧٢ ) قوتـــابی بەشداری كردبوو تەنهــــا ( ٢٣٦٠ ) قوتابی دەرچوون ٠ ئەوەی شایەنی باســـە قوتابی ( فارس حكمت حكیم ) لــــە قوتابخانەی برایـــەتی كورد و عەرەب لە ( خویندنی عەرەبی ) بەیەكەم دەرچووە ٠

وە قوتابی ( نوزاد بــــلال حسین ) لە قوتابخانەی رزگاری خوێندنی كوردی بەیەكــــەم دەرچوە و وە مەعەدەلی ( ٩٠ ) بووە ٠

یەكێتی قوتابیانی كـــوردســـتان لقی سـلیمانی سیمینارێكی بۆ قوتابیــانی هەردوو ئامادەیی پیشەسازی و كشتوكاڵی گیرا ، هەڤــــاڵ ( سیف‌الدین عبدالقـــادر ) سەرۆكی لقو ( صباح میـــرزا احمد ) لێ‌پرسراوی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هەڤاڵ نبیـــل خضر تیایدا ئامادەبوون ٠

لەم سیمینارەدا بە شـێوەیەكی گشتی باسی بزوتنـــەوەی قوتابیان كرا ،پاشان پێشوازی گەرم لەو قوتابیانە كرا ، كە گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی ، گەلێك پرســـیار ئاراستەی لێ‌پرسراوان كرا ، لە ڕوانگەی ڕوانینی مەبدەئی و ئامانجـــی یەكێتی‌یەوە ،وەڵامی پرسیارەكانیان ئەدرایەوە ، لەكۆتایـدا یەكێتـــی هەندێك پارەی بەقوتابیە هەژارەكانی ئامادەیی پیشەسازی بەخشی ٠

یەكێتی قوتابیانی كـــوردستان لقـــی سلیمانی ، سیمینارێكی گەورەی لـــــە ئامادەی بازرگانی و ســانەوی شۆڕش بۆ قوتابیان گیڕا ، كە هەڤاڵ ( هوشەنگ سید احمد ) سكرتێری گشـــتی و دوو ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەتی و ئەندامانی لقی ســلیمانی تیایدا بەشداریان كرد ٠

پاش ئەوەی بەگـــەرمی بەخێرهاتنەوەی برا قوتابیەكان كرا ، كــە گەڕاونتەوە ڕێزی نیشتمانی ، بەشێوەیەكی تەواو باسی گرنگی دەوری بزوتنەوەی قوتابیان كرا ، ئەو ئامانجـــە سەرەكیانەی هەڵی‌گرتوە لـــە پێناوی چارەسەركردنی هەموو گیروگرفتێكی قوتابی كـــورد ، لەناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا خســـتە ڕوو كە تاكە نوێنەری ڕاستەقینەی قوتابیانە ، هەروەهـــا بەئورجی بە پیر وەڵام دانەوەی پرسیارەكانیانەوە چوونـــەوە ، لە هەموو كون و قوژبێنكـــی جیهانی قوتابییاندا و بەتایبەتی قوتابی كورد دوان ٠

**ـ باوكی دلێر ـ**

**چوارەم .ـ**
شورش كە لەسەر بنچینەی بەیاننامـــــەی ١١ی ئـادار چارەسەری كێشەی كـــوردی كردو هەوڵـــیدا مافـــی لەگوێی ئیمپریالیزمە ٠

یانەنەبوو بەڵكو لە بنچینەیەكی ستراتیجـــی نەگـــوراوو چەسپاوەوە هەنگاوی ئەنا ٠

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵەو هۆیانە شۆڕش توانی لە مەیانی عەسكەریو سیاسی‌دا تاقمـــی بەكرێ گیراو لە ناوبـــەرێو تەفرو توناى بكات‌و ئـــەو راستی‌یە ساغ بكاتەوە كە ئەم تاقمە بەكرێ گیراوو ئالقـــە ئۆتۆنومی جێبەجێ بكـــات ، ئەمەی بۆ مەبەستێكی تاكتیكی ـ هەروەكو سەرۆكی فەرماندە وتی : « شەڕ لەگەڵ تاقمـــی بەكرێ گیراودا فـــراوان‌و ئاڵۆزو سەخت بوو ، بە تەنیـا شەڕێكی ناوخۆ نەبوو بەڵـكو روو بە روو بونێكی ترسناك بوو لە نێوان هێزە رزگـــاریخوازەكانی جیهان كە ئێمـــە لە جیاتیانا شەڕمان ئەكردو لـە نێوان هێزەكانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم وكۆنەپەرســـتانی جیهان كە تاقمی بەكـــرێ گیراو نوێنەریان بـــوو » ٠

لەم راستی‌یــەوە كــــە فەرماندەی گەلەكەمان دەستی خستە سەر سەركەوتنی گـەلی عەرەب بە ئەنجامەكانیـــەوە

بو لاپەرە ـ ٧

# خوێەكی خۆڕایی

**چیرۆكێ لە بولگاریەوە**

**احمد سید علی بەرزنجی كردویە بە كوردی**

( ئەلیكۆ كۆستانتینۆف ) ،نووسەری ئەم چیرۆكە ، لـە شاری ( سفیشتۆف )ی بولگاریاله دایك بووە ٠ لـە ١٨٧٨دا بەرەو وڵاتی روسیا كەوتوتـــەرێو لە شـــاری ( نیكۆلاییف ) خوێندنی پاش سەرەتایی تەواوكردووە ٠ هەر لەم ماوەیەشدا ئاشنایەتی‌یەكی تەواوی لەگەڵ نوسەرە كلاسیكی‌یەكانی ئـەو سەردەمەدا پەیدا كردووە وەك ( پۆشكین ، گۆگـۆڵ ، نیكراسۆف ) و زۆریشـــی گۆڕیونەتە ســـەر زمانـــی بولگاریایی ٠

لە شـــاری ( ئۆدیسا )ش كۆلێجی ( ماف )ی تەواوكردوە بە گەڕانەوەشی بۆ نیشـتمان دانرا بە ( فەرماندار ) و دوایی بە دادخوای گشتیو پاش ئەمە تا كۆتایی ژیانی دادیـــــار ( محامی )یتی كرد ٠

ئەلیكۆ لە ١٨٩٣دا سەری لە ( ئەمەریكا ) داو لە ئەنجامی ئەم گەشتەیدا كتێبێكی دانا بە ناوی ( رۆژ ژمێری رێبـواریێ بۆ شیكاگۆ ٠ چوون‌و هاتنەوە )

هەروەها چیرۆكێكی بەنـاوی ( بای گانیۆم ) واتا ( مـــام گانیۆم )ەوە چاپكردو ئەمـــە ناوبانگێكی باشی بۆ پـــەیدا كرد ٠

بێجگە لەمە بە نوسـینە كۆمەلایەتی‌یەكانیشی ژمارەیەكی زۆری لە خوێنەران لە خـۆی كۆكردبۆوە بە هۆی شـێوەو ناوەڕۆكی تەرو پاراویەوە ٠

٠٠٠ بەڵام من بەختیـــارم ئەوە شتێكە هەمو بولگاریـــا ئەیزانێ ، ئەوەش نایـــزانن ئەوەیە كە من ئەمڕۆ هەتـــا چل‌وپێنج ( ستۆتینكا )م(١) پێ نی‌یە پاكەتێ جگـــەرەی پێبكڕم ، ئەمەش هیچ ئـەو باوەڕە پتەوەمی نەگۆڕیـــوە كە بەخۆم هەیەو خـــۆم بەگەورەترین‌و مەزنترین كەس بزانم ، هەروا واش ئەڕوانمـە دنیاو خەڵكی هەروەك ملیۆنێ ( رۆتشیلدو فاندربیلت ) (٢) لە گیرفانما بێ ٠

بەڵام دەوڵەمەندەكانیشمان ، لەبەرچاوم ، لە ســـوتوی دواجگەرەم كە دوێنێ شـــەو كێشەم باشتر نین ٠ هەموشتێ لەبەرچـــاوم جوانە ، بەڵام ٠٠ بەڵامدا لـێی نەتوتن‌و نە جگەرەم پێ نی‌یە٠ ئای كە خوێەكی ناهەموارە ٠

بەسەر شـەقامەكــــەدا ئەڕۆیشتم‌و چاویشم بەم‌و بەودا ئەگێڕا ، ئەوانەی كە چاویشم پێیان ئەكەوت زیاتر بڕوایـــان بەتین‌تر ئەكردم كـــــەمن بەختیارم ٠٠

بۆنمونە ، ئەوەتا ٠٠ ئـەو بەڵێندەرە ، ئاخـــۆ خاوەن دەستەڵاتێك ماوە كڕنوشی بـۆ نەبا تا ئیشەكەی بۆ بـكا ؟ ئەی پارەی بەدفەساڵ بۆ لـێی نابێتەوە كەوەك گا ئەژی ؟

ئا ، ئەو فەرمانبەرە گەورەیە كارێكی ناپەسەند ماوەو نەیكا تا گەیشتۆتە ئەم پایـــەیـەی ئێستا بە ناشایستەیی لـێی وەستاوە ؟ ٠ ئەی ئەو وەزیرەی بەبەردەمما دەڕوا ، هەر هیچ نەبێ دەربارەی ئەوەیە كـــە پاڵەوانی رووداوێكی پیســـە ،

هەروەها خەڵكی ئەزانن كەچەند ترسنۆكێكی تۆقاندووە پەوەی كە شیرازە تێك‌ئەدا ئەگـەر بەدڵی ئەو نەكەن ! بەڵام خۆم ٠٠ ( من ) یێكی بێ‌پارەی هەژار ، پۆخـــل

**ماویتی**

# پروپاگەندا ژهر كریا ئەمریكای

دەزگـەهێت پروپوكـــەندائەمریكی ل دەرڤەی ئـەمریكای دەورەكێ مـــەزنێ هــــەی دسیاسەتا ئەمریكی‌دا یاكو كار دكـــەتە ســــەر رێڤەچـــوناسەروبەرێت جیهانێو پاڵدەتە شیانێت بەرفرەهـو شـــیانێت‌ئابوریو تـــەكنیكی یێـــت پێش‌كـــــەفتی ٠ رێكێـــــت‌پروپاكەندا ئامریكی ئان جەنگا بـــەخش‌و بلاڤكـــرنا وان ژبنـــەكوكێ خزمـــەتا پیلانێت سیاسەتا دوژمنایەتێت ئامریكی‌دكەت دژی مللەتان ، ڤێجـــا وەرە دا پێكڤە بەرێ خو بدەینەرێـــك‌و ئامانجێت پروپاكەندا ئەمریكـــــی ٠ ئاژانســــــا ئیستعلاماتێت ئـــەمریكی دەزگـــەهـــــەكا رەســــمی‌پروپاكەندێیە بو حوكومـــەتا ئەمریكی ١٢٠٠٠ كاربەدەست‌تێدا كاردكەن‌و ١٧٠ێ ملیـــون دینار لسەر تێنە مەزاختن ئەڤ‌ئاژانســـە راپورتا دروســـت دكەت‌و پروگرامێت تلفزیونی‌بو جیهـــانا دەرڤە بەرهـــەڤ دكـــەت‌و گوڤاران دەردئێخیت‌دگەل وان وێنێت كو مروڤ پێ بكەتە كەنی هەروەسا ب (٥٠)زمانا كتێبان چاپ‌دكەت ئەڤێت لوێرێ ٨٥٠ سعەتا كاردكـەن‌وچەند رادیوویێت ئاراستە كری مینا دەنگی ئەمریكا ( صـوت‌امریكا ) پرێڤـە دبەن رادیووا ئەمریكا مەزنترین پشكا ئاژانسا ئیستعلاماتا ئەمریكی‌یەو دەنگی وێ دگەهیتـــە عالەمێ هەمی‌وپارەكی مەزن ژ میزانی‌یـــەتا دەنگی ئەمریكا تێتە مەزاختـــن‌لەســـەر دەنگوباسی‌و لێدوان‌و لدویچوناو لدیف سیاسـەتائیمپریالی تێنە بلاڤكرن ، ڤێ ئاژانســێ بنگــەهێت خـــولواشنتون بێت گەهاندی‌یە ١٠٦ دەڤەرا ، هەر بنگەهەكی ژڤـان‌بنگـــەها سەرئەفســـەرەك بسەروكاتیا وێ رادبیت‌و بڤی‌رەنگی ئەمریكا سیاسەتا خۆیا ئیستعماری بلاڤ دكەت ٠

ئاژانســـا ئەمریكی معاملەتێ‌دكــــەت دگـــەل دەزگەهێت دبلوماسی یێت پروپاكـــەندێ‌وروشەنبیریی ژبو هنـــدێ دا ئارمانجێن ئیمپریالیستان بینیتەجە وەكی بەركـــری كرنی ژ سیستەما سەرمایەدارو تێكدانامێژوا خەباتا مللەتان‌و تێكدانا بیرو هزرو تورێ گەنجان‌و بلاڤكـــرنا خرابیێ دناڤ وان داو ئاراننـــدنا وان بمەســـــەلێت‌سێكسی دا مـــەزێ وانا تژی بكەت بڤان بێ تورەیی‌یاو دا بوبجێ ئینانا ئارمانجێت خو یێت لەوتی ٠

ژبەر ڤێ چەندێ هوشیاركرناوڵاتی‌یاو هـــەتك‌برنا ڤـــان دەزگـــەهێت پروپاكــــەنداژهركـــری ، خزمەتی‌كـــا نیشـــــتمانی‌یەو دڤێـــــت‌رەوشەنڤانێن مـــە دەورەكێ دیارو مەزن ببینن د مەســــەلاژبن‌برنا ڤـــان پروپاكەندان‌و رسواكرنا وانا ٠

**عبدالاله الحاج موسی**



institutkurde de paris

## لیستەی کتێبی کوردی لە ١٥ سالدا

نەریمان

**چاو خشاندنێك بەسەر کتێبخانەی کوردیدا لەسێ چارەکی ئەم سەدەیە دەبینین کتێبخانەکەمان لاوازو کەم پیتە ، سال وابوە هیچ کتێبکمان بۆ بڵاو نەکراوەتەوە ، لە دەوڵەمەندترین سالیشماندا پەنجا کتێب بەرهەممان نەبووە ، لەهەر کتێبێك هەزار یا سێ هەزارمان بۆ چاپکراوەو زۆریشی گەڕاوەتەوە سەرمان یا بوەتە خۆراکی مشك‌و مۆری .**

**لە سالی ١٩١٦ەوە تا ٩٥٩ نزیکەی ٤٠٠ کتێبمان چاپکراوە واتە لەسالێکدا دە کتێب ، لە سالی ٩٦٠ەوە تا ٩٧٤ نزیکەی ٢٢٠ کتێب واتە لەهەرسالێکدا پانزە کتێب هەرچەندە لەم ماوەیەدا هەنگاوێکمان بۆ پێشەوە هاوێشتوە بەلام هەنگاوەکەمان هێشتا کورتە ، ئەمە تەنها لە ڕووی ژمارەی کتێبەوە لە دەرفەتێکی‌تردا لە ناوەرۆك ئەدوێم تا بزانرێت لەچی بابەتێکدا دەوڵەمەندو پێویستمان بەچی جۆرە نوسینێکیش هەیە .**

هۆی کەم بەرهەمی نوسەرانمان - وەك بۆی چووم - ئەگەرێتەوە سەر **دەست‌کورتی برای نووسەرو بازارکزی‌و کەم تەرخەمی خوێنەران‌و سەرباری ئەمانەش رەنگ دانەوەی رامیاری رۆژانە کاری خۆی ئەکات** ، لەم چەند ساڵەی دوایی‌یەوە میری بەهۆی چەند دەزگایەکی کوردی‌یەوە تارادەیەك یارمەتی نووسەران ئەدات ، ئەمە لە خۆیدا پشتگیری کردنێکی باش‌و بەکەڵکە .

سالی ١٩٦٠ بەناو ( کتێبخانەی کوردی )یەوە بیبلوگرافیایەکم بلاوکردەوە ناوونیشانی ئەو کتێبانەی تیادا بوو کە تا سالی ١٩٥٩ لە هەموو کوردستاندا بلاوکراونەتەوە ، کتێبەکە سەرچاوەیەکی کورتی پوختە بوو رۆشنبیرانمان کەڵکیان لێ وەرگرت‌و لە دەرەوەی وولات - واتە لەو شوێنەدا کە نرخ دانراوەتە ووشەی کوردی - ریزی گیراوە ، لێرەشدا لە رۆژنامەکان چەند جارێك شی کراوەتەوەو لەسەری نووسراوە ، لەو سالەوە تا ئەمرۆش هەر کتێبێکم بەرچاو کەوتبێت ناوونیشانم تۆمار کردوە ، وەك پێناسینێك وچاو خشاندنەوەیەك بە بەرهەمی پانزە سالماندا وا لەم لیستەیەی خوارەوەدا ناوی ئەو کتێبانەتان ئەخەمەوە بەردەست کە لەماوەی ٩٦٠-٩٧٤ چاپکراون وبلاوکراونەتەوەو ئاگاداری برا نووسەرەکانمان ئەکەم هەریەکێکیان چی کتێبێکی چاپ کردبێت لە کۆن‌و نوێ چ ناوی کتێبەکەی لە کتێبخانەی کوردیدا وەیا لەم لیستەیەدا هاتبێت یانە هاتبێت سەر لەنوێ دەربارەی بەرهەمەکەی کورتەیەکم لەم سنوورەدا بۆ بنووسێت **(١) ناوی کتێبەکەی (٢) قەوارەی درێژی × پانی × ئەستووری بە سانتیمتری دووجا (٣) نرخ (٤) مانگ‌وسالی چاپکردن (٥) ژمارەی لاپەرەکانی (٦) چاپخانە (٧) ژمارەکانی چەند بووە (٨) نەوعی کاغەز سپی ، یا کاغەزی جەریدە (٩) لەسەر ئەرکی چ لایەك چاپکراوە (١٠) بابەتی نووسین ، هەندێك لە مەوزوعە گرنگەکانی ، شیعر بێت یا پەخشان (١١) وێنەدارەیا بێوێنە (١٢) سەرچاوەی باسەکانی (١٣) کورتەیەك لەژیانی نووسەر لە چوار پێنج دێردا (١٤) سەرفی چۆن بوە ؟**

مەبەستیشم ئەمەیە لە کۆتایی ئەم ساڵەدا سەر لە نوێ ( کتێبخانەی کوردی ) بە شیوەیەکی قوول‌ترو فراوانتر چاپ بکەمەوە تاوەکو هەموو بەرهەمەکانمان لە سالی ١٩٠٠ تا ١٩٧٥ بگرێتەوە ، ئەوانەی یارمەتیم ئەدەن بەمە ئەبنە هاوبەشی ئەم خزمەتە گرنگەو منیش منەتباریان ئەبم .

**ناو نیشان :**

**بە هۆی ( هاوکاری ) یا ( بەیان )ەوە .**

**لیستەی کتێبی کوردی**

| ژمارە | ناوی کتێب | سال | دانەر |
|---|---|---|---|
| ١ - | کیژۆڵەی قارەمانی کورد | ١٩٦٠ | محمود احمد |
| ٢ - | شەهیدانی قەڵای دمدم | ١٩٦٠ | مصطفی صالح کەریم |
| ٣ - | فەرهەنگی خاڵ بەرگی ١ | ١٩٦٠ | شێخ محمدی خاڵ |
| ٤ - | خانزادو لەشکری | ١٩٦٠ | محمد توفیق وردی |
| ٥ - | قەڵای دمدم | ١٩٦٠ | محمد توفیق وردی |
| ٦ - | رێزمانی کوردی | ١٩٦٠ | نوری عەلی ئەمین |
| ٧ - | داستانی دووپاڵەوان | ١٩٦٠ | رەمزی قەزاز |
| ٨ - | میر کچان | ١٩٦٠ | مچە |
| ٩ - | کتێبخانەی کوردی | ١٩٦٠ | نەریمان |
| ١٠ - | نەتەوەی کورد تورکمان نیە | ١٩٦٠ | صالح تفطان |
| ١١ - | دیوانی ئەحمەد مختار جاف | ١٩٦٠ | علی باپیر ئاغا |
| ١٢ - | هەمیشە بەهار | ١٩٦٠ | علاءالدین سجادی |
| ١٣ - | شانۆی کوردستان | ١٩٦٠ | عبدالرزاق محمد |
| ١٤ - | مەم وزینی خانی | ١٩٦٠ | هەژار |
| ١٥ - | ئەلفو بێی کوردی وینەدار بەلاتینی | ١٩٦٠ | گیوی موکریانی |
| ١٦ - | میژوی کوردو کوردستان | ١٩٦٠ | عبدالله شالی |
| ١٧ - | گیونامە | ١٩٦٠ | گیوی موکریانی |
| ١٨ - | شورشی ئاگری داغ | ١٩٦٠ | صالح قفطان |
| ١٩ - | شاخی بەرزان | ١٩٦٠ | لطیف بەرزنجی |
| ٢٠ - | زێرین | ١٩٦٠ | ئەمین میرزا کەریم |
| ٢١ - | کوردایەتی | ١٩٦٠ | جەمال نەبەز |
| ٢٢ - | فرەوە گیانم خۆشە | ١٩٦٠ | جلال محمود |
| ٢٣ - | سەرەتای میکانیك | ١٩٦٠ | جەمال نەبەز |
| ٢٤ - | کوردستان | ١٩٦٠ | جەوهەر غەمگین |

**ماوێتی**

# هۆنراوەو نوێیایەتی لە هۆنراوەی کورد دا

نووسینی عوسمان مستەفا خۆشناو

- ٢ -

**ڕەخنەی نوێ :-**

لە دوای ئەو لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ویژەیی‌و مێژووی ئەدەبی کە مامۆستایان ، ڕەفیق حیلمی ئەمر وعەلائەدین سوجادی ، لە ماوەی ناوەڕاستی ئەم سەدەیە خستیانە سەر کەلەپوری ویژەی نەتەوایەتیمان ئەو ساوە تاڕادەیەك هەموویان وەبەشێکیان هەتا ئەمڕۆش بە سەرچاوە وبناغای کەلێنی ڕەخنەو لیکولینەوەی ویژەیی‌مان دانراوە ، وەلەدوای شۆڕشی ئەمموزی پیرۆزەوە کە ماوە بە بلاوکردنەوەی ویژەی پێشکەوتوانەی گەلی عیراق‌و کورد بە شێوەیەکی فراوانتردرا لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری شەفەق‌و هیواو ڕۆژی نوێ وژین ، چەندان ووتارو نووسین بلاوکرایەوە لەم بارەیەوە ، بەڵام کتێبەکەی مامۆستا عزالدین رسول « الواقعية في الادب الكردي » لەم ڕووەوە لە بەشی زۆری ئەو هەوڵ وتەقەلایانە دیارتر بوو .

گەر لە ئاسووگەیەکی فراوان‌و نوێی ئەم سەردەمە چاوێك بەڕەخنەو ڕەخنەی ویژەیی دابخشێنین ئەبینین کەوێژەو هونەر بە هەموو چەشنەکانیانەوە لە هەموو قۆناغێکا ، بەتایبەتی هۆنراوە کە مەبەستمانە لەم باسەدا رووداوێکی کۆمەڵایەتی‌یە ، وە لە کۆڕانی کۆمەلا ، هاتنە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی وڕامیاری وسایکۆلۆژی‌و ئابووری کۆمەڵەکەیەتی ، وەك ئاوێنە تاڕادەیەك زۆروکەم چۆنی‌یەتی ڕووی ژیانی کۆمەلەکەی لە خۆشی وناخۆشی پیشکەوتن‌و دواکەوتن ، چ ڕاستەوخۆ ، چ ناڕاستەو خۆ ئەنوێنێ ، ئەوەی لە دێر زەمانیشەوە ئەرکی پێشاندان‌و پێوانەو یەك ئالاکردنی‌و لێکۆڵینەوەو بڕیار بەسەر پەسندی یا ناپەسندی‌و جوانی‌و ناشیرینی‌و ویژەو نرخ لێ نانی خستوەتە سەر شانی ، ڕەخنەیە بۆیە حەز ئەکەم پێش ئەوەی بچمە ناوجەرگەی باسەکەمەوە تۆزێك لە ڕەخنەی ویژەیی نوێ بدوێم : ئەڵێم ویژە بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە لەگەڵ ڕەخنە بەیەکەوە بەستراون . یاخود ڕەخنە بێگومان مەبەستم ڕەخنەی ویژەیی‌یە بەهەبونی ویژەوە پەیدا ئەبێ وەدەستێکی باڵاشی دەبێ لەدروست کردنی ویژەیەکی بەرز ، لێرەدا ئەبینین چۆن پەیوەندی‌یەکی دیالکتیکی لە مەیانی ڕەخنەو ویژەدا هەیە چۆن تەواو کەری یەکترن وە بەبێ یەکتر نابن ، ئەویان ئەمیان تەواو ئەکات ، بێگومان لە هەر شوێنێ ویژەی بێ ڕەخنە دیترا مانای ئەمەیە ویژەکە زۆر ساوایەو لە گاگۆلکێ دایەو لەسەرەتای دەست پێکردن و پەل هاویژتنیەتی ، لەگەڵ ئەمەش بەبێ ڕەخنە هەر نەبووە ، چونکە ڕەخنەش ، وەك ویژە لە گۆڕان‌و پەرەسەندن‌و وپێش‌کەوتن دایە لەگەڵ کاروانی بیری ئادەمیزادا ، لە دێرزەمانەوە شیعرو داستان لەکۆڕی ئەدەب خواستانەوە خوێندراوەتەوە وتۆمار کراوە ، بەڵام ڕەخنە بەم شێوەیە نەبووە ، هەرچەندە لەهەر کۆڕێك ، شیعرو ئەدەبی تیا باس کرابێ ، ئەوا لەهەمان کاتیشدا باس لەجوانی‌و ناشیرینی وتەواوی‌و ناتەواوی ئەوبەرووبوومانە کراوە ، واتا ڕەخنە بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کەچاپ نەبووە ، یا زۆر زەحمەت بووە ، لە وولاتیکی دواکەوتووی وەکو کوردستان ، وە لەناو کۆمەڵێکی وەك کوردەواری ئێمەدا ، لەباخچەی ساوای هۆنراوەو ویژەی کوردیمانا زۆر چاك ئەشی ڕەخنە جێگای خۆی‌وەرنە گرتبێ نەیتوانی بێ بە پێویستی پیرۆزی خۆی هەڵبستێ لەدەست کرتن‌و بەهێزکردن وپەرەپێ سەندنی ویژەی نەتەوەییمان بۆ گەیاندنی بە پلەی ویژەی هاوچەرخ تالەگەڵ کاروانی سەدەی خۆی بڕوا بەڕێوە .

جا ڕەخنە ئەگەر بەرونی وەرگێرێ ئەبینین کردەوەیەکە لەکۆڕین ، رازی نەبوون بەوەی کە هەیە ، هەڵدان‌و جولانەوە بە هەموو جۆرە کەرەستەیەك ، وە بەهەموو لایەکدا بۆ نەهێشتنی باری بێ‌کەڵك‌و خراپو ناپەسندی ئەوشتەی لێی نارازیە ، تەواو کردنی کەموو جوان کردن‌و پێش خستنی ، هەندێ جاریش رووخاندنی لەبنەڕەت‌و دامەزراندنی نوێ لەسەر کەلاوەی کۆنی رزیو .

جا ئەگەر لەم رووەوە بۆی هاتین ، ئەبینین ڕەخنە گەلێ شێوە لەژین وەرئەگرێ لە دروست کردن‌و روخاندن ، دروست کردنی شاکار ، روخاندنی بێ‌کەڵك و ناشیرین‌و ڕاوەستاو لەڕێگای ژین‌و کۆڕانی سەردەم ، بەووتن‌و نووسین‌و فرچەو ئاوازو هەڵکورین‌و نەخشاندن تەنانەت گەلێ جار بەچەك ، بێگومان گەلانی ئەمریکای لاتین‌و ڤیتنام‌و گەلی فەلەستین کەگوێ لەدەنگیان ناگیرێ . بە ناچاری واتا ڕەخنەی چەکدار ئەخەنەکار بۆ کۆڕانی ئێستای پڕ لە دەردی سەری وەبێ بەشیان ، بەژینێکی پڕلەهەبوون وشادی‌و بەختەوەری‌و ئازادی ، سامان‌و میراتی مادی ورومی کۆن‌و تازەیان لە مەترسی فەوتان‌و تونابون لەژێر دەستی زۆرداری‌و چەوسانەوەی نەتەوایەتی رزگارو ئازادئەکەن بەڵام ئەم ڕەخنەی ئێمە لەم باسەدا مەبەستمانە ڕەخنەی ویژەیی‌یە ، ئەم ڕەخنەی ئەمڕۆ لە سەردەمی ئێستای پڕ لە دۆزینەوەو سەرکەوتنی مرۆڤ بۆ مانگ ومەریخ بووە بەزانست ، بووەتە کەرەستەی پێش‌خستنی ویژەو هونەر لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە خۆی بووە بەویژەو هونەر ، لەوەختێکا کە چاوو گیان پڕ ئەکا لەووردەکاری ودەست ڕەنگینی‌و دوور ئەندیشی لە دۆزینەوەو پشکنینەوەو پێشاندان ، بە هۆی لیکۆڵینەوە ونرخ لێنان وچارەسەر گردن ، خۆشی واتا ڕەخنەی ویژەیی ئەمڕۆ ، ئەبێتەوە بەویژەو هونەر ، بەشاکار ، کەلینێکی گەورە لە ویژەو هونەری نەتەوە پڕ ئەکاتەوە ، بەشداری‌یەکی بەتوانا ئەکات لەتێ گەیاندنێکی ڕاست‌و کاریگەر وپێ‌گەیاندنێکی باشی خەڵکی کۆمەڵەکەی لەهەموو ڕوویەکی ژیان .

من نامەوێ لەم ئاوردانەوەیە سەرپێ یە بۆسەر ڕەخنە شتی زۆر ووتراوە و دووبارە بکەمەوە ، چونکە هەر وەك وتمان چەندان نووسین‌و وبلاوکراوە وکتێب لەم ڕووەوە دراوە ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە زۆروکەم نەتوانراوە لەگۆشەو قەوارەی بەرهەم واتا بەروبومی هونەری ، هۆنراوە ، چیرۆکی نوێ لەدەردی سەری نووسەر هۆنەر یابوێژ ، لەباری ، لەبزربوونی ، لە خۆدۆزینەوەی لەگۆشەگیری ، لە هاتنەپێشی لەهەڵاتنی ، لەهاتنەوەی بیری ، یاخود لەشوێن وهەواو زەوی دەرون وژیانی هۆنەر ، . نووسەر بەتەواوی پێچڕابێتەوە . لەوەختێکا ئەبێ برانرێ هەموو بەرهەمێکی هونەری هەرچەندە لەشێوەی خەیال ودوور لەرووداوبێ ، بێ‌گومان ئەگەرێتەوە سەر شوێن‌و هەواری کۆمەلایەتی وزدوی دەرون وکەسایەتی هونەرمەند ، بۆیە ئەبێ لەقەوارەی هۆنراوە ، سروشت‌و ئادگار و رووی ڕاستەقینەی تاقی کردنەوەی هونەری بێ بگەین .

ئەگەر نووسەر یا هونەر مەند چ لەرووی ویستن چ لەرووی نەویستن لەبەرهەمیان لەدروست‌کاریان ، مەبەسیان نیرکردنی گیان‌و کەسایەتی بێ ، یاخود تێ گەیاندنێکی باش کۆمەلیان وپێ‌گەیاندنیکی چاکیان بێ ، ناتوانن چاو لەرەخنەی نوێی ئەمڕۆ بپۆشن ئەورەخنەی هەڵگری گیان وئادگارو سروشتێکی نوێ‌یە بە تایبەتی بەزانست پەروەردە کراوە ئەبوژێتەوە ، لە هەوای تاقی کردنەوەی ژیانی ویژەو هوونەری سەردەممان پێ‌ئەگات وگەشە ئەکات ، نەپاشەکۆی ئەم ویژەو هونەرەیە وەنەلێشی جیا ئەبێتەوە ودوورە . ڕەخنە گر لەکۆڕی خۆیدا بەچەند پێویستی‌یەکی قول وکاریگەرانە هەڵدەستی وەکو :

**١ - یارمەتی‌و هاوکاری خوێنەر ئەکات بۆ تێ‌گەیشتنێکی باش‌و چێش وەرگرتن لەوکردەوە هونەری‌یەی کەلەگەڵی ئەژێ .**

**٢ - بەیارمەتی نووسەرو هونەرمەندیش هەڵ دەستێ بۆ ئەوەی لەبەرهەمی خۆیان بگەن‌و خۆیان بناسن بە چاوی خۆیان نا ، بەڵکو ، بەچاوی هونەرمەندێکی تر کەئەویش ڕەخنەگرە .**

لەرێگای پێشاندانی لای چاك‌و خراپی ، جوان وناشیرینی ، بەروبومەکانیان وە لەم وەرگرتن‌و پێدانەش ئەوا ئاسۆی بیرو توانایان زۆر فراوانتر ئەکات لەتاقی کردنەوەی خۆیان قالیـ ــال ئەکاتەوە ( لە هەمان کاتیشا زۆر بەپەرۆشەوە ئەبێتە پال پێوەنەرو پێش خەری ویژەو هونەرو هەموو جۆرە بەرهەمێکی گیانی لە قۆناغ وشوێنێکی دیاری کراوا ئەیوبەرزکردنەوەیان لەپلەیەکی نزم بۆ بەرزترو لیوە شاوەتر ، جاکە رەخنە بەم ئەرکەو پێویستی‌یە گرنگانە هەڵبستێ ... بێ شك ئەبێ رەخنەگریش ڕۆشنبیرێکی زاناو زیرەك‌و بەتواناو بسپۆربێت ، تاڕادەیەك شارەزایی لەفەلسەفە وئاساکانی گۆڕانی کۆمەڵ وریبازەکانی ویژەو هونەر بێت ، بەسەلیقەو هەستی حەزکردنی لەویژەو هونەری شارەزایی لە مێژووی ویژەو زمان بێتەناو ئەم کۆرە ، تابەپێی توانا‌و لێوەشانەوەی خۆی بتوانێ بەرەنگاری ڕەخنەی نوێی سەردەم ببێ .

چونکە ئەوەی هیچ گومانی لەسەر نی‌یە ، رەخنەی نوێمان بارگرانی‌یەکی زۆری لەکۆنەوە لەرەخنەی چاولێکەری‌یەوە بۆ بەجێماوە ، ئەمیش وەلام دانەوەی ئەو هەموو پرسیارانەیە کە تائێستا ڕەخنەی کۆنمان پشت گوێی خستبون یاخود نەی ئەتوانی وەڵامیان بداتەوە .

ئادگار - ملامح ـی هونەری

دیارو بزربوی هۆنراوەی چیرۆکی نویمان تاچ رادەیەك پەیوەندیان بەسروشتی ئاشکراو نهێنی دەرونی ویژدانی کوردەوە هەیە ؟ تویشك‌و کاکڵی ئەوبەرهەمە هونەریانەی کەخۆیان بەبابەتی نوێ داناوە ، تاچ رادەیەك تاقی کردنەوەی ژیان وبەسەرهاتەکانی کوردەواریان مژیوە ؟ دوورو نزیك ، زۆرو کەم هەڵویستیان چی‌یە ، لەچارە نووسی گەلی کورد ، مەرامی کورد ؟

نوێ خوازی ئەمڕۆ پەیوەندی چونە بەکونی ئەمری نەتەوەییمان - کلاسیکی - وە بە نوێیایەتی یاخود نوێ خوازی هاوچەرخو - سەردەم لەکارتێ کردنی لە گێتی دا ؟! تاچ رادەیەك ئەبێ رەخنە بچێتە بنج‌و بناوان ومیخن کەسایەتی هونەر ، نووسەر ، بۆ ئەوەی لەبیرو باوەڕو کەسایەتی وهۆش‌و گوش ودەرونی هونەرمەند بگات ؟ بەپێچەوانەی رەخنەی چاولیکەری ئائەمرۆ کە شێوەی پیاهەلووتن‌و یا ڕووخاندن ، پێشاندانی شێوەو ووردەکاری لەوێنەو ئاوازی زمان‌و ووشە .. کە ئەمانە هەمووی لەدەرەوەی سەرچاوەی بەسەرهات وتاقی‌کردنەوەن ، واتالە دەرەوەی دەروونی هونەرمەند ، بەم پێیە رەخنەی ویژەیی سەردەممان بەم ریبازو ئاوات‌و ئادگارانەی هەڵی دەگرێ ، زۆرشیاوو لەبار دەبێ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو گەلێکی تریش ، هەر وەك رەخنەگریش خۆی ئەبێتەوە هونەر مەندێك بۆ دروست کردنی شاکاری رەخنەو دروست کردنی رادەیەکی جوان‌و بەرزوشیاو لەسەلیقەی گوێ گرتن‌و وەرگرتن وئەزم کردنی بەرهەمی هونەری هەمە جۆر لەمێشك‌و دەروون‌و زەوی سایکولۆژی وچەی نوێی نەتەوەمان . بۆ ئەوەی بەرهەمی هونەری نوێمان لە کۆری تیکوشانی پیرۆزی گەلی کوردمان ، دژی رەگەز پەرستی‌و چەوسانەوە وکۆمەلایەتی‌و ، بۆ دەرخستنی خودو کەسایەتی نەتەوەی کورد بەباخی بوون دائەنرێت هەروەها تەقینەوە وهەڵنۆڵانی وشەقڵ‌و شەپۆلی بەرهەمی هونەر هەمەڕەنگەی نوێ ئازەکانمان بەرشانەوە وزەردکاو نەدرێ لەقەلەم ، تاربگا خۆش نەکرێ بۆ پێشاندنەوەی کەلەپورو میراتی کونینەی ئەمڕۆی مێژووییمان کەبریتین لەبناغەو بنچینەی تەلاری زانیاری‌و زمان‌و ویژەو هونەری نەتەوەیی زیندومان کە بەرەو پێشکەوتن‌و بەرزبوونەوە ئەچێ لەگەڵ کاروانی ویژەی پێشکەوتووخوازانەی گەلی عیراق لەسایەی شۆرشی پێشکەوتووخوازانەی ١٧ی تەمموز لە عیراقی ئەمرۆو رووناکی پێشکەوتن .

**(١) سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :**

- **مرآة النفس : ليونيل تريلينغ .**
- **مجلة الكلمة : عدد ممتاز سنة ١٩٦٨ .**
- **قضايا الشعر المعاصر : نازك الملائكة .**
- **تطور الادب الامريكي : روبرت سبيلر ، ترجمة : توفيق صايغ .**
- **الواقعية في الادب الكردي : الدكتور عزالدين مصطفى .**
- **میژووی ئەدەبی کوردی : علاءالدين سجادی .**

**ماوێتی**

## فۆلکلۆری کوردی

علی احسان حسین

فولکلورێ کوردیێ هێژاوبەرکەتی ، بەرپەرەکێ زێرینە د مێژووا مللەتێ مەیێ کورددا و لنك گەلە روژهەلات - ناسان ، فولکلورێ کوردیێکە ژ زەنگین ترین فولکلورێت دەڤەرا روژهەلات ... هەرژ چیروك‌و ستران‌و پێ‌گوت‌و بسەرهاتی‌یان بگرە ، هەتادگەهیتە یاری‌و لەیزوك‌و سەماو شاهی‌و شازبەندوداوەتو دیلانان .

ئەڤ پارچە ستران‌و شیعرو هاتنەخارا رەنی‌یاو ترسا بسەرهاتی لسەر هەمی کارو باروڤەو باگوزیرکاو شەڤێت تشت‌و چاخێت سالێ یێت هەین بزەنگل‌و هەتا بگەهیتەڤە .. بو نمونە لسەر خەپارێو شەڤێت شەڤەروك‌و ساڤار جوتمەرێو کولانێو جوتی‌و قوتان‌و دستار هێرانێو ... کێلان‌و چاندن‌و ئاوەکرن‌و هتد .

ئاڤاکرنێ ... دیسان لسەر بەلێ لیستەکا دویرو ئاڤو جومو جەلالێت بوهاراو درێژە ، ئەڤ فولکلورێ هندە بەفرو سروسەقەما زڤستانان هێژایێ کوردی ، مخابن کەسێ بدروستی خزمەتا ناوی نەکرییەو هێدی - هێدی بەری بنەمانقە دچیت‌و رزگارکرنا وی براستی ئەرکەکێ پیروزە .

ژبەرهندێ‌و لدوی شیانا خو ئەزێ هەرجار ژورا پارچەکا فولکلوری پێشکێش بکەم‌و هیڤیدارم جهێ خو بگریت .

لێ وەرە ، ئەم دشێین فولکلوری بکەینە چار رەنگێت سەرەکی :

١ - ئەوێ پویتەی بکەیفو شاهی‌و جەژن‌و سەرسال‌و خوشی‌یان ددەت .

٢ - ئەوێ‌پوتیەی بتراجیدیاو خەم‌و کول‌و کەسەرێت مروڤان ددەت وەکی « بەهی » یان .

٣ - ئەوێ پوتیەی بمێرانی‌و چەلەنگی‌و خوینگەرمی‌یا وان کەسان ددەت ، ئەڤێت داستانێت سەرکەفتن‌و سەربلندبوونا دروست کرین‌و پشت بو پشت تینە گوتن‌و ڤەگێران‌و جهێ سەربلندی‌یا هەمی‌یانە .

٤ - رەنگێ دیوماهیێ ، ئەوە یێ پویتە بزانین‌و تەجروبەو کاروکریاران ددەت‌و فەلسەفەکا ئاشکراو رامانێن دیار بلاڤدکەت داوەکو مروف بخو سووری ژێ وەربگرن .

ڤێجا لدوی ئەڤامە گوتی‌و ژنهو پاشڤە ، هەمی هەفتیەکێ ئەمێ لدوی پارچەکا فولکلوری چین‌و من هیڤی‌یە خویندەڤانێن هێژاژی هاریکاریا مە بکەن وزیندی‌کرنا فولکلورێ مە یێ بەرکەتی‌و من باوەرە بەرپەرێت « هاوکاری »یێ هەمی دەمان بەرهەڤن ژبو بەلاڤکرنا هەر پارچەکا فولکلوری‌یا دروست‌و هەتا هەفتیەکا دی سەربەست‌و دلشاد بژین .

## پۆستەی خوێنەران !

● **بۆ خاوەنی شیعری ( ئازارو نەورۆز ) :**
هێشتا زورت ماوە ببی بە شاعیر .. ریگایەکی سەختیشت لەبەرە .

● **بۆ خاوەنی شیعری ( خۆشم ئەوێ ) :**
بابەتی ڕۆژنامە ( ئیعلان ) نی‌یە بۆ هەموو ڕۆژنامەکان بنێررێ ..

● **بۆ خاوەنی چیرۆکی ( پاشە ڕۆژی کرێکار ) :**
چیروکە کورتەکەت لە هەوالێك ئەچوو لەبارەی کەوتنە خوارەوەی کرێکارێکەوە لەسەر بانیکی بەرزەوە .

● **بۆ خاوەنی هەڵبەستی ( مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە ) .**
هیچ نەبێ خۆ ئەبێ ئێمە بزانین کێ‌یت‌و ناوت چی‌یە ؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعرەکەت لەبارەی هونەرییەوە سەرکەوتوو نەبوو زۆریش درێژ بوو .

● **بۆ خاوەنی شیعری ( بە دەست من نی‌یە ) :**
کاکی برا .. زور باشترە ئەگەر هەر ئارەزووت لە ئەدەبیاتە ، لە سەرێکی‌کەوە تێهەڵچی ..

● **بۆ خاوەنی پەخشانی وەرگێراوی ( بەیانی ) :**
**سوپاسی هەستت ئەکەین . وەرگێڕانەکەشت نیشانەی ئەوەیە لەوانەیە پاشەڕۆژێکی باشت هەبێ لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا . بەڵام تیکستیك لە** کتێبێکی قوتابخانە - ئاسایی‌یەوە وەرگێرابێ پێویستێکی زۆری بە بڵاو کردنەوە نی‌یە .

● **بۆ خاوەنی ( چەند چوارینێك ) .**
هەرچەند تاڕادەیەکی باش شارەزای ( چوارینە دانان )ی ، بەڵام بو نەت نووسیبوو ، هی کێ‌یە وەرت گێراوەتە سەر کوردی ؟

● **بۆ خاوەنی شیعری « چاوەکانی ئیلزا لە ئەلبۆمی ئەراگۆندا » :**
هونراوەکەت لە ڕووی دارشتنەوە لاوازە . بە تێگەیشتنی ئێمە ئەوانەی پێشووت گەلێ سەرکەوتوتر بوون . لامان‌وایە پەلە نەکەی چاترە .

● **بۆ خاوەنی شیعری « ئەی نیشتمانی حەزی من » :**
هۆنراوەکەت چ لە ڕووی زمان‌و چ لەبارەی هونەری شیعرییەوە لاوازە . ببوورن لە بڵاو نەکردنەوەی .

● **بۆ خاوەنی شیعری « خۆشەویستی‌و مەرگ » .**
وەرگێڕراوەکەت سەرکەوتوو نەبوو . کە لەمەولا شیعرت وەرگێڕا ئەسڵەکەشی لەگەڵ بنێرە . شیعرەکەی خۆیشت هەروا لاواز بوو کەڵکی بڵاو کردنەوەی پێوە نەبوو .

## پاشماوەی : كەتائیبی فاشست

قۆناخەدا دەرگای ئەندامێتی بۆ هەموو لوبنانی یەك كرایەوە كە تەمەنی لە نێوان ١٨و ٣٥ ساڵیدا بێت و دەبوایە هەموو ئەندامێ لە كاتی مەشق كردن و خۆ پێشان دانا یەك جۆرە جل بپۆشن ٠

بەڵام لە ساڵی ١٩٤٢دا ( قۆناخی دووەم ) گۆڕانێكی تازە بەسەر حیزبدا هات ٠ جڤاتێكی راوێژكاری لە دەوری سەرۆكی حیزب دروست كراو ( بەش ) كرا بەبناغەی رێكخستنی حیزب ، ئەمەش هەوڵدانێك بوو بۆ پەرەپێدانی بنكەی جوگرافیی حیزبو تەشەنە پێ كردنی ، بەڵام ( فیرقە ) كان هەر مانەوەو سەر بە ( بەشەكان ) بوون و هێزی میلیشیایان پێك دەهێنا ٠

لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە ( قۆناخی سێیەم ) گۆڕانێكی تازە لە دەزگا ناوەندییەكانی حیزب داپەیدا بوو ، لە ناوەندێتیی ئۆتۆكراتییەوە بۆ جۆری ناوەندێتیی ترە كە كەمایەتییەكی سەركردەكان دەستی بەسەردا دەگرن ٠ ئەنتلیس بەم جۆرە ناوەندێتییە دەڵێ (ناوەندێتیی ئۆلیگارشی) ٠٠ لەم ماوەیەدا مەكتەبی سیاسیی حیزب هاتە دروست بوون ، بۆ ئەوەی دەزگای بڕیاردان بێت ٠ بڕیاردانی سیاسەت و پرۆگرام و رێكخستنی حیزبو دامەزراندن لە هەموو جێگاو دەزگاكانی حیزب داو جێبەجێ كردنی هەموو بڕیارەكانی ٠

مەكتەبی سیاسیش بەم جۆرە پێك هاتووە ! سەرۆكی حیزبو جێگری سەرۆكو ئەمینی گشتیو وەزیرو نائیبو نائیبە كۆنەكانو راوێژكارانی حیزبو پێنج ئەندامی تر ،كە جڤاتی ناوەندیی حیزب بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵیان دەبژێرێو دەكرێ تازەببێتەوە ٠ لەم قۆناخەدا ناوەندێتی زۆر بە هێزەو هەموو تواناو دەستەلاتێك لە دەستی سەرۆكی حیزبدا كۆبۆتەوە ٠

بناغەی رێكخستن ( وەك وتمان ) بەشە ٠ ئەمەش لەسەر بناغەیەكی جوگرافیی دیاری كراو دادەمەزرێ ، وەكوو ( گوند ) لە ناوچەكانو (گەڕەك) لە شارەكاندا ٠

حیزب لە بچووكترین گوندا (بەش دروست دەكات بەنیازی:
١- كۆكردنەوەی خەڵكێكی زۆر لەتەك خۆیەوە بۆكاتی هەڵبژاردن
٢- بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی حیزب ٣- ئامادەكردنی خەڵكەكە بۆ كاری نیمچە سەربازی لە كاتی پێوستدا ٠

ساڵی ١٩٦٩ ژمارەی بەشەكانی شاری بیروت چەند سەدێك دەبوو ، هی هەرێمەكانیش ( ٣٥٦ ) بوون ٠

لەهێزی میلیشیای حیزبدا ( فیرقە ) بناغەی رێكخستنە ، ( شانە )ش بناغەی دووەمی رێكخستنە دوای ( فیرقە ) ، بەڵام لە رێخستنی حیزبدا شانەنی یەوەك لای حیزبەكانی تر هەیە ٠

شانە چەند ئامانجێكی هەیە :
١- زیندووكردنەوەی هەستبەڵێ پرسینەوە لای ئەندامان ٠
٢- دروست كردنی بارێكی تازە بۆ ئاراستەكردن وكۆكردنەوەی ئەندامان ٠
٣- بەرهەڵستی كردنی هەرجۆرە رێرەوێكی كۆمۆنیستو سۆشیالیستانە لەناو نەقابەكانی كرێكاراندا ٠

كۆنگرەی گشتیی كەتائیب لە كۆتایی مانگی ئەیلوولی هەموو ساڵێكدا دێتە بەستن ٠ ئەم جۆرە كۆنگرەیە لە ساڵی ( ١٩٥٦ )ەوە دەستی پێكرد بۆئەوەی هەر دوو ساڵ جارێك ببەسترێ ، بەڵام لەراپەڕینەكەی ١٩٥٨دا وەستێنراو ساڵی ١٩٥٩ دەستی پێ كرایەوە بەشێوەیەكی ساڵانە ٠ پێش ئەم كۆنگرە گشتییە جڤاتی گشتی هەبوو ، كە هەرشەش مانگ جارێ كۆدەبووەوە بۆ وتوووێژ كردن لەبارەی كاروباری حیزبەوە ، بەڵام جڤاتەكە زۆر رێكو پێك نەبوو ، زوو هەڵوەشێنرایەوەو كۆنگرەی گشتی جێگای گرتەوە ٠

ئەندامانی جڤاتی ناوەندی كەمافی تەواوی ئەندامێتی یان هەیەو مەكتەبی هەمیشەیی كۆنگرەو لەهەر هەرێمو ناوچەو دەزگایەك دوو ئەندامو بیست ئەندام كەمەكتەبی سیاسی هەڵیان دەبژێرێ ئامادەی كۆنگرەی گشتی دەبن ٠

بیروباوەڕی كەتائیب : حیزبی كەتائیب واپێشان دەدات كە بیرو باوەڕێكی تایبەتیی هەیە هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە كەپەیوەندی بە مرۆڤی لوبنانیو نیشتمانو حیزبی كەتائیبەوە هەیەو بەبیرو باوەڕێكی مرۆڤانەی نەتەوایەتیی كۆمەڵایەتیی دادەنێ ، كە هەمیشە خۆی بە ( تیار )ەكانی فەلسەفەی جیهانی یەوە دەبەستێتەوە بۆ خۆ دەوڵەمەند كردنو بەهێز بوون ٠ دروشمی حیزبی كەتائیب بەم جۆرەیە : خوا ، نیشتمان ، خێزان ٠

حیزبی كەتائیب زۆر باسی ( نەتەوەی لوبنان ) دەكاتو دەیەوێ وەكوو نەتەوەیەكی سەربەخۆ پێشانی بدات ٠ بطرس الجمیل لە قسە كردنێكا بۆ ژمارەی رۆژی ٢-٣-١٩٦٩ی رۆژنامەی ( دەیلی ستار )ی لوبنانی كە بەزمانی ئینگلیزی لە بەیرووت دەردەچێ ، دەڵێ : « زمانی لوبنان عەرەبییە ، بەڵام لوبنانییەكان عەرەب نین ئێمە باوەڕمان بەوەیە كەنەتەوەی لوبنان نەتەوەیەكی هاوتای نەتەوەی عەرەبە ٠ ئەوپەیوەندییە ئایدیۆلۆجییەی بەنەتەوەی لوبنانەوە هەمانە سەرچاوەی ناكۆكیی ئێمەو ناسیۆنالیستە عەرەبەكانە ٠٠٠ ئێمە لەو باوەڕە داین كەرەگەزی لوبنانی وەكوو هەموو رەگەزەكانی ئەوروپا ، هەیە ٠ ئێمە وەكوو ئیتالیاییو ئینگلیزەكانین رەگەزی ئێمە چەند ئەدگارێكی بنەڕەتیی هەیەو ئەمەش لەگەڵ رەگەزەكانی تردا دەیكات بە هاوتا » ٠

باری تایفەگەریو چینایەتی : حیزبی كەتائیب لەرووی تایفەگەرییەوە زۆربەی ئەندامانی لەنیرەی (موارنە)ن ٠ ئەمانە ٨٠٪ی ئەندامانی حیزبەكەن ٠ دەمێنێتەوە سەرتیرەو تایفەكانی تر ، ئەمانیش بەم جۆرەن ( تایفە گاورەكانی تر ١٠٪ ، شیعەكان ٦٪ ، جوولەكە ٢٪ ، دەرووز ١٪ ، سونە ١٪ ) ٠

جوولەكەكانی لوبنان هەموو سەر بەحیزبی كەتائیبن ، ئەگەر چی ژمارەیەكی كەمیان بەرەسمی دەچنە حیزبەوە ٠ بەڵام بەهەموو هێزێكیانەوە دەنگ بۆپاڵێوراوانی كەتائیب دەدەن ٠

بەڵام لەباری چینایەتییەوە زۆربەی ئەندامانی كەتائیب لەم بەشانەن : ١- قوتابیان ٢- وردە خاوەن زەوی یەكان ٣- فەرمانبەرانو مووچە خۆرە ناونجییەكانی دەزگاكانی میری ٤- پارێزەران ٥- پیشەییەكان ٠

لەم چەند ساڵەی دوایی دا كەتائیب رووی كردۆتە كرێكارانو كرێكارانی كشتوكاڵ ٠ بەڵام حیزبەكە هەر لە ژێر دەستەلاتی بورجوازییەكاندایە ٠ ئەوەش لەم خشتەیەدا دەردەكەوێ كە دابەش كردنی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی - بەگوێرەی پیشەیان - پێشان دەدات :

| پیشە | ژمارە | لەسەدا چەندن |
|---|---|---|
| پارێزەران | ١٠ | ٤٧ر٦ |
| پیاوە گەورەكان | ٤ | ١٩ر- |
| رۆژنامەگەر | ٣ | ١٤ر٢ |
| ئابووری ناسان | ١ | ٤ر٨ |
| ئەجزاچی | ١ | ٤ر٨ |
| پزیشك | ١ | ٤ر٨ |
| پیاوانی پەروەردە ( خاوەنی شەهادەی دكتۆرا ) | ١ | ٤ر٨ |
| هەموو | ٢١ | ٪١٠٠ |

( أنطلیس ) لە ژمارەیەكی تایبەتیی رۆژنامەی ( العمل ) رۆژی ٢٨-١١-٦٥ زۆر بەجوانی باسی ( مرۆڤی كەتائیبی ) دەكاتو دەڵێ « پیاوێكە گەیشتبێتە بیستو چوار ساڵان ، مارۆنییە ، لەساڵێكەوە تاپێنج ساڵی لە حیزب دا بردۆتە سەر ، لە جبل لبنان - دەژیو خوێندنی ئامادەیی تەواوكردووەو لە بنەماڵەیەكی ناوەڕاستەو لە كاری سیاسیدالەسەر خۆیە ، تەنها لەكاتی گیروگرفتی نیشتمانیوهەڵبژاردنەكان دا نەبێت ، كەتائیب و لوبنان بەلایەوەهاوتانو -شێخ بیار الجمیل-ی سەرۆكی حیزب دەپەرستێ) ٠ !

● بۆنووسینی ئەم باسە سوود لە ژمارە (٤٦)ی گۆڤاری (شوءون فلسطینیة) وەرگیراوە

( أ٠ ش )

## باشماوەی باهەر شەكاوە بیت

ئاواتەكانی گەل بێتەدیو وڵات رزگاریو سەربەخۆیی پێك بێنێ وە ئاسۆی بەختیاری شین هەڵبێت ٠

لەم رۆژە پیرۆزە نەمرەدا بوو سەركردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی پشت بەگەل بە بازوی پۆڵاینیان قۆڵنگی شورشگێرانەیان هەڵگرت بە هەموو توانایانەوە ئاراستەی سەردڵی نوكەرانی ئیمپریالیزمیان كرد وە ئەم تاقمە بەكرێگیراوەیان خستە چاڵی ریسواییو مردنەوە وە شورشیان نە داوی پیسی ئەم نۆكەرانە رزگاركرد ٠ بەم چەشنە شۆڕش رێگای خۆی گرتەبەر ٠٠ دەستوبردانە كەوتە نەخشەدانان بۆ پێكهێنانی ئاواتەكانی گەل ٠٠ وە سازكردنی زەمینەیەكی لەبار بۆ جێبەجێ كردنی داخوازیەكانی گەل ، بۆیەكا بێ چەندو چونێ بە ئاشكرا كەوتە روخاندنی یاسای كۆنو لەناوبردنو راماڵینی هەموو وێنەو روخسارێكی بێرەزای پاشكەوتو ، بانگی راهێشت بۆ بەرەڵلاكردنی گیراوە سیاسیەكانوخستنەوە سەرئیشو كاریان ، زۆربەزیرەكیو زانینەوە هەوڵو تەقەللایدا بۆ گێرانەوەی گیانی برایەتیو یەكیتی لەنێوان هێزە نیشتمانیەكاندا تاكو عیراق ببێتە شورایەكی مەزن لەبەردەم ئیمپریالیزمو نوكەرەكانیا تائەو كەلینە گەورەیە پڕ بكاتەوە كە بەدرێژایی ساڵانی رابوردوو دروست بو بو لە نێوانیاندا ، بەم چەشنە شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژ ئەم راپەرینەی كرد بە بنچینەی خەباتی شورشگێرانەی نوێ دژ بە ئیمپریالیزم بۆ پێكهێنانی دەسكەوت لەدوای دەسكەوتی بەنرخ بۆ جەماوەری گەل لەسەرو هەمویانەوە بەیاننامە مێژوییەكەی ئازار بو كە گورزێكی گران بو دای لە مورگەی پشتی ئیمپریالیزم وە گەلی كوردی خستە سەر رێگای تێكوشانی دوقۆڵی ( كورد و عەرەب ) بەرامبەر بە ئیمپریالیزم ٠

بەم چەشنە ٧ ساڵی رەبەق گەلی عیراق بەهەموو توێژو چینە جوربەجورەكانیەوە لە خەباتێكی ناوكۆییو كیشمەیەكی سیاسیو عەسكەریو ئابوری سەرومڕیدایە بەرامبەر بە سەنگەرەكانی ئیمپریالیزمو داردەستەكانی لەناوەو دەرەوەی وڵات ، وە رۆژبەڕۆژ پیشكەوتنو دەسكەوت ئەدەنە دەست جەماوەری گەلو مەشخەڵی شورشگێرانەی نەكوژاوە بۆ هەمو قوژبنێكی نیشتمانی گەورەی عەرەب هەڵئەكەن ٠٠

- با هەر شەكاوەبێ ئاڵای راپەرینی نەمری ٣٠ی گەلاوێژ ٠
- سەركەوتوتربێ ئاواتە پیرۆزەكانی گەلی عیراق ٠
- پتەوتربێ ریزەكانی گەلو برایەتی هیزە نیشتمانیە پیشكەوتنخوازەكان ٠

## پاشماوەی : كام تەمو مژ

چیرۆك نووسدا هەیە ٠٠ئەمە هەندێكە لەو بیرو رایانەی دەربارەی (ئەدەبی تەمومژ ) هەمە ، گومانی تیا نییە باسێكی وەها لە دەرفەتێكی وادا بەئاسانی چار ناكرێ ، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە توانرا ٠ لە سەلماندنی راكانمدا قسەو بەڵگەی فەیلەسووفو هونەرمەندانی جیاجیام هێناوەتەوە ، رەنگە ئەمە بمخاتە داوی ئەوەوە پێم بڵێن - منهجیە - لە وتارەكەیدا نیە ، بەڵام من ئەمەش بە جۆرە مەنهەجێك ئەزانمو هیوادارم توانیبیتم هەندێ لایەنی ئەم باسەم روون كردبێتەوە ٠

## پاشماوەی : ئەفریقیا بەرەو كوێ

ئیمپریالیزمو سەرمایەداری مۆنۆپۆلی لەیەك جیا ناكەنەوەو بە دوژمنی داخوازیو بەرژەوەندییەكانی نیشتمانی خۆیان دەزانن ٠

بەم رەنگە رووداوە واقیعیەكانی ئەمرۆ ئەوەمان بۆ دەردەخەن كە كارتێكردنی رێبازی سۆشیالیستی لە ئەفریقیا لەبەرەو پێشەوەچوونێكی بەردەوامەو سەرەرای ئەوەی كە هەندێ جار گەلێ ناوی جیاجیای لێدەنێنو بەرێبازی جۆراو جۆری ناودەبەن ٠

## پاشماوەی : فەلەستین كێشەیەكی

وەلەپێناو ئامانجی رزگاركردندا شۆڕشی ١٧ی تەمووز هەموو بەڵێنەكانی هێنایە دی لە یەكەم خەندەك دابوو شان بەشانی شورشی فەلەستین بۆ روو بە رووبوونی زایۆنیستەكان ٠ لە سەردەمی شەڕی تشریندا ئەم راستییە سەلمێنراو كشانی لەشكری عیراق بەرەو جولانو سینا رەسەنیی بیروباوەڕەكانی شۆڕشی ساغ كردەوە ٠ وە لەشكری عیراق شەرەفی پاراستنی دیمەشقی پێبڕا دژی سەهیونیەكان ٠ گەلی كوردیشمان دلسۆزی كێشەی فەلەستین بوو هیوای رزگاریشی ئەخواست لەگەڵ دەستخستنەوەی خاكی پیرۆزو مزگەوتی ( الاقصی ) و شوێنە پیرۆزەكانی تر ٠

شورشی ١٧ی تەمووز هەر دلسۆزی بەڵێنو پەیمانەكانی ئەبێت تاوەكو بەتەواوەتی هەموو خاكی زەوت كراو رزگار ئەبێو گەلی فەلەستین ئەگەڕێتەوە خاكو نیشتمانی خۆییو ئاشتی راستەقینە لەناوچەكەدا جێگیر ئەبێ ٠

## پاشماوەی : چەند تێبینیێك دەربارەی

— ٧ —

ئائیستا ڕەخنەی پێشڕەومان وەكو كارێكی ئەدەبیی زانستی سەرنج دا ٠ لێرەدا ڕەخنەگر كۆمەڵناسێكی پێشڕەوە كە ڕیشەكانی كۆمەڵناسیی زانستی لە زەمینەیەكی تایبەتیی كۆمەڵدا كە ئەدەبە ، بەكار دەبات ٠ پلیخانۆف بنیاتنەری رەخنەی زانستی ، بایەخ بەوە ئەدا كە ئەركی ڕاستەقینەی رەخنەگری پێشڕەو هەر ئەوەیە ٠ بە وتەی ئەو جیاوازی لەنێوان ڕەخنەگرێكی پێشڕەوو ڕۆشنگەر دا هەر ئەوەیە كە ڕۆشنگەر ئامانجو مەبەستی تایبەتی ئەخاتە ئەستۆی ئەدەبو لەو گۆشەیەوە نرخ - شوناسی دەكاتو هەڵی ئەسەنگێنێ ٠ بەڵام ڕەخنەگری پێشڕەو هۆ سروشتییەكانی پەیدابوونی كارەكەشی ئەكاتەوە ٠

پلیخانۆف ،بە هاتنە دەنگی لەسەر ڕیشە زانستیو مەوزووعییەكانی ڕەخنە بەرامبەر بە ڕیشەی زەینی كۆنو ڕوانگەی بێپایەی جوانی شوناسان ، ڕێگا واقیعییەكانی ڕەخنەی زانستیی ئایندەی ڕەنگڕێژ كردووە ٠

بەڵام نابێ بە هیچ جۆری وا بیر بكرێتەوە كەوا خاسیەتی چینی كرێكار تەنها دەرخستنو لێكۆڵینەوەی دیاردەكانی دەرەوەیە ٠ ئایدیۆلۆژیی پێشڕەو تەنها دەستووری ناسینی كۆمەڵ نییە ، بەڵكو بەرنامەیەكی كاریگەری بنیاتنانی زیندەگیشە ٠ ئەو بنیات نانەش بە بێ هەڵسەنگاندنێكی مەوزووعییانەی واقیع نابێ ٠ ئەگەر مرۆڤی پێشڕەو نەتوانێ تێڕوانینەكانی خۆی بە شێوەیەكی مەوزووعی دەربێنی ، چۆن ئەتوانرێ بە پێشڕەو بژمێررێ ؟

وا لە مرۆڤی پێشڕەوو ڕەسەنو قووڵ بین چاوەڕوان ئەكرێ كار بكانە سەر دەورو پشتی خۆی ٠ ڕەخنەگری پێشڕەو ئەستێرەناسێكی ئەدەبی نییە یاسا حەتمیو لە خراپ نەهاتنەكانی هەموو ئەستێرە ئەدەبییە گەورەو بچووكەكان ڕوون بكاتەوە ٠ ئەو لەمە گرنگترە تێكدەرو بنیاتنەرە ٠ ئەبێ بەم تێگەیشتنە عامیلی هەڵسەنگاندن بە گرنگترینو بەنرخترین تایبەتییەكانی ڕەخنەی زانستیی سەردەم بزانین ٠

- ماوەیەتی -

## پاشماوەی : شانۆگەری سەركۆمار

- بۆ ئاخر لەوكاتەدا لەسەر فرت وفێڵ تێدا نەبێ مێزی دانانێی ؟!
- دەتوانی ئیشارەم بۆبكەی كە لەسەرمێزی دانیم وچوار ئەنگوست هەڵێنم ٠
- بەڵێ قوربان بۆچی ، تۆ وریا بە چاوێكت هەر لەمن بێ٠
- باشە ، كاتێك دەڵێم « دەمەوێ هەر بۆشكە نەوتێك دولارێكی باج لەسەر زیادبكەم» دەتوانم ئەنگوستیك هەڵێنم ؟
- قوربان وانەكەی باشترە، بڕێك سووك و ناشیرین دەنوێنێ ٠
- ئای ٠٠ خۆزگە دەمتوانی وتارێك بخوێنمەوە ئەوەندەی
- قوربان دەبێ لەبیرت بێ كەتۆ تەنیا هەر سەركۆماری شانۆگەرێكی تەلەفیزیونیشی ٠ ئێمە دەمانەوێ بەرهەمێكی تەلەفیزیونی بفرۆشین بە ناوی « جری فورد » ٠ تەنیا بە جۆرێك لێی دادێنیو رمێنی زۆر دەبێ كە تۆ زۆر خۆت دلسۆزو بڕواپێكراو بنوێنی ٠ بۆیە دەبێ هەرچی لە دەستمان دێ بیكەین ٠ ئێستا ئیجازە فەرموو سەر لە نوێ دووپاتەی بكەینە ٠ قوربان دەقیقەیەك ، روژئە ژمێرەكەت سەرەوبن گرتوە !!

## بۆزانین

بەم بۆ ئاگاداری یە بڵاوی ئەكەینەوە ، كە موناقەسەیەكی نهێنی هەیە ، بە مەبەستی هێنانی نۆ هەزار تەن ( ٩٠٠٠ تەن ) بەردی گەچ لە كانە بەردی دەربەندبازیانە وە بۆ كومپانیای گشتی چیمەنتوی سەرچنار ، جا ئەوانەی ئارەزوی بەشداربون لەم موناقەسەیەدا ئەكەن ، بە پێی ئەو مەرجو مواسەفاتانەی لای بەشی حساباتی كومپانیاكە بەرامبەر ( ٥٠٠ر- ) فلس وەرئەگیرێ وشایەنی گیرانەوە نیە ، عطائاتی خۆیان بە تأميناتی پیشەكییە وەكە ٢٥٠ر- دیناره ، یان چەكێكی باوەڕ پێ كراو بەو پارەیە پێشكەش بكەن ، كە دوای فەرز كردنی عطائات ئەدرێتەوە ، دواكاتیش كۆتای دەوامی رەسمی رۆژی شەممەی ٢-٨-١٩٧٥ كە داواو عطائات لە زەرفێكی لۆك كراودا ئاراستەی سكرتاریەتی دەزگای ئیستیشاری كۆمپانیاكە ئەكرێ، ئەوەی شایەنی باسە پارەی ئەم بۆ ئاگاداری یە لە رۆژنامەداو مەسرەفی مۆركردنی رێكەوتن لەسەر موناقیسەكە ئەبێت كە موقانەسەكەی بەرئەكەوێت ٠

**ناجی عزت جاف**
**بەڕیوەبەری گشتی**
**كۆمپانیای گشتی چیمەنتوی**
**سەرچنار**

## پاشماوەی روناكی

دەسكەوتێكی گرنگی بەرەوپێش چوونو پرۆسێسی رزگاریخوازی مرۆڤایەتییەو پاڵپشتی مەسەلەكانی رزگاریو پێشكەوتنی جیهانییە ٠

بەم پێیە ئەم سەركەوتنە مێژوییە دەسكەوتی تێكڕای بزوتنەوەی پێشكەوتنخوازودیموكراتیو رزگارییە ، وەسەرەڕای ئەمەش توانای گەل ساغ ئەكاتەوە لە پاكۆدانو لەناو بردنی ئەومەلبەندوشوێن پێیانەی ئیمپریالیزم لافیان پێوە لێ ئەدات كەگوایەئەتوانێ بە هۆیانەوە خزمەتی بەرژەوەندییە ناپاكو چەپەڵەكانی پێ بكات ٠

## - بۆزانین -

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٧٥**

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی رێكخستنی بازرگانی ( ٨٠٣ ) رۆژی ٣-٧-١٩٧٥ وە بەپێی ئەو رونكردنەوەی كە لە بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ١٩٧٥ ماندا هەیە بەم جورە بڕیارماندا :

یەكەم : مەبەست لە خشتی بەرهەم هێنراو لەلایەن بەشە گشتیەكان ئەو خشتەیە كە كومپانیای گشتی پیشەسازی خانوبەرە بەرهەمی ئەهێنیت و روخساری بەم جۆرەیە :
أ - روەكانی بە خۆوە بێ
ب - گۆشەكانی رێك و پێك بێ
ج - ناوی كوناو دەربێ
د - بەپێی مواصفاتی عراقی كە بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن هەیئەتی مواصفات و ئەندازەی عیراقەوە بیتە بەرهەم ٠

وە ئەبێ نرخی خشتی كارگەكانی بەرێوەبەرێیە ناوخۆییەكان و كارگەكانی كاری گەلی وەكو مواصفاتی بەرهەمی سەرەوەبێ ٠

دووەم : نرخی خشتی كومپانیای گشتی پیشەسازی خانوبەرە بەم جورە ئەبێ :
أ - نرخی دەبلیك ( ٣٠٠٠ ) خشت لە كارگەكە بە ( ٢٧ر٧٥٠ ) دینارە ٠
ب - نرخی دەبلیك ( ٣٠٠٠ ) خشت لە كارگەكە و مرزوم بێ ( ٣١ر٥٠٠ ) دینارە ٠
ج - نرخی دەبلیك ( ٣٠٠٠ ) خشت لە شوینی نیشتەجێی كریارەكەو مرصوف بێ ( ٣٣ر٧٥٠ ) دینارە ٠
د - نرخی دەبلیك ( ٣٠٠٠ ) خشت دابگیری لە شوین كریار ەكەو مرزوم بێ ( ٣٥ر٢٥٠ ) دینارە ٠

سێیەم : نرخی هەزار خشتی مومتاز لە كومپانیای گشتی پیشەسازی خانوبەرە بە ( ١٠ر٢٥٠ ) دینار هەر لە كارگەكە ٠

چوارەم : بەپێی ئەو ئەنخشەی كومپانیای گشتی پیشەسازی خانوبەرە تایبەت لەبارەی كرێی گواستنەوە بۆ دەرەوەی سنوری ئەمانەتی عاصمە ئیستە ئیشی پێ ئەكرێ كە وەزارەتی پیشەسازی مۆری كردوە ئەوە ئەبێ بەبنچینەی كرێی گواستنەوە ٠

پێنجەم : ئەو نرخانەی لەسەرەوە دانراون لە رۆژی بڵاوكردنەوەی ئەم بەیانەوە كاریان پێ ئەكرێ ٠

**وەزیری ئابوری**
**حكمت العزاوی**

١-٢

## - بۆزانین -

**مناقسەی تەجهیز كردنی ( ١٠٠ ) خانوو (٥) دایەرەبە كەرەستەی گواستنەوە لە پرۆژەی كفل - شنافیە**

١ - وەزارەتی ( ری ) هەمو ئەو مناقسە چیانە بانگ ئەكا كە شارەزاییان لە تەجهیز كردن و دانان و دامەزراندنی ماڵ و دایەرەدا هەیە بەكەرەستەی گواستنەوە ، بەپێی ئەو مەرج و مواصفاتە هونەریانەی كە ئەتوانرێ لە بەرێوەبەرێتی پرۆژەكانی ( ری والبزل العامە ) حقوق و عقود بە نرخی (١٠) دە دینار دەست بكەوی و ئەم پارەیەش دوایی نادرێتەوە ، ئینجا ئەو كەسانە ئەتوانن عطائاتەكانیان پیشكەش بە سكرتاریتی لیژنەی كردنەوەی عطائاتی ناوەندی ( مەركەزی ) بكەن لە دیوانی ئەم وەزارەتە ٠

٢ - ئەبێ مناقسە چیەكە بەشداری ژوری بازرگانی تازەكردبیتەوەو شەهادەی ضریبە الدخل ی ئەمساڵی پێ بێ ٠

٣ - لەگەل عطائاتەكەدا ئەبێ وەسڵی تەئميناتی سەرەتایی یان كەفالەتیكی مەسرەفی بە ( ١٥ ) پازدەهەزار دینار پێبێ كە بۆ ماوەی ( ٣ ) سێ مانگ لە روژی پیشكەش كردنی عطائاتەكەوە ئیش بكات ٠

٤ - عطائاتەكە لەناو بەرگێكی مۆركراودا ئەدرێ بە لیژنەی ناوبراو لەیان بەرلەسەعات ١٢ی سەر لە نیوەروی روژی شەممە ریكەوتی ١٦-٨-١٩٧٥ بەو مەرجەی پولیكی پەنجا فلسی مالیە بنرێ بە عطائاتەكەوە ٠

٥ - هەر عطائاتیك لەو ماوەیەدا كە دیاری كراوە پیشكەش نەكرێ ویان ئەومەرجە پیویستیانەی تیانەبێ كە داواكراوە وەرناگیرێ ، هەروەها وەزارەت ملزم نیە بەوەرگرتنی نزمترین عطائات یان هەر عطائاتیكی تر ٠

**و٠ وەزیری ( ری )**
**دكتور عمر رشید گەردی**

١-٣

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

## ئێوە ئەڵێن چی ؟!

● خاوەن سینەماکان لە سلەیمانی ، تائیستاش فێری ئەوە نەبوون ڕێزی « زەق » و « پاکو خاوێن »ی و « پشوی » ئەو خەڵکە بگرن کە ئەچن بۆ سینەماو ئەیانەوێ « پشو » بدەن « سوودی ببینن » ·· چۆن ؟! لەبەر هاوارو قیژەی··

- ساردی ··· ساردی ·· گوڵە بەرۆژە ·· عال کولیوە ·· هتد ···

باشە ، خۆ لە سینەماکاند « حانوت » هەیە ، ئیتر نازانم ئەم وەزع تێکدانە لەناو ئۆلەکەدا بۆ ؟!

رزگار - سلەیمانی

**ئەم نامەیەی رزگار ئەخەینە بەر چاوی خاوەن سینەماکانو لێپرسراوانی پاکو خاوێنیو دەزگا کۆمەڵایەتیە بەرێزەکان·· بزانین برایان ئێوە ئەڵێن چی ؟**

## - کامەران موکری -

بە پێی ڕێککەوتن نامەی ڕۆشنبیری عیراقو بولگاریای گەلی لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە مامۆستا کامەران موکری‌ی مامۆستای ئەدەب لە کولێجی ئاداب لە زانکۆی سلێمانی هەڵبژێررا بۆ ئەوەی بچێ بۆ بولگاریا بۆ پێشکەش کردنی چەند (محاضرەیەك) دەربارەی ئەدەبی کوردی ، لەسەرەتای مانگی ئابدا مامۆستای ناوبراو ئەچێ بۆ سۆفیا بۆ ئەو کارە ، پڕ بە دڵ داوای سەرکەوتن ئەکەین بۆ مامۆستا کامەران لەم کارەدا ·

## - دەربارەی شانۆگەری رەجەبو پیاو خۆران -

**( شانۆگەری « رەجەبو پیاوخۆران » سمکو ناکام نووسیویەتیو ئەحمەد سالار پێشکەشی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە سلەیمانی لە٩-٧-١٩٧٥ وە تا ٢٩-٧-١٩٧٥ لەسەر شانۆی مەڵبەندی چالاکی‌قوتابخانەکان پێشکەشی کرد ، بەرهەم هێنانی شانۆگەری‌یەکە١٢ ئەکتەری تیپی پێشڕەوی دەوریان تیابینی و - ٥ - هونەرمەندی تەکنیکی کاریان تیاکردوە ) ·**

**- عبدالله عباس -**

**ئەحمەد سالار - دەرهێنەر**



**سمکو ناکام - نووسەر**

- ١ -

● دوو جار شانۆگەریەکەم بینی ، حەزیشم ئەکرد ، جارێکی کەو جارێکی کەش بیبینمەوە ···

شانۆگەری « رەجەبو پیاو خۆران ، کارێکی هونەری بەرزی دەستەیەك لاوی هونەرمەندی کوردستانە ، شایەنی ئەوەیە ، زۆری لەسەر بوترێ ، زۆری لەسەر بنووسرێ ، ئەوەندەی دەرئەخات و بەهەڵویستی من ئەمەوێ ، خۆم لە قەرەی ئەم کارە بەرزە هونەریە بدەم لەخۆم ئەپرسم ، چۆن ؟ وەك بینەرێك یان ڕۆژنامە نووسێك یان نووسەرێك ؟! ئەگەر لەهەموو لایەنێکیەوە بۆی بچم پێویستم بە قوڵ بوونەوەی زیاتر ئەبوو کە ئەرکی ڕاستەوخۆی هەندێ لەو لایەنانە ڕاستەوخۆ شارەزایانی « هونەری شانۆو شانۆ گەری » ئەگرێتەوە ·

ئەڵیمەوە ، دوو جار شانۆگەریەکەم بینیو حەزیشم ئەکرد جارێکی کەو ··· جارێکی کەش بیبینمەوە ، کەواتە وەك بینەرێك « رەجەب » کێیەو « پیاو خۆران » کێ بوون ، لەسەر شانۆ ·· « رەجەب » یان خوارد ·· بەڵام ··· !

- ٢ -

● بە کورتی ، سمکۆ ناکام لە شانۆگەری « رەجەبو پیاو خۆران »دا ئەڵی « **ساختە بەهەر پەردەیەك داپۆشرێ ئەوژمی هەستانی ، هەر ئەیدڕێ ئەیدڕێو ڕاستی ·· ساختە ئەروخێنێ** » ·

ئەحمەد سالار ، ئەمەی سمکو ئەیڵێ لەسەرشانۆ ئەکتەرەکان ئەهێنێو ئەیان باو ئەیان هێنێو دیوی ناوەوەیان

**، رەجەب ، ڕاستی » با پیاو خۆران بیخۆن ، بەڵام « کوورەکەی کە لەسەدەکە قوورکێشی ئەکا » چاوتان لێیە پیاوخۆران دوای خواردنی باوکینی لە کتێبەکانی ناو ناقەکە ئەترسنو ئەژنۆیان ئەلەرزێ ·**

**- کۆتایی لەسەرشانۆکە دەست پێکردنە لەلای خەڵکە·· ، ڕاستی ئەناسن » ·**

## بەڵام ····

# پیاوخۆران « رەجەب » ئەخۆن

کۆمیدی « ئاسان » ئەوەی‌سمکۆ ئەیڵێ بۆ بینەرانی روون ئەکاتەوە ·

هەربینەرێك کە چوە بۆشانۆگەری « رەجەبو پیاو خۆران » ئەیەوێ بزانێ ، چی ئەڵێ ؟ بۆ وا ئەڵێ و ·· ئەنجام ؟!

جا لەم شانۆگەری‌یەدا ،دەستەیەك پیاو خۆر « ئەندامانی یانەی بێ دەرەتانان !! »« رەجەب »ی بەسەزمان ئەخۆنو ئەیخۆن وچاك ئەیخۆن ! بەڵام« رەجەب »ی « ڕاستی »و خاوێنیەکەی ، ئەژنۆی« ئەندامانی یانە » ئەلەرزێنێ «ڕاستی»یەکەی رەجەب هێشتاتارمایەکە ، یان ناوێکە « کوڕێکی کرێکارە لەسەدەکەقورکیشی ئەکاو کتێبی زۆریش ئەخوێنێتەوە ! » لەبەرئەوە « ئەندامە پیاو خۆرەکان » ئەترسنو پیاویش ئەخۆن،بەڵام هەرئەترسن !ماڵیشیان ویران ئەبێ ، هیچیشیان دەست ناکەوێ ، پولیس پێش خۆیانی ئەدا ، کەچی هەر لە « کوورەکریکارەکە » ئەترسن ! چونکە هیشتا نیازیان نیە ، واز لەپیاو خۆری بێنن ، ( رەجەبو پیاو خۆران ) بە نووسین وائەڵێو دەرهێنەرەکەشی ئەڵێ : « **ئەکتەرەکان جۆڵانەوەیان ، بەیەکاهاتنیان وا ئەڵێ** ·

ئەحمەد سالار وتی :

**( بینەر ئەبێ ئەنجامی کارەساتەکە بە ئیدراکی مەوزوعی خۆی چارە سەربکا ، کۆتایی لەسەر شانۆیە دەست پێ‌کردنە لەلای خەڵکەکە ) ·**

سمکوی نووسەر وای ڕوو کردەوە کە :

**( « ڕاستی ، رەجەب » لەناوکۆمەڵدا ، «رەجەب ، راستی» لەناو ئەم دنیا ئاڵۆزەدا ، هەرچەندە قاچی «ئەم ڕاستی»یە لە داوی « ئەندامە ساختەکارەکانی یانەی‌بێ دەرەتانان !! » ئاڵێ ·· هەڵەی پێ‌ئەکەن ، بەڵام لەکۆتایدا « ڕاستی ، رەجەب » پاکە ) ·**

● ئەمە بە کورتی باری سەرنجم وەك بینەرێك دەربارەی ناوەرۆکی شانۆگەریەکە لەسەرشانۆدا ، بێ‌گومان وەك « نص ، شانۆگەریەکەی کاك سمکۆ ناکام لە رووی ئەدەبیەوە قوڵ بوونەوەی زیاتری ئەوێ · هەر چۆنی بێ ئەدەبی کوردی لەبەرهەمی شانۆگەری دا هەژارە بەڵام « سمکو ناکام » چرایەکە لە ڕێگادا ، دەست هەبێ گوڵی بانێ ·

● کاك ( احمد سالار ) وەك هەموو جارێکی‌تر سەلماندی هونەرمەندێکی بەتواناو لێهاتوی هەرە دیاری بزوتنەوەی شانۆگەری کوردە · تەنیا ئەوسەرنجەی بەرامبەر ئەم کارە هونەریەی ئەمجارەی ئەمەوێ بەسەریانەرۆمو دیاری بکەم ئەوەیە « حرکە »ی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆکە ئەوەندە « خەست »و هەندێ جار بە پەلە بوو جاری وا هەبوو ماوەی

دیمەنێك لە شانۆگەری « رەجەبو پیاوخۆران »

نەئەدا بینەر زیاتر « تەرکیز » بکاتە سەر « حوار » ·

● **ئەکتەرەکان**

● رەجەب

« کەمال سابیر » زۆر زۆرسەرکەوتو بوو « رەجەب » بو وەك دەرهینەرو نووسەر دروستیان کردوە ·

● عصمت نعمەت حیکمەت« **کامەران ڕەووف** » جوڵانەوەی لە سەرشانۆ جوڵانەوەی ئەکتەرێکی بەسەلیقەو وریابوو ·

● عبدالخالق « **مستەفا ئەحمەد** » جارێکی کە سەلماندی هونەرمەندێکی بە توانایە ،لەگەڵ ئەوسەرنجەی جوڵانەوەی هەندێ جار «زیاد لە پێویست» خۆشی ئەخستە هیلاکیەوە ·

● یوسف «**عوسمان چێوار**»ئەکتەرێکە لە ئەکتەرە لاوە سەرکەوتوەکانی ئەمڕۆی شانۆی کوردی لەم دەورەشیا سەرکەوتو بو تەنیا هاتەزۆرەوەی یەکەمجاری نەبێ وا « ساردبو » لە « عوسمان »ی هونەرمەندم چاوەڕێ نە ئەکرد ·

**دواوتە :**

● بە کورتی دیسان ئەیڵیمەوە ئەم سەرنجەو ردانە لە ڕوانگە بینەرێکە وەیە بەلای‌منەوە شانۆگەری « رەجەب وپیاو خۆران » وەك « نص »ی ئەدەبی‌و بەرهەمی هونەری لەسەرشانۆ نیشانەیەکی‌ڕووناکە لە بزوتنەوەی شانۆگەری کوردی دا کە بەدەستی‌هونەرمەندانی لاوی وەك تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی‌ودەزگاو کۆمەڵە هونەریەکانی تر لەم ڕێگایەوە چاوەڕێ پاشەڕۆژێکی باشی سەرکەوتوی لێ ئەکری وئەبێ‌واش بێ ·

## پارێزگاری سلەیمانی هانی بزوتنەوەی هونەری ئەدات

هونەرمەندەکانی سلەیمانی ، چونەتە لای بەرێز مامۆستا « محمد امین محمد احمد » پارێزگاری سلەیمانیو بەناوی هونەرمەندەکانەوە بەخێرهاتنیان کردوە ·

هونەرمەندەکان لەم چاوپێکەوتنەدا باسی بزوتنەوەی هونەری جوانی شارەکەیان بۆ پارێزگاری سلەیمانی کردوەو ئەو گیروگرفتانەیان خستۆتە بەرچاو یەکە ڕێگای ئەم بزوتنەوەیە لەمانە نەبوونی « هۆڵێکی » باش بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی‌شونۆیی · بەرێز پارێزگاری سلەیمانی بەم بۆنەیەوە نووسراوی ئاراستەی ئیدارە محلی کردوە بۆ تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ چاکردنو فراوان کردنی هوڵی ئامادەیی لە سلەیمانی ·

## - تیپی نواندنی سلیمانی -

● لەم هەفتەیەدا ، هونەرمەندەکانی تیپی نواندنی سلەیمانی هاتن بۆ بەغداو بەرهەمێکی نوێیان بۆ تەلەفزیونی کەرکووك تۆمار کرد بەرهەمەکە بریتی‌یە لە چیرۆکی تەمسیلی « فیلەکەی خاوەن شکۆ » لە نووسینی « سعدالله ونوس » و مامۆستا « کاوە احمد میرزا » کردویەتی بەکوردیو هونەرمەند « غازی بامەرنی » ئامادەی کردوە بۆ تەلەفزیون ·

● ئەوەی شایەنی باسە ، تیپی ناوبراو خەریکی خۆئامادە کردنە بۆ تۆمار کردنی ٦ کورتە چیرۆك بۆ تەلەفزیون ، ئەم کورتە چیرۆکانە بریتی ئەبن لە پیشاندانی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواریو بۆ مانگی رەمەزانی داهاتو بەناوی « شەوچەرەی ڕەمەزان » ەوە بلاو ئەکرێنەوە هەر لەو بابەتە چیرۆکانە ١٥ چیرۆکی تریان بۆ ئیستگەی کوردی ئامادە کردوە·

## لە دەرەوەی ستوور

**ڕێگایەکی نوێ بۆ کەم کردنەوەی « نیکوتین » لە جگەرەدا**

● پزیشکی سویسرایی « سرج توکوم » لە زانکوی لوزان ، ڕێگایەکی نوێی دۆزیوەتەوە بۆ کەم کردنەوەی « نیکۆتین » لە جگەرەدا بەبێ ئەوەی تامو بۆنی توتن بگۆڕێت ، دەزگای گشتی تەندروستی لە سویسرا ئەم ڕێگایەی تاقی‌کردۆتەوەو سەرکەوتو بوە ، ئەو ڕێگایەش پزیشکی ناو براو دایهێناوە بریتی‌یە لە وردکردنو تێکەڵ کردنی توتن بە جۆرە دەرمانێك کە - هیدروکربیر - لەناو توتنەکەدا ئەتوێنێتەوە ·

**چارە سەرێکی نوێ بۆ نەخۆشی شیرپەنجە**

هەر بەم بۆنەیەوە ، ماوەیەك لەمەوبەر شارەزاکانی خوێندنگای « باستور » لە فەرەنسا ڕێگایەکی نوێیان بۆ بەهێزکردنی بەرگری لەناو لەشی ئادەمیزاددا داهیناوە کە بتوانی خەلایای نەخشی شیر پەنجە لەناو بەرێ · ئەویش بە بەکارهێنانی میکرۆبێ کە بە « میکرۆبی زەبەل » ناسراوە ·

دیسان لە « فرانك فۆرت » شارەزایانی ئەڵەمانیا کونگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیان بەستوە ئەنجامی ئەو هەوڵو تەقەللایەی خۆیان پیشانداوە کە لەپێناوی لەناوبردنی نەخۆشی شیرپەنجەدا کردویانە بەهۆی « ئەنزیمات » ەوە لە لەشدا ·

## ئکوێراتی یادلێ

**« خوناف »**

گوتە من :

— دڤێت ، دڤێت مروڤێ سەربەست بیت ·
— ئێ ··· ما کەسێ گوتی‌یە تە : وەرە دا پێت تە گرێ بدەم ؟
— ما هەر پێ‌گرێدانە ، من دڤێت ·· بهێم ، بچم ، سەمایێ بکەم ، بفرم ···
— بەلێ ئەز دزانم ئەڤە هەیامەکە تو بوویە چەکچەکیلە ·
— تو نە ئاخڤە ، پیرەمێر
— باشە ، ما من چ گوتی‌یە ، تە دنیا ئینا ئیشتە - ئیشتێ ·
— تو دزانی ··
— ئێ
— ئەز دترسم !!
— ژ کێ ؟
— ژ تە ···!!
— ژ من ···؟!
— ئە ···
— بۆ ؟
— هەما
— ئەو چی‌یە ؟ کەس هەیە ئێك بڤێتو ژێ بترسیت !؟
— ئە ڤییانا تە ئاگرەکێ گەرمە د زڤستانا دلێ منداو ئەگەر ئەز گەلەك نزیك ببم ئەز د ترسم من بسۆژیت ·
— هەتا مروڤ نە سوژیت د ڤییانا هەر تشتەکی‌دا ، نەشێت ژبو وی کەسی ئان تشتی ، ئەمەکداربیت ··· دڤێت مروڤ بۆ هەر هیڤی‌یەکێ خو بوەستینیتو پێ نەکەت ، ناخوتو پێ ئێك بڤێت دڤێت د ئاگرێ ویدا بسوژیت ··
— ئەز نەشێمە تە ، تو ژ سەری هەتا بنێ پێیا هەر ئەزمانی ··
— دا بوتە بێژم ··
— ئێ ··
— کازانتزاکی دبێژیت : پێ لدوی من بگەریت دێ من بینیتو پێ من ببینیت ، دێ ئەز ڤیمو پێ ئەز بڤیم دێ بڤییانا من سوژیت ·· تە چ گوت ·· تو هێژتا ژ من دترسی ···
— ئە ·· نە ، ·· نە ·· ئە ·· بیچەك ·
— کرێت تو رەبەنی ·· دێ تە خوم ··
— تو ژی پیرەمێری ، کرێتو نیف ·· دێ تە فرکەم ··
— راوەستە ·· کا ···
— باشە ···

( نو هەردووك پێکڤە سۆوتن )

## چۆن « کالی » دڕندە و پیاوکوژ بۆتە هونەرمەندی کۆتایی سەدەی بیستەم ؟

## پیلانی سەرمایەداران لە وەرخاندنی

## شیرازەی کۆمەڵایەتی دا

ئاسایەیە ، لەناو کۆمەڵدا ،کەسانی وا هەڵبکەون ، کە خوڕەوشتی سەیری وایان هەبێ‌لە خەڵکی تری ئاسایان جیا بکاتەوە ، ئەو کەسانەش لەکۆمەڵێك‌دا ، کە سیستەمی پێشکەوتن خواز تیایدا فەرمان‌ڕەوابێ هەوڵی چاکردنیان ئەدرێ ، بەو ناوەی نەخۆشن ، ئەو جۆرە کەسانە کە « شاذ » یان پێ‌ئەڵێن ، لەوڵاتە سەرمایەدارەکان ، بەتایبەتی لە ئەمەریکا هەوڵی چاکردنەوەیان ، یان ئەگەر چاك نەبن ، جیا کردنەوەیان لە خەڵكو کۆمەڵ نادرێ ·

بەلاتانەوە سەیر نەبێ ، بازاری سەرمایەداران **بازرگانیەکی سەیر بەو کەسانەوە ئەکاتو لە ئەنجامیا پارەیەکی زۆریان دەس ئەکەوێ ·**

کومپانیای « کۆلومبیا » ی سینەمایی ٢٠٠ هەزار دۆلاری تەرخان کردوە بۆ پروپاگەندە کردن تا سەرنجی خەڵك بەرامبەر « شاذ »ەکان رابکێشێ ·لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەش کە لە ئەمەریکادا تەنیا بایەخ بەو کەسانە ئەدات کە خوڕەوشتی نەگونجاو سەیریان هەیە گۆڤاری « ئافتەر دارك - واتە کاتی تاریکی دایەت » و « واد فوکیت - واتە پارێزەر » ئەم دوو گۆڤارە قازانجێکی ماددی سەیر ئەکەن لەم ڕێگایەوە ·

بێجگە لەمەو ، لەهەمووی بەڵام هەروەك نەخشە کێشرا بوو چەرخە

سەیر تر ، ئێستا لە ئەمەریکا دەیان کومپانیای « قەوان » دەنگی « مولازم کالی » تۆمار ئەکاتو بە پارەیەکی زۆر ئەیفرۆشن ، بێ‌گومان « مولازم کالی » ئەو دڕندەیەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکی یەك گوندی لە ڤیتنامی خواروو لەناو بردوو کەوتە سەر بڕینو سوتاندنو کوشتنی منداڵو ژنو پیری گوندی « ما لای » ، ئەوە بوو لەکاتی خۆیدا ئەم تاوانە دەنگێکی گەورەی دایەوەو دنیای پێشکەوتن خوازو مرۆڤایەتی نارەزایی بەرامبەر بەم تاوانە دەربڕی · پەنتاگونی ئەمەریکا ناچار بوو « کالی »دا بە دادگا !



« کالی » بە نەخۆشی دەرچو ، چوە ریزی « شاذ »ەکانەوەو ئیستا قەوانەکانی گەیاندویانەتە پلەی چاکترین هونەرمەند !

**هێشتا سەیر تر لەم باسەدا ئەوەیە لە ٢٥ ئیستگە زیاتر لە ئەمەریکادا خەریکی بلاوکردنەوەی بەرنامەی تایبەتیە لەسەر « شاذ »ەکان ·**

**بەم جۆرە ، سەرمایەدارەکان لەپێناوی قازانجی خۆیاندا پیلان ئەگێرن بۆ ڕوخاندنی شیرازەی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی ئەم**

institutkurde paris